ئەن



[illegible] ـەريمي كوردستان
وةزارةتي رؤشنبيري و لاوان
بةرِيَوةبةريَتيي طشتيي رؤذنامةنووسيي و ضاث و بلآوكردنةوة
بةرِيَوةبةريَتيي ضاث و بلآوكردنةوةي سليَماني



بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی
2012



# ئەنفال، تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی

**ستارە عارف**

سليَماني
2012

ئةنفال، تاوانيَكي دذ بة مرؤظايةتي

- نووسةر: ستارة عارف
- بابةت: ليَكؤلَينةوة
- ثيتضنى: نووسةر
- هةلَةضني: كارزان عةبدولَلاَ
- نةخشةسازيي بةرط و ناوةوة: ئةكرةم محةمةد ئةمين
- سةرثةرشتياري ضاث: كارزان عةبدولَلاَ
- قةبارةي كتيَب: ½ A4
- ذمارةي لاثةرِة: 214
- زنجيرةي طشتيي كتيَب: (874)
- تيراذ: (500) دانة

بةرِيَوةبةريَتيي ضاث و بلآوكردنةوةي سليَماني
طردي ئةندازياران/ بةرامبةر رؤذنامةي كوردستاني نويَ
ذمارةي تةلةفؤن:  3180994

مردن لە ئەنفالدا مردنی تاکە کەسی نیـیە، بەڵکو مردـنی نەتەوەیە کە، کە بەبێدەنگی دەمرێت.



بەختیار عەلی

**پێشکەش:**

پێشکەشە بە هاوڕێیانی بەڕێزم، ئەوانەی هەموو کاتێك بە زەردەخەنە و نەترەی بەردەوامیان بەرەو کازیوەی نوێ هانم دەدەن.

پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی هەمیشە بیر لە جوانکردن و بوونیادنانی وڵات دەکەنەوە.

**سوپاس و پێزانین:**

زۆر سوپاس و پێزانین بۆ ئەم هاوڕێ و مامۆستا بەڕێزانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاوکارم بوون.

د. عالیە محەمەد فەرەج لە دانان و فۆرمیلەکردنی پرسیاری راپرسییەکەدا هاوکارم بوو.

د. دەرباز محەمەد ئەرکی پێداچوونەوەی باسەکەی گرتە ئەستۆ و کۆمەڵێك تێبینی زۆر باشی خستە بەردەستم.

د. ئەفرام محەمەد لە بوارە دەروونییەکەوە و پرسیارەکانی تایبەت بەو بوارە زۆر هاوکاریی کردم.

کاك زمناکۆ عەزیز هاوکاری زۆریکردم لە چۆنییەتی دەرهێنانی ئامار و داتاکانی ئەم باسە.

زۆر سوپاس بۆ هاوکاری بێستون فایەق، ئومێد ئیبراهیم لە فەرمانگەی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە کەلار، ئاری لوقمان لە چەمچەماڵ زۆر ماندوو بوون لەگەڵمدا.

عومەر محەمەد و کاك کامەران لە فەرمانگەی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە شاری سلێمانی سوپاسی هاوکارییان دەکەم.

## پێڕست


........................................................... 11

...به مرۆڤایەتی........................................ 15

بەشی یەکەم: چەمکی ئەنفال........................................ 17

بەشی دووەم: کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی تاوانی ئەنفال.............. 24

باسی یەکەم: کاریگەرییە گشتییەکان........................... 24

یەکەم: کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی دوای تاوانەکە................ 27

دووەم: بواری یاسایی تاوانەکە:................................ 29

سێیەم: کاریگەرییە دەروونییەکانی تاوانی ئەنفال.............. 33





باسی دووەم:

1- باری دەروونی ئەو کەسانەی لە ئەنفال رزگاریان بووە............. 41

2- گرفتی سەختی دەروونی ئێستای ژنان:.............................. 46

بەشی سێیەم:

باسی یەکەم: ئازارێکی هاوبەش لای کەسوکاری ئەنفالکراوان......... 49

باسی دووەم: داڕووخان "احباط"............................................ 68

باسی سێیەم: بوارە کاریگەرەکان بە گرفتی دەروونی................... 84

دەروازەی دووەم: ژیانی ئۆردووگا......................................... 97

باسی یەکەم: ژیانی ئۆردووگا تێکشکاندنێکی نوێی کەسێتی کوردە.. 97

باسی دووەم:

هەڵتەکاندنی بواری کۆمەڵایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان .......... 104

باسی سێیەم: هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی تاوانی............. 109

یەکەم: بۆچی ئەنفال وەك جینۆساید نەناسێنرا؟..................... 109

دووەم: جۆرەکانی جینۆساید:............................................. 110

سێیەم:

ئەنفال وەك دوا هەوڵی رژێم بۆ راگواستن و ............................ 114

چوارەم: چۆن ئیرادەی ژیانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە؟..................... 117

پێنجەم: دەکرا ئەنفال روونەدایە؟.......................................... 120

شەشەم: هۆلۆکۆست و ئەنفال............................................ 124

دەروازەی سێیەم:

لایەنی مەیدانی باسەکە ...................................................... 133

دەرەنجام.................................................................... 185

پێشنیار ..................................................................... 189

چەند نەخشەیەكی پرۆسەی ئەنفال............................... 191
چەند وێنەیەكی ئەنفالكراوەكان................................ 195
سەرچاوەكان.......................................................... 203

انێكی مرۆیی، كە لە ساڵی 1988دا ئەنجامدرا و بە چڕی لە گەرمیان رەنگی داكوتا، دەرەنجامی كۆمەڵێك رەهەندی كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژی و سیاسی و ئابووری رژێمی دیكتاتۆری عێراق بوو، ئەوەی ویستوومە لەم توێژینەوەیەدا تیشكی بخەمە سەر، داهاتووی كەسوكاری ئەنفالكراوان و دیاردەكانی تایبەت بەوانە لە رێگەی ئامار و داتاوە، چونكە



ئەوە ئاشكرایە، كە ئەنفال بەشێك و برینێكی قوڵە لە رابردووو وئێستا و داهاتووشماندا.
بەختیار عەلی، دەڵێت: "ئەنفال تەنیا رابردووو نا، بەڵكو لە ئێستاشماندایە"، كەواتە لە ئێستا و داهاتوودا دەبێت چییان بۆ بكرێت و تا چەند پێویستییە هەنووكەیی و دەروونییەكانیان دیاریكراون؟، یان بۆچی ساڵانە كە كەسوكاری ئەنفالكراوان لەگەڵ بیرهێنانەوەی 4/14دا، زامەكانیان بە ژان دێنەوە لە شوێنی سارێژ بوون؟ لەم نووسینەدا هەوڵمداوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە.
ئەگەر بەگوێرەی باری ئێستایان و ئەو ئامارانەی بەردەستمان بێت، رەوشی كەسوكاری ئەنفالكراوان بەم شێوەیە بمێنێتەوە و چارەسەری هەنووكەییان بۆ نەكرێت و خەمخۆریی دڵسۆز و شارەزایان نەبێت، پێدەچێت لە نەستی نەوەكانی داهاتوویاندا جۆرێك لە نائومێدیی لە هەر بوارێكدا باڵیان بەسەردا بكێشێت، چونكە گرنگی پێویستیان پێ نەدراوە، هەر چەندە لە ئێستادا تارادەیەكی زۆر ئەم خەسڵەتانە دەبینرێن و نیشانەكانی بە روونی دیارن.
لەناو سەرتاپای تاكی ئەم هەرێمەدا جۆرێك لە پەشیمانی و كاڵبوونەوەی ئینتیما دروستبووە، بە هۆكارە هەمەجۆرەكانی رامیاری و سیستمی بەڕێوەبردنەوە، چ جای ئەوەی كەسوكاری ئەنفالكراوان، كە ئازارەكانیان قوڵترن و هەمیشە لە چاوەڕوانی بەردەوامدان و كەم كەس بە هانای سۆز و دەروونیانەوە چووە.
ئەوەی سەرنجی راكێشام ئەوە بوو، گەنجەكانی دوای تاوانی ئەنفال لەناو پرۆسەكەدا نەژیاون، بەڵام دەرەنجامی تاوانەكە، كە لە سیما و ناخی نەوەكانی پێش خۆیاندا چەسپیون و رەنگیداوەتەوە، بە هەمان جۆر بە سیمای

ئەوانیشەوە شتێك خۆی دەرخستووە، کە پێی دەوترێت بێ هیوایی و باوەڕ بەخۆنەکردن، خۆ ئەگەر کاری ئەرێنی لەسەر نەکرێت، مەترسیدارە.
چاوەڕوانیی حاڵەتێکی دەروونییە، کە ئەوان تێیدا دەژین، هەرچەندە لای تاکی کورد بە گشتی ڕەنگیداوەتەوە، لەبەرئەوەی بە کۆمەڵێك ڕەوشی سەختدا تێپەڕیون، بەڵام بە ئاستی جیاواز و وەك دەرەنجامێکی ئەو ستەمە زۆرەی ڕژێم دەرهەق بە کورد ئەنجامیداوە، وە لێ ئەنفال لای کەسوکاریان تاڕادەیەك پەیوەندییەکانیانی شێواندووە و لە چاوەڕوانیدا بەجێی هێشتوون، ئەم چاوەڕوانییەش لای ژنان بووەتە هەتاهەتایی و گەلێك گرفتی بۆ دروستکردوون.
هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیەش خاڵیی نابێت لە کەموکوڕیی و هەڵە و شایەنی ڕەخنەلێگرتنە، بەڵام تا ڕادەیەك بەدوا پێویستی و گرفت و تەنگەژەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوانمان ئاشنا دەکات، بە هیوام توانیبێتم سوودێکم گەیاندبێت.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفالە، لەسەر باری دەروونیی کەسوکاری ئەنفالکراوان، لە ناویشیاندا ژنان بە تایبەتی، دەرخستنی چۆنییەتی گوزەران و خواست و ڕەفتاریان لە ئێستادا و نیشاندانی چۆن و چەندێتی سەختی باری ژیانیان و ئەو ئازار و زەحمەتییانەی ڕۆژانە لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و گوزەران و لە لایەکی تریشەوە لە سەر ئینتمای نەتەوەییان بەرەوڕوویان دەبێتەوە، یەکێك لە ئامانجەکانی ڕژێم لە



ئەنفالدا سڕینەوە و لەناوبردنی هەموو ئەم تایبەتمەندی و بەها گرنگانە بوو، لای تاکی کورد و گوێزانەوەی کەلتوورێك بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.
ئەم توێژینەوەیە تاکە سەرچاوە نییە، بەڵکو لە رابردوووشدا توێژینەوەی گرنگ تا رادەیەك لەم بوارانەدا هەبوون، بەڵام هەرچەندە توێژینەوە لەم رووەوە ئەنجامبدرێت و کێشەی ئەو کەسانەی دوای تاوانی ئەنفال بخرێتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار، بە مەبەستی بەهاناوە چوونیان هێشتا هەر کەمە و پێویستە.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تا ئاستێك جۆری ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر بە کەسانی پاش تاوانەکەمان نیشاندەدات، بە تایبەتی لە ئێستادا، کە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو تاوانەدا تێپەڕیوە، بۆیە گرنگە لەم قۆناغەدا باری ژیانیان بزانرێت و زانینی تا چەند کاریگەری ئەو توندوتیژییانە لەسەریان ماوە و تا چ ئاستێك خەمەکانیان ڕەویونەتەوە؟، بۆ کار لەسەرکردن و بەرەو چاککردنیان.

**کێشەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە کێشەی کەسوکاری ئەنفالکراوانمان بۆ ڕووندەکاتەوە و چارەسەری نا، بەڵکو تا ئاستێك بەرچاو ڕوونی دەدات، بۆ هەنگاونان ڕووە و چارەسەری، ئەگەر نیەتی چاکسازی و کاری جیدی لە ئاستی سیاسی و حکومیدا، بۆ کەسوکاری دوای تاوانەکە هەبێت، تاڕادەیەکی زۆر لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە گرفتە دەروونییەکان لای کەسوکاری ئەنفالکراوان

دیاری بکەین، بە پلەی یەکەم گرفتی خەمۆکی، کە زۆر تر لەدوای تاوانی مرۆیی و جەنگ یان کارەسات و رووداوی قورسەوە لای تاك روودەدات.



**دەروازەی یەکەم:**

**ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی**

**بەشی یەکەم: چەمکی ئەنفال**

**بەشی دووەم: کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی تاوانی ئەنفال**

**باسی یەکەم: کاریگەرییە گشتییەکان**

**یەکەم: کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی دوای تاوانەکە:**

**دووەم: بواری یاسایی تاوانەکە:**

**سێیەم: کاریگەرییە دەروونییەکانی تاوانی ئەنفال**

**باسی دووەم:**

**1- باری دەروونی ئەو کەسانەی لە ئەنفال رزگاریان بووە**

**2- گرفتی سەختی دەروونی ئێستای ژنان:**

**بەشی سێیەم:**

**باسی یەکەم: ئازارێکی هاوبەش لای کەسوکاری ئەنفالکراوان**

**باسی دووەم: داڕووخان "احباط".**

**باسی سێیەم: بوارە کاریگەرەکان بە گرفتی دەروونی**

**دەروازەی یەکەم:**



**ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی**

**بەشی یەکەم: چەمکی ئەنفال**

### 1- پێناسەی چەمکی ئەنفال

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە کۆی وشەی "نفل"ە، کە بە واتای "غنیمە" دێت، نفل بەشێوەیەکی گشتی لە دوو رووەوە سەیر دەکرێت:

ا- لەڕووی زمانەوانییەوە: دەستکەوت و غەنیمەتە لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام عەرەبەکان وشەی ئەنفالیان بە واتای تالانی جەنگ بەکارهێناوە، مەبەستیش لە جەنگ شەڕکردن و شکاندنی دوژمن و گرتنی دیل و دەستخستنی سامان و ماڵ بووە.

ب- لەڕووی زاراوەییەوە: ئەنفال واتای زیادەی دەستکەوت دەگەیەنێت، واتە ئەو دەستکەوت و ماڵ و سامانەی، کە بە شەڕ لە هاوبەش پەیداکەرانەوە دەسەندرێت، لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا ئەنفال بێجگە لە سامان و ماڵ و چەك و دارایی ئافرەتیشی گرتووەتەوە[1].

ئەنفال بریتییە لە بەخشینی ئەو ماڵ و سامانە کۆکراوانە بە هەندێك لە سەرباز و جەنگاوەران و دیل و کەسانی دەستگیرکراویش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان روویدا، کۆکردنەوە و بزر و سەرنگومکردنی یەکجاریی مرۆڤ بوو.

1- یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام، رەهەندەکانی، چەمکی ئەنفال، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، 2001، ل25.

زۆربەی هەرە زۆری قوربانییەکان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەنفالدا، خەڵکی مەدەنی گوندنشینی هەژار و بێ چەك بوون، وەك هەموو ئەو ژن و منداڵ و گەنجە بێ چەکانەی لە دێهاتەکانی کوردستاندا بە گشتی و گەرمیاندا بەتایبەتی دەستگیر کران[٢].

## 2- قۆناغەکانی ئەنفال:

رۆژی 1988/2/22 پەلامارەکانی سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا، لە دۆڵی جافایەتی و مەرگە روویدا، هێرشکرایە سەر دۆڵی جافایەتی و ئەم هێرشەیان ناونا ئەنفالی یەك، راگواستنی دێهاتەکان ژن و پیاو و منداڵی گشتی گرتەوە.

لە کۆتەڵەوە بۆ سورداش، قەرەچەتان، لە سوسێوە بۆ کلکەی پیرە مەگروون، هۆمەر قەوم، شەدەڵە، دابان، هەلاج، سەرگەڵو، هەڵەدن، یاخ سەمەر پرۆسەکە بەردەوام بوو.

لە کانی ساردی لای دوکانەوە بۆ قەمچوغە و بۆ شاخی سارا، سەرمۆرد، قەرەسرد و هاژەڵە، قەڵەم پاشا، کلاوسپی و قەرەنگوێ.

لە هەنارانەوە بۆ کانی گۆران، پیرکە، قزلەر، لوتکەی چایەر، کونەکۆتر.

لە باڵخەوە بۆ گاپیلۆن، ولاغ لو، گۆجار، گەرەدێ، شاخی خەجە لەرزۆك.

2- عومەر محەمەد، ئەنفالی گەرمیان سیاسەتێك و دوو ئامانج، لێکۆڵینەوە، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2010، ل47.



لە بنگردەوە بۆ کوێرەکان، سیدەر، دۆڵەبی، هەنجیرە، شارستێن، مەرگە، ئاوەژێ، سیروان، کانی توو رویاندا[٣].

ئەنفالی دووەم بۆ قەرەداغ بووە، لە رۆژی 1988/3/22 هەتا 1988/4/1.

ئەنفالی سێیەم هەموو گەرمیانی گرتەوە، کە لە 4/7 بۆ 1988/4/20 بوو، پەلاماری گەرمیان ئەم ناوچانەی گرتەوە "چەمچەماڵ، سەنگاو، لەیلان، قادر کەرەم، نەوجول، دووز خورماتوو، کفری، کەلار، سەرقەڵا، جەبارە، باوە نوور، تیلەکۆ، دەربەندیخان".

ئەنفالی چوار لە 1988/4/20-1988/5/5، لە سنووری عەسکەر و گۆپتەپە، ناوچەکانی "ئاغجەلەر، چەمی رێزان، دەشتی کۆیە، تەق تەق و قەرەهەنجیر" بوون، بۆ ئەوەی سەرتاپای ئەو ناوچانە ئەنفال بکات، کیمیابارانی "گۆپتەپە، عەسکەر، مایلە و سەرچی، شێخان، کەڵەشێرە، چەمی رێزان و قۆچەبلاخ و زەرزێ"ی کرد[٤].

ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت، ناوچەکانی رەواندوز و شەقلاوەی گرتەوە، لە 1988/5/24-1988/8/31، هێرش بۆ سەر ناوچەکانی "قەڵاتوکان و رەزگە و ساتێ و سپیلکی رەواندوز، شاخی ئارموشە و بنە کاول و هەندرێن و زینی سەران، دۆڵی ئاکۆیان، کێلێ، دەرگەلە، سەرو چاوە، وەرتێ، شاخی

3 - عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، رەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2009، ل14.

4 - هەمان سەرچاوە، ل16.

هەلەموند و گەرووی مەنجەڵ و چیای بێ ترخێن و زیارەت و کەپکی حە مەد ئاغا، کێل کێل، بەنی هەریر و گوندی فەقیان، گەرەوان، دەستی پێکرد.

ئەنفال بە 8 قۆناغ لە 1988/2/22 تا 1988/9/6 بەردەوام بوو، زۆربەی دێهات و ناوچەکانی کوردستانی بە هەموو کایەکانی تەندرو ستی و ئاینی و ئابووری و پەروەردەیی و کلتووری و جوگرافی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری گرتەوە، ئەنفال گەلێك دەڤەری کورد ستانی گرتەوە، بەڵام ئەم تراژیدیایە زیاتر بە جەستەی گەرمیاندا شۆڕ بووەوە[5].

ئەنفالی کۆتایی ناوچەکانی بادینان دەگرێتەوە و دەوروبەری ناوچەکانی "دهۆك و زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێ و شێخان ی گرتەوە، لە 1988/8/25 وە تا 6ی ئەیلوولی هەمان ساڵی خایاند[6].

پرۆسەی جێبەجێکردنی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال، کارێکی هەروا رێکەوت و کتوپڕ نەبو، بەڵکو پێشتر چەندین کۆبوونەوە و پیلان و بەرنامە رێژی بۆ کرابوو، کردەیەك بو بە مەبەستی تەعریب و پاکتاوی نەژادی و قڕکردنی مرۆڤی کورد، لە سەرانسەری کوردستان بە گشتی و پارێزگای کەرکوك بە تایبەتی ئەنجامدرا[7].

## 3- ئەنفال زامێکی بەردەوامە:

5 - هەمان سەرچاوە، لا17.

6 - جاسم محەمەد، ئەنفالی گەرمیان رەهەندە دیموگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی، 2002، ل28.

7 - مەلا شاخی، ئەنفالی رەش، کەرکووك، چاپی یەکەم، 2007، ل15.



لە بەر رۆشنایی بەڵگەنامەکانی رژێم روون دەبێتەوە، کە سوپای هێزی شبەری عێراق بۆ سەر ناوچە گوندنشینە کوردییەکان لەنێوان شوبات و ئەیلوولی 1988دا، سەرجەم بنەماکانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەمەڕ قەدەغەکردنی قڕکردنی بە کۆمەڵ "جینۆساید" بە زەقترین شێوە پێشێلیکردوون[8].

هەر لەکوشتنی بێ دادگاییکردن و کوشتنی بە کۆمەڵ و دەستبەسەرکردنی ژن و منداڵ و پیر و گوێزانەوەیان بۆ زیندان و ئەشکەنجەکردنی دەروونی و جەستەیی بە دڕندانەترین شێوە و بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و لەناوبردن و پاشان جێگیرکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و ئازاردانیان.

هەرچەندە باس لە تاوانی ئەنفال بکەین ناتوانین ئەو داکەوتە تاڵە لەبیر بکەین و باز بدەین بەسەریدا، کە تا ئێستا ئێمە ئەو راستییەمان یەکلایی نەکردووەتەوە و بەو ئەندازەیە لە ئاستەکانی سیاسی و نێودەوڵەتی و یاساییدا کارمان بۆ نەکردووە، کە ئەنفال تاوانێکی مرۆییە و ناکرێت بە ئاسانی تێیپەڕێنین، ناکرێت بەرژەوەندییە کاتی و سیاسییەکانی حیزب توانای تێپەڕاندن و سڕینەوەی بێ بیرکردنەوە و پلانی ئەم تاوانەی هەبێت، کە دەکرا خواست و هەنگاوەکانمان لە سایەی ئەم زامە سەختەدا پتەو و بەهێز بوونایە و وەك نەتەوە گردی بکردینایەتەوە، چونکە لە ماوەی 20 ساڵ حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردییدا ئەو راستییە بە ئاشکرا دەرکەوت، ئەم سیستمە نە توانای مانا پێبەخشین و لێکدانەوەی تاوانەکەی هەیە، نە بەرنامەی داهاتووشی بۆی

8- زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعسدا، چاپی دووەم، سلێمانی 2004، ل17.

هەیە، بۆیە رۆژانە تراژیدیا دووبارە دەکەنەوە و زەهنیەتی تراژیدیا دەئافرێنن، لە جیاتی چارەسەری و گەڕاندنەوەی باری دەروونی ئەم کەسانە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان و خەون بینینیان بە ئایندەوە.
ئەنفال رابردووو نییە، بە قەد ئەوەی تا زهنیەتی تراژیدیا مابێت، لە پێش هەموو کەسێکمانەوەیە رۆژێك لە رۆژەکان دووبارە دەبێتەوە[9].
کەواتە ئەو رەوشەی ئەمڕۆ سەبارەت بە گەلی کوردی با شوور و کە سوکاری ئەنفالکراوەکان دەگوزەرێت، هەر ئەنفالە و هێشتا ئەنفال کۆتایی نەهاتووە، چونکە دەروونیان هێشتا لە خەم جمەی دێت و ئەنفال نەبووە بە سەردەمێکی مێژوویی لە خەباتی نەتەوەیی کورد، لە بەرامبەر خۆڕاگری و تە سلیم نەبوونی گەلێك و وەرچەرخاندنی ئەم تاوانە مرۆییە بە قازانجی دۆزی نەتەوەی کورد.
خراپی ژیانی رۆژانەیان و شوێن و جوگرافیا و سارێژ نەبوونی برین و دەروونیان و پەراوێز خستنیان، کۆ نەکردنەوەی گەلێك بە ناوی کوردەوە لە دەوری دۆزێك، کە ئەنفالە و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەڵگەی ئەوەن، کە خاوەنە راستەقینەکەی ئەم تاوانە نەیتوانیوە هەست و ناسنامەی گەلەکەی لەم سایەیەوە بناسێنێت و هێزی پێ ببەخشێت.
کە ئاوڕ لە رابردووی خۆمان دەدەینەوە دەنگی ستەم و شەهیدەکانمان دیێت، کە بۆ داهاتووش دەڕوانین هەر خێڵی حیزب و جەهلە بەدوامانەوە دیێت، کەواتە سیستمی زمانی و عەقڵی و ئاستی رۆحی ئەنفال جارێکی تر

9- بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن، گۆڤاری رەهەند، ژ 7، سلێمانی، 1999، نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بلاویکردووەتەوە، ل218.



گریانێکی بە سوێی پێ بەخشین، کە زۆر ترسناکترە لە کوشتنی جەستە، گریانی پاشماوەکانی ئەنفال و نەوەکانی ئەمڕۆ، گریانە بۆ ئەوانەی لە داهاتوودا دێن و شەڕی ژیان دەکەن، ئەوانەی هەموو رۆژێك دەکوژرێن و زیندوو دەکرێنەوە و بە مردوویی بە پێوەن[10].
بەگوێرەی ئەو ئامارەی لە ناوچەی گەرمیان لەبارەی رەوشی کەسوکاری ئەنفالکراوان ئەنجامنداوە، سەبارەت بە پرسیاری حکومەت تا چەند گرنگی پێداون.
هاتووە لە 40.5٪ی بەشداربووان لە هەردوو رەگەز پێیانوایە حکومەت گرنگی پێ نەداون.
بڕوانە خشتەی ژمارە (24)

## بەشی دووەم: کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی تاوانی ئەنفال

10- حسێن سۆران، ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2010، ل23.

## باسی یەکەم: کاریگەرییە گشتییەکان

تاوانی ئەنفال، کە هاوشێوەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید ناسێنراوە، یەکێکە لەو زامە قوڵانەی بەرامبەر بە سڕینەوەی نەتەوەیەك ئەنجامدرا، هێشتنەوەی کاریگەرییە نەرێنی و دەروونییەکانی لای تاکی کورد بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەلایەن ڕژێمی ستەمکارەوە بەرنامەی بۆ دارێژراو بووە، لە ئێستادا کاریگەرییەکی تاوانی ئەنفال دروستکردنی کێشەی ناسنامەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو لەدوای تاوانەکەوە و ئافراندنی ئەو بارە قورسە دەروونییە لە شێوەی بزاوتنی ناسرووشتی ئەوەی کە ناتوانن ئاسایی وەڵامەکانیان بگەیەنن و گوزارشت بکەن.

ئەوان چاوەڕوانی سەرتاپای ژیانیانی داگرتووە، یەکێك لە قوربانییانی دوای تاوانەکە ژنێکی کەسوکاری ئەنفالە لە گوندی کۆڕمۆر سەر بە ناحیەی قادر کەرەم، وتی 22 ساڵە بلوزی برا ئەنفالکراوەکەمم هەڵگرتووە و هەر چاوەڕێم بەڵکو بگەڕێتەوە، ئەم تاوانە، کە جینۆسایدە کۆمەڵێك کێشە و قەیرانی دەروونی بێجگە لە هەموو قەیرانەکانی تری کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی بۆ دروستکردوون.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەکان لە ساڵی 1946دا، لە سەر پێشنیاری چەند وڵاتێك بڕیارێکی دەرکرد، تێیدا هاتووە جینۆساید تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و نکۆڵیکردنی بوون و ژیانی تەواوی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتییە، لە ساڵی 1948دا بڕیاری لەسەر درا بۆ ئەوەی بەپێی بەندی سێزدەیەمین



دوای واژۆکردن و بڕوا پێدانی دەوڵەتان، لە 12ی کانوونی دووەمی 1951دا جێبەجێ بکرێت[11].

بەم پێیە ئەنفال جینۆسایدکردنی گەلێکە، کە کاریگەرییەکانی گەلێك قوڵ و مەرگەساتبارن و هێزی گوزارشت لێکردنی کەمە، پێویستیان بەوەیە لە خەمەکانیاندا هاوبەش بین و گرنگیان پێ بدرێت.

لە بەسەرهاتی شێتبوونی بێستوندا هاتووە، ئەو کاتەی هەواڵی بێستوون بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکانی دە چێت، دەڵێن بەتەمایە کۆمەڵێك پێشمەرگە بکوژێت، دەچن و لە بێستون دەپرسن بۆچی بە تەمای کارێکی وایە؟، بێستون بە گریانەوە دەڵێت:

لەم شەوانەدا لە خاڵخاڵانەوە بەناو هێزەکانی دوژمندا دزەم کرد، شەوەکەی مانگە شەو بو لەبەر تریفەی مانگەکەدا تەرمی خێزانەکەم و منداڵەکەم و دراوسێکانم لە پاڵ ڕەزێکی هەڵکڕووزاودا دۆزییەوە، هەموو بە دەوروپشتییەکەوە دەتگوت خەویان لێکەوتووە، چەند بانگم کردن چەند گریام، چەند پاڕامەوە، کەسێکیان وەڵامیان نەدامەوە، هەموویان بە چەکی کیمیایی شەهیدبوون، کەچی ئەم هەڤاڵانە "مەبەستی لە پێشمەرگەکانی هاوڕێیەتی" دەڵێی نە بایان دیوە و نە باران هیچ شەرم ناکەن، هیچ حیسابێك بۆ دڵی من ناکەن گۆرانی دەڵێن[12].

---

11- د.مارف عومەرگوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، چاپی دووەم، 2003، ل35.

12- ئەبو بەکر محەمەد حاجی"مەلا شاخی"، ئەنفالی خاڵخاڵان، بەڵگەنامە و ئامار و بیرەوەری ئەنفالی چوار، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2001، ل22.

واتە هاوخەمی و خەم بەشنەکردنی هەموو کورد لە رۆژی 4/14دا، ئاوا کاریگەرییەك لە دەروونی هەر کە سێکیاندا بەجیدەهێڵێت، لە ساڵی 2009دا، کە یادی ئەنفالکردنی ناوچەی گۆپتەپە تەنیا لە ناوچەکەی خۆیان دەکرایەوە، هەرگیز یادی ئەنفال و کیمیابارانکردنی ئەم ناو چانە، وەك کورد لەم هەرێمەدا پێکەوە و بە یەك هەستی نەتەوەیی نەکراوەتەوە، بەڵکو هەر ناوچە تاوانەکە کراوە بە موڵکی خۆی و خۆیان بە تەنیا یادیانکردووەتەوە، بەڵام لەکاتی ئەو یادەی گۆپتەپەدا لە یەکێك لە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین، ئاهەنگی دەرچوونیان دەگێڕا و هەڵدەپەڕین، لە گۆپتەپەش شین بوو، ئەم نا هاوبەشییە لە خەم و ماتەمەکانماندا برینی کەسوکاری ئەنفالکراوان و کیمیاباران هێندەی تر پڕ سوێ دەکات، چونکە هەست بە نامۆیی دەکەن.

لەگەڵ ئەمانەشدا رۆژی 4/14 رۆژێکە، کە ناخی خۆیانی تیدا خاڵی بکەنەوە و تارادەیەك خەمیان دەرەوێنێتەوە، بۆیە بەپێی ئاماری بەدەستمان هێناوە لە راپرسییەکەدا.

لە بارەی پرسیاری پێت باشە ساڵانە یادی 4/14 بکرێتەوە؟ دەرکەوتووە:

رێژەی لە 13.3%ی هەردوو رەگەز پێیان باشە یادی نەکرێتەوە.

رێژەی لە 71.4%ی بەشداربووان دەڵێن یادی بکرێتەوە.

رێژەی لە15.1%ی بەشداربووانیش گرنگ نییە بە لایانەوە یادی بکرێتەوە یان نا.

زۆرترین رێژە لە 71.4% -ە، کە پێیان باشە یادی ئەنفال بکرێتەوە، لەبەرئەوەی رۆژێکی گشتییە و گریان و ئازارەکانیان پێکەوە بەش دەکەن.

بڕوانە خشتەی ژمارە (20)



## یەکەم: کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی دوای تاوانەکە:

ئەنفال رەنگدانەوەی نەرێنی لە سەر تاکی کورد کردووە و دڵنیایی شێواندووە، جۆرەها باری دەروونی خراپی وەك بێ هیوایی و خەمساردی و هەڵچوونی دەروونی، کە بۆ ماوە درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە، هەر لە دەروونی ئەوانەدا نا، کە تاوانەکەیان بینیوە، بەڵکو لە دەروونی ئەوانەشدا، کە دوای پرۆسەکە لەدایکبوون، کاریگەری لە سەر چۆنییەتی بیرکردنەوەشیان بە شێوەیەکی سرووشتی و هاوسەنگی کردەی مێشك و ئەرکەکانی رۆژانەیان کردووە، هەرچەندە زۆرینەی گەنجی دوای ئەم تاوانانە تا ئێستا ئاشنا نین بەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کورد لەم پارچەیەدا ئەنجامدراوە، بەڵام لەناو خێزانەکانیاندا بەتایبەتی کە سوکاری ئەنفالکراوان تا رادەیەك هەستی پێدەکەن.

ژنێك گێڕایەوە لەگەڵ زۆر ژنی بە تەمەنی تردا خرابوومە یەك ژوورەوە، من تەنها ژنی گەنج بووم لەوێ، زۆر دەترسام، بۆیە بە سەرپۆشەکەم دەمو چاوم دادەپۆشی، نەمدەویست هیچ کەسێ ببینم، بۆ ماوەی دو رۆژ لەو شوێنە هێڵراینەوە، دەمتوانی لە پەنجەرەکانەوە سەربازەکان ببینم، کە چاوی پیاوەکانیان دەبەستەوە و لێیان دەدان، پاش دوو رۆژ پاسێکی سەربازی هات و ژنە بە تەمەنەکانی برد بۆ چەمچەماڵ، لەوێش دوور لە ماڵەکانیان و بێ هیچ خواردنێك لەناو شەقامەکاندا جێهێڵران[13].

13- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە جەمال میرزا عەزیز، عێراق و تاوانی جینۆساید، شالاوی ئەنفال دژی کورد، رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەرلین، چاپی یەکەم، 2000، ل124.

ئەو ژنانەی لەناو پرۆسەکەدا بوون و هەرگیز بیریان ناچێتەوە چیان بە سەردا هاتووە، تاوانەکەیان دەگێڕنەوە و گەنجەکانیشیان بە دیاریانەوە دادەنیشن و تەنیا گوێ دەگرن و خەم و کوڕووزانەوەی دایک و کەسەکانیان و بێ هیوابوونیان لە ئازیزەکانیان ئەوانیش دەگرینن و بێ ئەوەی هیچ شتێکیان لە دەست بێت و تەنیا خەم بۆ لاوانیشیان دەمێنێتەوە.

بەپێی تیۆری ئەبراهام ماسلۆ کاتێک پێداویستییە فیزیاییەکان ناگەنە ئاستی پێویست لە تێربوون، گەشەی دەروونیش رادەوەستێت، ترس لە دەرەنجامی تاوانەکە لای ئەوان زۆر بە هێزە، بۆیە هەست بە دڵنیایی ناکەن، ئەگەر ئەم پێداویستییانە پڕ نەکرێنەوە باری دڵنیاییش، کە لە قۆناغی دووەمی هەرەمەکەدایە لە گەشەکردن رادەوەستێت[14].

لە بنەڕەتدا گەشەی دڵنیایی و هەستکردن بە متمانە لە کاتی روودانی تاوانەکەوە لای ئەوان بەپێی سەر چاوەکان لاواز بووە، بەم پێیە گەشەی کۆمەڵگەی ئەنفالکراوەکان، لە قۆناغی یەکەمی هەرەمی پێداویستییە دەروونییەکان رادەوەستێت و بە شێوەی نا ئارامی و گرێی دەروونی دەمێننەوە.

گرژیی و کاردانەوەی باری دەروونی لە سەر حاڵەتی جەستەییشیان رەنگیداوەتەوە، حاڵەتی ترس لە داگیرکاری و پەلامار و هەژاری، خۆپاراستن و هەوڵی خۆدوورگرتن لەو کاریگەرییانە و خەمگینی ئەو هۆکارانەن، کە ئازاریان دەدات.

14- الدكتور عبدالمنعم الحنفى، موسوعة الطب النفسي، المجلد الرابع، الطبعة الاولى، 2005، ص223.



تاوانی دژی مرۆڤایەتی هاوشانی تاوانی جەنگ و دژی ئاشتییە تاوانی نێونەتەوەیی دەژمێردرێن، بۆیە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا زۆر بە گرنگییەوە جەخت لەسەر قەدەغەکردن و سزادانی تاوانبارانی کراوەتەوە[15].

**لە دەرئەنجامی پرسیاری، ئایا هەست بە دڵتەنگی دەکەیت؟**

لەناو ئەو نۆ پرسیارە دەروونییەی لە راپرسییە مەیدانییەکەدا ئاراستەمان کردن دەرکەوتووە، رێژەکە لەناو رەگەزی ژناندا زیاترە و لە 95.5%ی ژنان هەست بە دڵتەنگی دەکەن، هەڵبەتە دڵتەنگی لای هەموو مرۆڤێک هەیە، بەڵام لای کەسوکاری ئەنفالکراوان ئاستەکەی زۆرترە.

رێژەی لە 80.3%ی پیاوانی کەسوکاری ئەنفالکراوانیش هەست بە دڵتەنگی دەکەن.

کۆی گشتی هەردوو رەگەز، کە هەست بە دڵتەنگی دەکەن لە 86.6%ی پێکهێناوە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9) بڕگەی یەکەم.

**دووەم: بواری یاسایی تاوانەکە:**

لە پێشەکی دەستووری یوئێندا هاتووە، کە بۆ سازدانی رەوشێکی لەبار بۆ دابینکردنی داد پەروەری و رێز گرتنی ئەو ئەرکانەی لە پەیماننامە و سەرچاوەکانی تری یاسایی نێودەوڵەتانەوە دێنە ئاراوە، دەبێت کار بۆ

15- تاليف سيجموند فرويد، ترجمة فارس ضاهر نظرة عامة في السيكولوجيا العلمية، لبنان، طبعة الاولي، 1976، ص99.

بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی ئاستی ژیان لە بارودۆخێکی زیاتر ئازادانەدا بکرێت[16].

لە بەر رۆشنایی ئەم پرەنسیپەدا گەلی کورد دەبێت ئەو مافانەی خۆی بەجێ بگەیەنێت، کە یەکسان بن لەگەڵ گەلانی تر، بەڵام لە ئەنجامی سیاسەتی ڕێگەگرتن و تەگەرە خستنە بەر لەلایەن وڵاتە داگیرکەکانەوە، ئەو مافە زەوتکراوە ئەگەرچی خەسڵەتی تایبەتی مافی مرۆڤ، ئەرکە لە ئەستۆی وڵاتاندا، کە ڕێزی لێبگرن بە حوکمی ئەو ئەرکەش، کە پابەندن پێوەی، هەر خۆ دزینەوەیەکیش لەو پابەندییە بەرپرسیارێتی بۆ دەوڵەت دێنێتە ئاراوە[17].

لە کاتێکدا ئەو تاوانە دژە مرۆییەی بەرامبەر بە کورد کراوە و مەسەلەکەی گەیاندووەتە ئەو ئاستەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بیگرێتەوە، بێجگە لە هەموو ئەو تاوانانەی بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و دژە جینۆساید قەدەغەکراون و سزای قورسیان هەیە، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراون، کە دەبوایە کورد وەك ئەو دەسەڵاتە خۆماڵییەی ئێستا هەیە، لە پاش راپەڕینەوە کاری لەسەر بکردایە و ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەیان لە قازانجی دۆزەکەدا بقۆستایەتەوە، بە مەبەستی راگرتن و قایمکردنی پێگەی ناسیۆنالیزمی کوردی.

16- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی چاپی دووەم، 2003، ل127.

17- الحملە العالمیە لحقوق الانسان، حقوق شعوب السکان الاصلیین، صحیفە وقائع العدد9، مرکز حقوق الانسان جنیف، 1990، ص7.



ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوە و گوتارێکی سیاسی بریتییە لە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی بە مەبەستی بە دەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس خۆبەدەستی، خۆ و سەربەخۆیی، کە بە زمانی خەڵکێك و بە ناوی خەڵکێکەوە قسە دەکات، ئەندامانی ئەو گرووپەش ئەو نەتەوەیەش لەو دیدەوە مامەڵە لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە ئەم گوتارە دەکەن، کە لە دوا چاردا مافی ناساندنیان وەك نەتەوە مسۆگەر دەکات[18].

هەڵبەتە بوونی دۆزێك یان تاوانێك بەشێوەی هۆڵۆکۆست، برینێك کە دەبێت هەوڵی ساڕێژکردنی بدرێت، لەسەر ئاستی سیاسیش بەکارهێنانی برین یان تاوانەکەیە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوت و قایمکردنی پێگەی نەتەوەیی، کە مەبەستی ناسیۆنالیزمیش ئەمەیە، بەم جۆرە ئەو برینە تارادەیەکی باش ساڕێژ دەبێت، ئەمە پێویست بوو لەگەڵ تاوانەکانی وەك ئەنفال بۆ کورد بکردایە، کە نەکراوە عەیب و تاوانێکی ترە لە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردییدا.

بۆیە تاك لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی نەرێنییەوە دووچاری شڵەژانی دەروونی دەبێتەوە، ئەم گرفتە دەروونیانە کاریگەرییان لەسەر رەفتاری کەسێتی تاك هەیە و بەشێوەی دوو دڵی و هەڵچوون لە میزاجدا دەناسرێت، بە کورتی رەوشی دەروونی تاك دووچاری گرفت دەبێتەوە و کاریگەری لەسەر ئینتماشی دەکات[19].

18- فاروق رەفیق، ناسیۆنالیزم، کوردایەتی بەرەو پارادایمی نوێ، گۆڤاری رەهەند، ژ2، سلێمانی 1997، نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی دەریکردووە، ل7.

19- د. وهبیة شوکت محمد، العوامل النفسیة في جنوح الاحداث، بغداد، ط1، 1990، ل112.

**گرنگە حکومەت خۆی بە بەرپرسیاری یەکەم لەم بارەیەوە بزانێت و وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بە دوای گرفتەکانیان بڕۆن و نەهێڵن تاکەکان بڕوایان کاڵ بێتەوە، بەڵام بەپێی ئەو ئامارانەی لەم بارەیەوە بە دەستمان هێناوە.**

**لە بارەی تا چەند لە فەرمانگە حکومییەکاندا ئاسانکاریتان بۆ دەکرێت؟، دەرکەوتووە:**

**ڕێژەی لە 49%ی بەشداربووان دەڵێن ئاسانکاریمان بۆ ناکرێت، کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووانە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە هێشتا کاری حکومەت بە گوێرەی پێویستی و ڕەوشی ئەوان نییە.**

**بڕوانە خشتەی ژمارە (21).**



### سێیەم: کاریگەرییە دەروونییەکانی تاوانی ئەنفال

### 1- ڕەوشی دەروونی:

**سولیڤان* sullivan، 1892-1949 پێیوایە، دەروندروستی ئەو حاڵەتەیە، کە تاک لە ژیانییدا لەڕووی عەقڵی و دەروونییەوە پێداویستییەکانی پڕکرابێتەوە، لە دەرەنجامی باشی تواناکارییەکانی وەك مرۆڤ، بەدەستهێنانی گەلێك سەرکەوتن لە ژیانییدا، ئەریك فرۆمیش پێیوایە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە، کە دەروندروستی دروست دەکات، لەو ڕووەی تاك لەگەڵ ژینگەی دەروونییدا ڕێك و گونجاو بێت و لەناو هەمان ژینگەشدا تاك دەروندروستی باش بێت، ئەمەش بەرهەمی ئەوەیە، کە هەست بە نامۆیی لە ڕوی دەروونی و هاوڵاتیبوونەوە لە نیشتمانەکەی خۆیدا نەکات[20].**

**دەروندروستی هەستکردنی مرۆڤە بە باشی باری دەروونی بەرامبەر بە خودی خۆی و دەوروبەرەکەی، کە پێویستی بە توانای گونجاو و پەیوەندی کۆمەڵایەتی گونجاو و لە ژینگەی دەوروبەریدا هەیە، ئەم مرۆڤە توانای ڕاگرتن و هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی تا ئاستێکی زۆر باش بێت، ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا دەژی، کاریگەری بە هەردوو دیوە نەرێنی و ئەرێنییەکەی لە سەر دەروندروستی مرۆڤ خۆی هەیە.**

---

20- دکتورعبدالمنعم الحنفي، الموسوعة النفسية، علم النفس و الطب النفسي في حياتنا اليومية، المجلد الثاني، 2005، ص105.

**پەراوێز:**

*** هاری ستاك سولیڤان" 1892-1945" دەروونناسێکی بەناوبانگی ئەمریکییە، تیۆرییەکەی بە ناوبانگە لە بواری ئاڵوگۆڕی پەیوەندی مرۆڤ و چارەسەری دەروونی.**

لەڕووی دەروونییەوە خۆ تاوانبار بینین و هەستکردن بە هەڵە، بەو شێوەیەی تاک هەست دەکات بیرکردنەوە و کردارەکانی هەڵەیە و ناگونجێت لە گەڵ نەریت و پێوانی کۆمەڵایەتی و ئاکاری کۆمەڵگەدا، ئازاری ویژدانی تاکە کە دەدات و رووبەڕووی ململانێ و هەڵچوونی دەروونی دەکاتەوە و کار لە رەفتار و بیرکردنەوەشی دەکات، واتە لەڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی ناکات[21].

ژیان بازنەیەکە لە هەڵوێست و ململانێ و کەسێتی مرۆڤیش گەلێک لەو ململانێیانە پێکدێنێت و لە ژیانیدا رەنگدەداتەوە، گەلێک شرۆڤەی ورد و جیاوازی لە دیدی پسپۆڕانی بوارەکەوە بۆ کراوە، کە مرۆڤ جارێکی تر خۆی لەو رەفتار و ململانێیانەدا رۆژانە دەبینێتەوە.

وەک فرۆید ئاماژەی پێکردووە ململانێی نێوان خۆشویستن و رق، چالاکی و سستی، ئاماژە بە گرنگی هێزێکی جولاو لە نەستی مرۆڤدا دەکات، فرۆید دەڵێت، شەڕێک لەنێوان هێزی ژیان "ئیرۆس"و هێزی مردن "ساناتۆس"دا هەیە، هەر یەکێک لەوانە لە نەستدا لە دژی ئەویتر شەڕ دەکات[22].

زانستی دەروونی توێژینەوەی زانستی کردەوەکانی تاکە، کە کاریگەرە بە رەفتاری تاکەکانی تر و دەتوانن کاریگەری لە سەر رەفتار و کردەوەکانی بەجێبهێڵن، بە هەردوو جۆری باش و خراپەوە، دیاریکردنی ئاستی

21- تأليف د. حلمي المليجي، علم النفس المعاصر، دار النهضة العربية، بيروت، الطبعة الأولي، 1970، ص120.

22- أوتوكلينبرغ، ترجمة حافظ الجمالي، علم النفس الاجتماعي، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ط2، 1967، ص134.



داهێنەرانەی تاکە، چونکە ئەم زانستە سەلماندوویەتی تاکێک لەڕووی دەروونییەوە گرفتی هەبێت ئاستی داهێنان و جوڵەی نزم و کەم دەبێتەوە.

**بەپێی ئەو ئامارەی لە راپرسییەکەدا بەدەستمانهێناوە، لەبارەی پرسیاری ئایا هەست دەکەیت جموجۆڵت کەمبووەتەوە؟، دەرکەوتووە:**

رێژەی لە 76٪ی ژنان دەڵێن بەڵێ جموجۆڵمان کەمبووەتەوە.

رێژەی لە 70.5٪ی پیاوانیش بە هەمان شێوە دەڵێن بەڵێ.

کۆی گشتی هەردوو رەگەز، کە بەڵێ وەڵامیانداوەتەوە، رێژەی لە 73٪ی پێکهێناوە.

ئەمەش گوزارشتە لە هەبوونی گرفتی دەروونی، کە کار لەسەر داهێنانیشیان دەکات و جموجۆڵیان دادەبەزێنێت.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9) بڕگەی (7).

## 2- کاریگەری گرفتی دەروونی لەسەر داهێنانی تاک:

"کارل روجرز"* carl rogers داهێنان بەوە پێناسە دەکات، کە ئامادەکاری تاکە و کەسی داهێنەر ئەو کەسەیە، کە لە هەڵچووندا پێگەیشتووە و هەست دەکات، لە جیهانێکدا دەژی توانای هەست بەخۆکردنی هەیە و دەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات و بەشداری بوونیادنەرانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، لەو کاتەدا ئەگەر تاکێک لەڕووی دەروونییەوە گرفتی هەبێت ئەم توانایەی لاواز دەبێت[23].

23- تأليف د. حلمي المليجي، علم النفس المعاصر، دار النهضة العربية، بيروت، الطبعة الأولي، 1970، ص232.

ڕەنجی داهێنەرانە بە لای "جیلفوردە"وە ئامادەیی تا کە بۆ بەر هەمهێنانی فیکر یان دەرەنجامی نوێی سایکۆلۆژییە، کە لەگەڵ کۆندا لە پەیوەندی و نوێبوونەوەدا بێت.

ڕەنگدانەوەی هەر ڕووداوێك یان دیاردەیەکی ئاڵۆز لەسەر مرۆڤ، کۆمەڵێك پرۆسەی جیاوازی، وەك هەستکردن و پێزانین و بیرکردنەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردووو، هەڵچوونی لا دروست دەکات، باری دەروونی مرۆڤیش بەو حاڵەتانە کاریگەر دەبێت، بەڵام دینامیکییەت و ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردانە پەیوەستە بە تایبەتمەندی کەسێتییەکەوە و بێجگە لە ژینگەی دەروونی و نیشتەجێبوونی.

"باڤلۆڤ"* پێیوایە کەسێتی مرۆڤ بەرهەمی بارودۆخە، بارودۆخیش لە لایەن مرۆڤەوە دەئافرێنرێت، بەم شێوەیە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانە، پێداویستییەکانی هێزی سەرەکین بۆ پێ بەخشینی چالاکی هۆشمەندی و داهێنان لای مرۆڤ، ئەنگلس پێیوایە بیرکردنەوەی مرۆڤ تەنیا بە بەر هەمی ماددییەوە نەبەستراوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا هۆکارەکەی ئابوورییشە.

---

پەراوێز:

* کارل ڕوجرز"Carl Rogers " زانایەکی دەروونی ئەمریکییە، ساڵی 1902 لەدایك بووە و لە زانکۆی وسکنسن خوێندوویەتی و کۆلێژی مامۆستایانی لە زانکۆی کۆلۆمبیا خوێندووە و گرنگی بە دەروونی ئەکلینیکی داوە و بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی کۆلۆمبیا و دکتۆرای لە ساڵی 1931 بەدەستهێناوە.

* تیۆری جیلفورد 1931، "داهێنان لە ژێر ڕۆشنایی فاکتەری عەقڵ لێکدەداتەوە کە بەرهەمی زیرەکی مرۆڤە، ئەگەر زیرەکی تاکەکە نەبێت داهێنانیش ڕوونادات.



بەگوێرەی ئەو ڕاپرسییە مەیدانییەی لە گەرمیان ئەنجامماندراوە، لەبارەی پرسیاری تا چەند باری دەروونیت کاریگەری لەسەر کاری ڕۆژانەت کردووە؟، دەرکەوتووە:

ڕێژەی لە 57٪ی هەردوو ڕەگەز پێیانوایە باری دەروونییان کاریگەری لە کاری ڕۆژانەیان دەکات.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە تاوانی ئەنفال لەڕووی دەروونییەوە کاری لە داهێنانی تاك کردووە، چونکە ناتوانن هەموو توانا و بیرکردنەوەیان بخەنە سەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن، بەڵکو بێزاری و بیرکردنەوەیان کار لە بەر هەمیان دەکات و پێدەچێت هۆکارێکیش بێت بۆ دواخستن یان بێزاری لە کاتی کارکردندا.

بڕوانە خشتەی ژمارە (11).

بیرکردنەوە ڕەنگدانەوەیەکی گشتگیری مرۆڤە بۆ واقیع بە ڕەنگی پەیوەندی و گرێدانە گەوهەرییەکانی، شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرناگرێت، بەڵکو شێوەیەکی ناوەندی ناڕاستەوخۆی گشتگیری بۆ واقیع هەیە، بەڵام لە حاڵەتی ئەو گرفتانەدا، کە دەروونی دەشێوێنێت و تووشی هەڵکشان و داکشانی دەکات بیرکردنەوەیشی دەشێوێت و ناتوانێت داهێنان بکات[شمیر].

پێویستە دەوڵەت پێداویستییەکانی گرێدرا و بە خاك و خۆشەویستی وڵات و ئاستی بەشداری لە دامودەزگاکان و مانەوە لە وڵات بۆ تاك دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانن بەشدار و داهێنەر بن و دژی کۆمەڵگەی خۆیان نەجوڵێنەوە[یر].

---

24- بوغوسلوفسكي، ترجمة جوهر سعد، علم النفس العام، دراسات النفسية، بغداد، ط1، 1997، ص139.

25- د. وهبية شوكت محمد، العوامل النفسية في جنوح الاحداث، بغداد، ط1، 1990، ص99.

هەموو مرۆڤێك دەیەوێت بیرکردنەوەیەکی تەندروست و کار و بژێوی خۆی هەبێت، ئەمانەش شوێنی تایبەتی تاك لە کۆمەڵگەدا دیاریدەکەن، لە گەڵ ئەوەشدا پێویستی بە هاوکاری کەسانی تر و یارمەتیدانیشیان هەیە، بۆیە ئێستا کەسانی دوای تاوانەکە گیرۆدەی ئەو کۆمەڵە گرفتەن و پێویستیان بە یارمەتی کەسانی دەروبەریان زۆرە، بۆ ئەوەی بتوانن تواناکانیان رابهێنن و داهێنەر بن.

## 3- جەنگی دەروونی بۆ فشار خستنە سەر تاك:

جەنگی دەروونی زۆرتر لە لایەن دوژمنی رکابەر و لە شەڕ و پەلاماردانەدا بەکاردێت، کە جۆرێکە لە جەنگ و پڕوپاگەندەی چەواشەکاری و هەموو ئامرازێکی راگەیاندن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نائارامی دەروونی و درۆ و جۆری تری بۆ دەخرێتە کار.

بە ئامانجی لاوازکردنی سەنگەری بەرامبەر و گومان دروستکردن لای جەماوەر بە پڕۆسەی سیاسی و سەربازی هێزی رکابەر و جیاوازی خستنە ناو توێژەکانی گەلەوە، جەنگی دەروونی لە رێگەی راگەیاندنەوە بەکارهاتووە، مەبەستیشیان رووخاندنی کەسایەتی و ترس و پشێوییە لە دەروون و رەفتار و لاوازکردنی ئیرادەی تاکە.

ئامانجی جەنگی دەروونی دەستبەسەرداگرتنی باری عەقڵ و دەروونی مرۆڤە، نەك جەستەی، لێکۆڵینەوە لە رەفتاری کۆمەڵایەتی تاك و کۆمەڵگە،

پەراوێز:

* باڤلۆڤ "ئیڤان بیتروفیتش باڤلۆڤ،ساڵی 1849-1936 ژیاوە، زانای فیسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیایە و پزیشکێکی روسی گەورەیە، خەڵاتی نۆبڵ-ی لە بواری پزیشکیدا هەیە، ساڵی 1904، بە باڤلۆڤ بە ناوبانگە.



گرنگییەکی گەورەی لە توێژینەوەی جەنگی دەروونیدا هەیە، چونکە بەپێی ئەو زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتییە، روالەت و رەفتاری هەر تاکێك دیاریدەکرێت.

وەك سەرچاوە دەروونناسییەکان ئاماژەی پێدەکەن، لەمجۆرە جەنگانەدا، کە جەنگی دەروونییە، سوود لە شارەزایی کەسانی دەروونناس وەردەگیرێت، واتە زۆرترین شارەزایی دەروونناس لەم پڕۆسەیەدا بە مەبەستی کاریگەری دانان رۆڵیان دەدرێتێ[26].

هەروەك ئاشکرایە شاڵاوی ئەنفالیش بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە، جۆرێك لە جەنگی دەروونیشی تێدا رەچاو کراوە، بەشێوەیەك، کە کاریگەری درێژخایەنی لێ بکەوێتەوە و بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە.

مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێك هەست و بیرکردنەوە و هەڵوێستی جیاواز، لە پڕۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراودا بخرێتە ناو کۆمەڵێك جەنگی سەربازی و دەروونی و دڕندانەوە و مەبەستی کۆتایی ئەو جەنگەییش لەناوبردن و بەجێهێشتنی کاریگەری زۆر نەرێنی و نامرۆییانە بێت بۆ داهاتووی نەوەکانیشیان، ئەوا بێگومان جەنگی دەروونی بەشێکی سەرەکی دەبێت لەو شاڵاوە سەرتاسەرییە، هەروەك جەنگی دەروونی بەشێکە لە جەنگی گشتی.

لەبەرئەوەی جەنگی دەروونی دەیەوێت بە هەر ئامرازێك بێت، کاریگەری لەسەر گیانی مەعنەوی تاك بەجێبهێڵێت، بە مەبەستی کاریگەریدانان لەسەر بۆچوون و سۆز و رەفتاری کۆمەڵانی بێگانە بە خۆی، بۆ بەدەستهێنانی

26- د. عبدالمنعم الحنفي، الموسوعة النفسية، علم النفس والطب النفسي في حياتنا اليومية، المجلد الثاني، 2005، ص116.

ئامانجێکی سیاسی دیاریکراوی دەوڵەت و بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکیشە دژی عەقڵی مرۆڤ[27].

هەروەك ئەزموونەکانی رابردوویش پیشانیانداوین ئامانجی هەموو جەنگێکی دەروونی، کە ئاوەز و بیری مرۆڤ و زاڵبوونە بەسەریدا، گەورەترین دەستکەوتە بۆ لایەنی بەکارهێنەر، لەبەرئەوەی دەستبەسەراگرتنی ئەم بەشە گرنگەی مرۆڤ، زاڵبوون بەسەر بوارەکانی تری کەلتووری و فەرهەنگی و ئابووری ئاسان دەکات.

ئەم جۆرە جەنگە لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراواندا دەتوانرێت بوترێت لە زینداندا و هەتا لە ئۆردووگا و بەدرێژایی پرۆسەکەش بەکارهاتووە، بەڵام تەواوی پرۆسەکە جەنگی دەروونی نەبووە، چونکە ئەوان لە سەرەتاوە دەستگیرکراون و ئازاری دەروونی و جەستەیی دراون، بەڵام نەخشە دارشتن بۆ ئەنفال و قۆناغ بە قۆناغی بێبەش نەبووە لە جەنگی دەروونی، کە مەبەستیان تێکشکاندنی کەسایەتی و رەفتاری تاکی ناو پرۆسەکە بووە.

دەستدرێژیکردن وەك کرداری ملکەچپێکردن و کۆیلەکردنی کۆمەڵگە، زەلیلکردنی بە ئەنقەستی نەتەوە دەگرێتەوە، کە مەبەستی سەرکوتکردن و زاڵبوونی کۆمەڵایەتییە، زۆر جاریش هاوتایی شەڕ و دارمانی کۆمەڵایەتییە[28].

**باسی دووەم:**

27- صلاح نصر، الحرب النفسية، معركة الكلمة والمعتقد، الجزء الاول، بغداد، ط1، 1966، ط2، 1967، ص18.

28- كنعان مكية القسوة و الصمت، الحرب و الطغيان و الانتفاضة في العالم العربي، منشورات الجمل، الطبعة الاولي، 2005، ص50.



## 1- باری دەروونی ئەو کەسانەی لە ئەنفال رزگاریان بووە:

مرۆڤ خاوەنی دەروونێکی ئاڵۆزە، کە پڕە لە ئارەزووە سەرکوتکراوەکان و سۆزدارییە هەڵچوو و بۆچوونە شاراوەکان، کەواتە دەروونی مرۆڤ پابەندە بەم کۆت و بەندە دەروونییانەوە، لەوانەیە ئەو وتەیە راست بێت، کە دەڵێت تاك هەرچەندە گرێ دەروونییەکانی کەم بێت، زیاتر دەتوانێت لە هێزە کاریگەرەکانی خۆی سوودمەند بێت[29].

ئەوەشی دەروونی پڕ بێت لە گرێ و گۆل و ئارەزووە سەرکوتکراوەکان، ئەوا زەحمەتە لە کاتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوەی هێزە کاریگەرەکانی لە کارەکانیدا ئازاد نییە، بەمەش سەر لە خاوەنەکەی دەشێوێنێت و نایەڵێت داهێنان بدۆزێتەوە و بەرهەمی بهێنێت، یان بە شایستەیی کارەکانی ئەنجامبدات.

بێگومان تاوانی ئەنفال کاریگەرێتی لە سەر باری دەروونی مرۆڤی دوای تاوانەکە بەجێهێشتووە، کە خۆی لە نائارامی و بێ ئومێدی و ترس و دڵەراوکێ و خەم و پەژارە و خەمۆکی و هەتا بەگوێرەی هەندێك لەو توێژینەوانەی لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، ترس لە دووبارەبوونەوەی تاوانی ئەنفالی لە لا دروستکردوون، ئەم حاڵەتانەش کار دەکەنە سەر کەسایەتی ئەو مرۆڤە و ژیان و تەندروستی و تەمەن و سەرجەم بوارەکانی تری دەشێوێنێت.

29- د. عەلی وەردی، وەرگێڕانی: کەمال عەلی، هێزە کاراکانی نەست یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو، سلێمانی، چاپی دووەم، 2008، ل86.

گەر بڕوانینە ئەو دایك و خوشکانەی، کە کەسوکاری ئەنفالن و خۆشەویست و ئازیزانیان لەدەست داوە، ئەم حاڵەتانە بە سیما و ڕوویانەوە دەبینین[30].

یەکێك لەو کێشە دەروونییانەی تاوانی ئەنفال بۆ مرۆڤی کوردی بەجێهێشتووە، خامۆشییە، کە جۆرە کێشەیەکی دەروونییە مرۆڤ بەهۆی هەندێك فاکتەری دەرەکی وەك فشاری رامیاری، یان تەنگو چەڵەمەی کۆمەڵایەتی، یان نالەباری باری ئابووری دوو چاری دەبێت، ئەو کەسەی دووچاری خامۆشی دەبێت، زیاتر لایەنی گۆشەگیری زاڵدەبێت بە سەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانییەوە[31].

ئەوانەی لە زیندان گەڕاونەتەوە، تووشی خامۆشی و مات و ئازاری دەروونی و سەدان کێشەی تری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نامۆیی بوونەتەوە، بە گوێرەی زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی لە رابردوودا لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، هەر ئەم هۆکارانەش گەلێکجار بیری خۆکوژیی لای تاکەکە دەئافرێنێت، ئیمێل دۆرکهایم زانای فەرەنسی، یەکەم زانای سۆسیۆلۆژی بوو لە کۆتایی سەدەی 19دا، باسی لە پەیوەندی نێوان خۆکوشتن و فاکتە کۆمەڵایەتییەکانی کرد.

خۆکوژیی کاتێك ڕوودەدات، کە ڕادەی یەکگرتوویی کۆمەڵگە نزم بێت و تاك هەست بە نامۆیی و بێ مانایی ژیان بکات، هۆکاری خەمۆکی و ڕەشبینی و

30- یاسین ئەحمەد زەنگەنە، تیشکێك لەمەڕ کارەساتی بە ناو ئەنفال و کاریگەرێتی لەسەر ژیان و ژینگەی کوردستان، گۆڤاری مانەوە، ژ7، نیسان 2010، گۆڤارێکی ساڵانەی تایبەتە بە تاوانی ئەنفال، چاپخانەی سیما، چەمچەماڵ، ل15.

31- د. ئەحمەد شەریف عەلی، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، ڕەخنەیی، مێژوویی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2010، 119.



بێ ئومێدی، بە لای دۆرکهایمەوە چەند فاکتێکی کۆمەڵایەتین، دەبنە هۆی خۆکوشتن لە جۆری خۆکوژیی خۆپەرستی، ئەم خەمۆکی و بێ ئومێدییە هۆکارێکی تایبەتی و تاکەکەسی نییە، بەڵکو دەربڕینی حاڵەتی بێ ئومێدی کۆمەڵگەیە، ئەم پردەی مرۆڤی بە ژیانەوە بەستووەتەوە درزی تێدەکەوێت، چونکە پردی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە دەڕووخێت[32].

هەوڵی خۆکوژیی لای کەسانی دوای تاوانی ئەنفال بوونی هەیە، بەپێی ئەو ئامارانەی بەدەستمانهێناوە، هەوڵەکانی خۆکوژیی بەپێی هەندێك لە لێکۆڵینەوەکانی لە رابردوووشدا ئەنجامدراوە تا ڕادەیەك دەرکەوتووە.

**بە گوێرەی ڕاپرسییە مەیدانییەکەی ئەنجامانداوە، لەبارەی پرسیاری ئایا بیرت لە خۆکوشتن کردووەتەوە؟، دەرکەوتووە:**

ڕێژەی لە 45.5%ی ڕەگەزی ژنان بیریان لە خۆکوشتن کردووەتەوە.

ڕێژەی لە 24.5%ی ڕەگەزی پیاوانیش بیریان لە خۆکوشتن کردووەتەوە.

کۆی گشتی هەردوو ڕەگەز، کە بیریان لە خۆکوشتن کردووەتەوە، ڕێژەی لە 33.2% پێکدێنێت. ڕێژەکە لەناو ژناندا زۆرترە لەبەر ئەوەی ڕەگەزی پیاو ئامرازەکانی خۆ ئاسوودەکردن و بە ئازادی گەڕان و هاتوچۆیان زۆرترە بەراورد بە ژن، پیاو کەمتریش خەفەت هەڵدەگرن.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9) بڕگەی (8).

لەگەڵ ئەمەشدا نمونەیەکم دەست نەکەوت، پیشانی بدات کەسێکی دوای تاوانی ئەنفال خۆی کوشتبێت، ئەمەش هۆکاری هەیە، لەو هۆکارانەی لە

32- و. گۆڤاری سایك، بۆچوونی دۆرکهایم لەمەڕ خۆکوشتن، ژمارە 3، حوزەیرانی 2006، سلێمانی، ل29.

نزیکەوە لێی تێگەیشتم و وای لێکردوون خۆیان نەکوژن، هەرچەندە ژیانیان پڕە لە کولەمەرگی.

حاڵەتی سۆزداری کەسەکانە بەو جۆرەی، کە قورسایی تاوانە کە ناهێڵێت خۆیان بکوژن، چونکە بیر لە کەسوکار و دایك و ئەوانی تریان دەکەنەوە.

وا بیردەکەنەوە ئەگەر کەسێکیان، کە بیری لە خۆکوشتن کردووەتەوە و خۆی بکوژێت، خەفەتێکی تازە لە شوێنی سارێژبوونی برینەکانیان بۆ کەسەکانیان دروست دەکەن، هەرچەندە ئەمە حاڵەتێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام سۆزدارانەیە، چونکە لە ناخەوە بیریان لێکردووەتەوە، بۆیە نەرێنییە باشییەکەی لەوەدا بوو سەرەڕای سەختی ژیانیان هەوڵی خۆکوژیی لە ناخیاندا نەبووایە و بیریان لێ نەکردایەتەوە.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی من لە نزیکەوە لە قسەکانی خۆیانەوە لێی تێگەیشتم، ترس بوو لە خودا و ئایین، بە داخەوە کەسوکاری ئەنفالکراوان وا هەست دەکەن، ئەوان تاوان یان گوناهێکیان هەبووە بەرامبەر بە خودا، بۆیە ئەم تاوانەیان بەسەردا هاتووە، کەواتە بیر لەوە ناکەنەوە خۆیان بکوژن، سەرەڕای سەختی بار و گوزەران و دەروونیان، چونکە بە گوناهی خودایی دەزانن، کە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لە بنەڕەتدا گرفتی دەروونییە و پێویستی بە چارەسەری هەیە.

تاوانی ئەنفال جۆرێك لە قەیرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان دروستکرد، بۆیە ئەگەری گوێزانەوەی لە دایکەوە بۆ منداڵ هەیە، یەکێك لەو دەرەنجامە گرنگانەی لە تاوانەکەوە هەڵهێنجراوە، ئەوەیە تاوانەکە پلان بۆ دارێژراو بووە، وەك فرۆید دەڵێت: هەموو تاوانێك، کە پلانی بۆ دادەنرێت مەبەست لێی فشار



دروستکردنێکی درێژماوە و قوڵە بۆ مانەوە بەپێی هەلومەرجە سایکۆلۆجییەکان.

ئەم هێرش و پەلاماردانە بە رادەی ئەوەی کە رژێم چاوەڕوانیان بوو، کاریگەر و رووخێنەر بوون[33].

فەوزییە مەحمود یەکێکە لە ژنە رزگابووەکانی مەرگی ئەنفال و لە نوگرە سەلمانەوە گەڕاوەتەوە، باسی یەکەم رۆژ، کە گەیشتوونەتە تۆپزاوە دەکات و دەڵێت، گەنجەکانیان لێ جیاکردینەوە، ملکۆی کوڕمیان لێ سەندم و بردیان بۆ شوێنێکی تر، پاشان هاوسەرەکەمیان برد کارەساتێك بوو وێنەی نەبوو، دوای سێ رۆژ بردیانین بۆ نوگرە سەلمان جەهەننەمێکی راستەقینە بوو، دوای دو مانگ کوڕە پێنج ساڵییەکەم مرد، بە چاوی خۆم بینیم، چۆن تەرمی کوڕەکەمیان لەگەڵ تەرمەکانی تریان خستە بەردەم سەگە ڕەشەکە، هێشتا ئەم ژنە دەڵێت ئەمانە دڵۆپێکن لە دەریایەك[34].

ئیتر ئەم ژنانە لە ئێستادا چۆن بیر لە خۆکوژیی ناکەنەوە و خۆیان وتەنی رۆژی سەد جار ئاوات بە مردن دەخوازن، باری دەروونی و هەست و بیرکردنەوە و چاوەڕوانی ئەم ژنە، کە تاکە نموونەیەکە لەو هەزاران نموونەیە، پێدەچێت لە بارێکدا بێت هەموو رۆژێك دیمەنەکان بێنەوە پێش چاوی، ئەو هێزە ئەفسوناوییە چییە، کە هێشتا دەیژییەنێت؟ لە کاتێکدا خەڵکی مەدەنی و ژنانی دوو گیان و منداڵی شیرە خۆرە تاوانیان نەبوو، بەو دەردە سەختە بران و

33- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، جینۆسایدی لە عیراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپخانەی خاك، سلێمانی چاپی یەکەم، 1999، ل459.

34- تالیف طة بابان، عالم الکرد المرعب، تحقیقات، سلێمانی الطبعة الثانیة، 2002، ص134.

ئەو بارە قورسە دەروونی و جەستەیان بە سەردا هێنرا، بۆیە ئاساییە تا ساڵانێکی زۆر لە ناخ و رەفتاریاندا رەنگبداتەوە و حاڵەتەکانیش بەم شێوەیە بن.

## 2- گرفتی سەختی دەروونی ئێستای ژنان:

ئێستاش وەك ئەوەی تازە تاوانەکە روویدابێت ئەو ژنانە، کە پرسیارم لێدەکردن دەگریان و دەکوڕووزانەوە و ئاهی بێکەسی و ئازیز مردوویان هەڵدەکێشا، من زۆرم زەحمەتی لە گەڵیاندا کێشا، چونکە کە لێم دەپرسین وایان هەست دەکرد، هەموو کێشەکانیان بۆ چارە سەر دەکرێت، تەواوی خەمی دڵی خۆیان هەڵدەڕشت و هەر دەیانوت هیچمان بۆ نەکراوە و نییە، ئەمە زۆر ئازاری منی دەدا، چونکە دەترسام لەدوای من چاوەڕێی وەڵامی دەمودەست بن، وەك ئەوەی خۆیان دەیانویست، هەرچەندە من ئامانجی کارە کەم زۆر باش بۆ شی دەکردنەوە، بەڵام ئەمە گوزارشت بوو لە حاڵەتێکی دەروونی، کە پێویستیان بەوەیە لای کەسانێك دڵیان بکەنەوە و ئازاریان لەگەڵدا بەش بکەن، بۆیە تەواوی ئازار و هەتا بێ خەوی و خەفەتی رۆژانەیان باس دەکرد و جارێکی تر چیرۆکی کەسەکانیان دەگێڕایەوە.

ئەنفال و تاوانەکانی کۆمەڵە زەبرێکن کاریگەری دەروونی لە سەر ژنان بە پلەی یەکەم بەجێهێشتووە، ئەوان هەمیشە لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدان، پسپۆڕێکی دەروونی، پێیوایە "ئێستاش نیوەی ماڵی ئەنفالکراوەکان تەلەفزیۆنیان نیە، ژنی دوای تاوانی ئەنفالەکان هەیە، نازانێت ئامێرێك هەیە



بە ناوی تەلەفزیۆنەوە، هەر بۆیە هەر کەسێك لەو رەوشەی کە سوکاری ئەنفالەکاندا بێت تووشی خەمۆکی دەبێتەوە[35].

دوای ئەو هەموو تاوانەی بە سەریاندا هاتووە، لەو رەوشەدا کارەبایان نییە و لە شوێنێکی تەنگ و بچووکدا دەژین، کە ژمارەیەکی زۆری تێ ترنجابێت و جێگەی ئاسایی نیشتەجێبوونیان نییە، بێگومان هەست بە دڵتەنگی دەکەن، پسپۆڕە دەروونییەکە پێیوایە هەموو ساڵێکیش لە 14/4دا، برینەکانیان دەکولێننەوە، چونکە هەندێك لایەنی سیاسی دەیانەوێت و ویستوویانە بازرگانی بە ئەنفالەوە بکەن، بە جولاندنی سۆزیان لەپێناو دەنگدا[36].

ئەم سیاسەتەش گورزێکی لە ژیانی خێزانی و ئاساییانداوە، لە کاتێکدا ژنان هەست دەکەن بە تەنیا ماونەتەوە، چونکە لە گەرمیاندا ژنان بە ئاسانی کاریان دەست ناکەوێت و ناتوانن بێنە دەرەوە و هەلی کاریان لە بەردەمدا زۆر کەمە، بۆیە مێینە لەو کاتەوەی دەبێت بە کێشەیەکی گەورە، کێشە دەروونییەکانیشی زیاد دەکات، لە کاتێکدا باری ئابووریشی خراپ بێت.

هەر ئەو ژن و کچانە ئێستا لە باری ئاسایی ژیانی خۆیاندا وەك هاوڵاتی، لە ژینگەییەکی سەختدا دەژین و دەرفەتی کار و ژیان لە بەردەمیاندا زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەدا لە پرۆسەی تاوانەکەشدا پەلاماریاندرا و تاوانیان بە سەردا هات، هەرچەندە کە سوکاری ئەنفالکراوان هەتا ساتی ئەنفالکردنیان، خەڵکانی لادێنشینبوون و جیا لەوەی ئێستا لە ئۆردووگا و شارۆچکەکاندا دەژین و ژیان بە دۆزەخ دەبینن و تام و چێژی لێ وەرناگرن.

35- چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ پسپۆڕی دەروونی د. ئەفرام محەمەد حەسەن، 21مانگی2ی 2011.

36- هەمان سەرچاوە.

له لادێکاندا سەربەستتر بوون و کاری هەرەوەزییان ئەنجامداوە و چێژی ژیان جۆرێکی تر بووە، بەڵام تاوانەکە زەبری گەورەی بە سەرجەم ژیانیان گەیاندووە، جارێکی تر ئەو خەونەشی خامۆشکردوون، کە نەتوانن بۆ لادێکانیشیان بگەڕێنەوە، چونکە یادەوەرییەکانیان زەبرێکی ترە بەر هەست و دەروونیان دەکەوێتەوە.

ئەو پسپۆڕە دەروونییە وەك چۆن لێکۆڵینەوەکانی رابردوووش، کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون، تا ئەندازەیەکی باش راستیانکردووەتەوە، کەسانی دوای ئەنفال ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەیان رووبەڕووبووەتەوە، ئەویش پێیوایە بێگومان ئا لەو رەوشەدا، کە تێیدا دەژین گرفتی دەروونییان هەیە.

**رێژەیەکی زۆر لە گرفتی خەمۆکی لەناو کەسوکاری ئەنفالکراواندا هەیە، بە پێی ئاماری بەدەستهاتوو، لەبارەی پرسیاری ئایا خۆت لە خەڵك بە کەمتر دەبینیت؟، دەرکەوتوە:**

رەگەزی ژن رێژەی لە 51.2٪، خۆیان لە خەڵك بە کەمتر دەزانن.

واتە رێژەی خۆ لە خەڵك بە کەمتر بینین لە ناو ژناندا بەرزە.

رەگەزی پیاو رێژەی لە 32٪ خۆیان بە کەمتر دەبینن، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی خەمۆکی، لەگەڵ کۆی 8 پرسیاری تری دەروونی.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9)، بڕگەی (چوارەم).



## بەشی سێیەم:

## باسی یەکەم: ئازارێکی هاوبەش لای کەسوکاری ئەنفالکراوان

لەدوای پڕۆسەی ئەنفالەوە بە هەزاران ژنی رەشپۆش و بێوەژن مانەوە و خۆیان ئەرکی خێزان و بەخێوکردنی منداڵیان گرتەئەستۆ، ئەمە بارێکی ناخۆش و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و هەتا یاساییشی رووبەڕووکردنەوە، وەك کێشەی هاوسەرگیریکردنەوە، کە زۆرێك لەو ژنانە خۆیان دڵیان بەرایی نادات شوو بکەنەوە، یان بەهۆی نەریتی کۆمەڵگەوە، کە لۆمەدەکرێن شوو ناکەنەوە، کێشەی گرانیی بازاڕ و سەختی ژیان و بێکاریی، کە بەرەو روویان دەبێتەوە، لە ئەنجامی کارکردنیشیاندا رووبەڕووی کێشە و قسەی کۆمەڵگە و پیاوان بە تایبەتی دەبنەوە.

مرۆڤی ژێر دەستە پێش هەموو شتێك باری دەروونی و سایکۆلۆژی دەڕمێت، لەم دۆخەدا دەولەتی کۆلۆنیال هێندەی گۆچانەکەی موسا سوود لە دەستەکانی وەردەگرێت[37].

مەبەست لەم قسەیەی بێشکچی ئەوەیە، کە مرۆڤە ژێر دەستەکان ناتوانن هەنگاو بنێن، دەسەلات یان سیستمی سیاسیش هێندەی تر سوود لەو چەوساوەیان وەردەگرێت و خزمەتیان ناکات و بەکاریشیان دێنێت بۆ مەرامی خۆی، ئەمە بۆ کەسانی دوای تاوانی ئەنفالیش تاڕادەیەك دروستە.

پەلاماری ئەنفال تەنیا بۆ لەناوبردنی مرۆڤی کورد نەبوو، بەڵکو سەرجەم رەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و نەتەوەیی و ئارکیۆلۆژییەکانی ئەم میللەتەی تێکشکاند و شێواندی[38].

37- د.ئیسماعیل بەشکچی، کوردستان کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتییە، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە رێبوار رەشید، هەولێر، چاپی یەکەم، 1993، ل10.

دوای ئەوەی زۆربەی پیاوەکان ئەنفالکران و کچ و ژن لە ئۆردووگاکان دەستبەسەر کران، ژنان بژێویی ژیانیان پەیدا دەکرد، لە رووداوێکدا دوو کۆستەر کچی کورد لە رێگای پەیداکردنی نانداندا بوونە قوربانی، بەدوای ئەوەشدا رۆژانە سوکایەتی بەو کچ و ژنانە دەکرا، کە دەچوون بەدوی ناندا رۆژدا دەگەڕان، بەشێکی زۆر لەو خەڵکە لەدوای تاوانی ئەنفال و کیمیابارانەوە، ئەوانەی دەربازیان بوو لەڕووی دەروونییەوە تێکشکاون و تا ئێستا بەو ئازارانەوە دەتلێنەوە[38].

واتە کۆمەڵێك خەم و گرفتی دەروونی هاوبەش لە ناخی کەسانی پاش تاوانی ئەنفال پێکهاتووە، تاڕادەیەك بە جیاوازی بیروڕاکانیشیانەوە لەسەر دەرەنجامی تاوانەکە کۆك و هاوخەمن، لەبارەی بەرخوردی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ تاوانی ئەنفال و ژیانی ئەواندا وەڵامەکانیان چۆنییەك بوو.

دەتوانرا زۆر گرفتی دەروونی لە زاری خۆیانەوە و لە ئەنجامی خوێندنەوە و دواندن و گێڕانەوەی تاوانەکەوە دەستنیشان بکرێت، لەوانە دڵتەنگی و دڵەڕاوکێ و تەنگەژەی دەروونی و خەمۆکی و هەڵچوونی دەروونی و هەندێك گرفتی تری کۆمەڵایەتی و دەروونی.

38- محەمەد رەوف، ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی چاپی یەکەم، 2005، ل99.

39- لەتیف فاتیح فەرەج، چیرۆکی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشووری عێراق، گۆڤاری مانەوە، ژ7، نیسان، 2010، گۆڤارێکی ساڵانەی تایبەتە بە تاوانی ئەنفال، چاپخانەی سیما، چەمچەماڵ، ل24.



## 1- دڵەڕاوکێ، گرفتی سەرەکی تاکی دوای پرۆسەکە:

گرفتی دڵەڕاوکێ لە مرۆڤدا دیاردەیەکی دەروونییە، مرۆڤ هەستێکی پڕ لە گومان و ترس و تۆقاندنی لا دروست دەبێت، لە ئەنجامی کارەساتێکی ناخۆش یان هەواڵ و کارتێکردنی دەرەکییەوە، کە دوو چاری هاتووە، بەڵام ئەو کەسانەی بە بچووکترین بابەت دووچاری دڵەڕاوکێ دەبنەوە، ئەوانەن هەر لە منداڵییەوە پێشبینی شتی خراپیان کردووە یان رەوش و ژینگەی ژیانیان وا هەڵکەوتووە و فێریکردوون، کەسانی رەشبین و گۆشەگیر و کەسێتییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێیان هەیە[40].

بێگومان دروستبوونی حاڵەتەکە لە کەسایەتی تاکدا بێجگە لەوەی پێویستی بە چاودێری و رێنوێنی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا خراپی دۆخ و ژینگەی کەسەکە گرفت و حاڵەتەکەی لەسەر زیاتر و قورستر دەکات، بۆیە ئەو شوێنانەی دەروونی تاکی دوای ئەنفال ئارام دەکاتەوە لەو خاڵە سەرەکییانەن لایەنی بەرپرس دەبێت زۆر بە جیدییەوە بەرەو پیری بچێت و بۆیان فەراهەم بکات.

دڵەڕاوکێ تووشی هەموو کەسێك دەبێت و کاریگەری لەسەر باری دەروونی کەسەکە دادەنێت، هەتا گۆڕانکاری جەستەییش لەسەر ئەو تاکە دروست دەکات، تا ئەو کاتە ئاساییە، کە سنووری خۆی تێنەپەڕێنێت، بەڵام کاتێك بەهۆی نائارامی و پێشبینیکردنی رووداوی ناخۆش و یادەوەریی دڵتەزێنەوە، هەستکرا ئاستی خۆی تێپەڕاندووە، دەبێت رێگە چارەی پزیشکی بۆ بدۆزرێتەوە[41].

40- د.صالح شيخ عمر، الجريمة النفسية والعقلية للجريمة، بيروت، الطبعة الاولي، 1989، ص8.

41 - تاليف سيجموند فرويد، نظرة عامة في السيكولوجيا العلمية، ترجمة فارس ضاهر، لبنان، طبعة الاولي، 1976، ص78.

وەك دیارە خەڵكی كەسوكاری ئەنفال، بەتایبەتی ئافرەتان بەردەوام لە تێكشكان و جەنگی دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابووریدا بوون و نەیانتوانیوە، لە كۆت و بەندی پەلامارەكە قوتار بن، كەوایە چی بە گەڕانەوە لە زیندان و چی بە قوتاربوون لە پەراوێزی پەلامارەكە ئەم ئافرەتانە نەیانتوانیوە ئاسوودە بژین و برینی جەستەی ئەنفالكراویان سارێژ بێت[42].

بەم پێیە دڵەڕاوكێ یەكێكە لە گرفتەكانی ئەو كەسانەی پاش پەلاماری ئەنفال، كە ژنان زۆرتر دووچاری بوون، ئەنفال بارێكی دەروونی خراپی بۆ بەجێهێشتوون، كە هەمیشە لە خەیاڵدا و دوور لە واقیع و لە چاوەڕوانیدا بژین، ژن لەبەرئەوەی هەست ناسكترە جۆرێك لە باری دەروونی لا دروست دەبێت، بەوەی كەسێكە هەرگیز سەركەوتن لە ژیانیدا بەدەست ناهێنێت، هەر بۆیە چاودێری كۆمەڵایەتی و دەروونییان دەوێت، هەتا بتوانن وەك كەسانی تر بیر لە دوارۆژ بكەنەوە و ئاواتەكانیان زیندەبەچاڵ نەكەن.

دایكانی ئەنفالكراوان هەمیشە گوێ بیستی تەقەی دەرگان، نەبادا لە ناكاو جگەرگۆشەكانیان خۆیان بكەن بەماڵدا، هەمیشەش خوازیاری كەسێكن دڵی لە لا بكەنەوە[43].

دڵەڕاوكێ لە ترس دەچێت، بەڵام لە دڵەڕاوكێدا چاوەڕوانی ئەو مەترسییە دەكەین، كە نازانین لەكوێوە دێت، لەكاتی ترسدا دەزانین لە چی دەترسین، كە لە دڵەڕاوكێدا سەرچاوەی ترسەكە نادیار و بێ سەر و شوێنە[44].

---

42 - تەها سلێمان، لە پەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی دووەم، لە بڵاوكراوەكانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، سلێمانی چاپی یەكەم، 2006، ل42.

43- ئەلوەن عەبدول غەفور، ئەنفال و گرفتە دەروونییەكانی ژنان، گۆڤاری ئەنفال، ژ2، 2001، ل11.



تاوانەكە هۆكارێكیشە بۆ كەمبوونەوەی جەختكردنەوە و تەركیزكردن لە لایان و نەتوانینی وردەكاری و رۆچوون بە قوڵایی بابەتەكاندا، بەڵكو جۆرێك لە سەرانسەری لە كەسایەتییاندا بەرهەمهێناوە.

**بەپێی ئاماری ئەنجامدراو لەبارەی پرسیاری هەست دەكەیت تەركیزت كەمبووەتەوە، دیقەتت لە شت بۆ ناكرێت؟، دەركەوتووە:**

لە 81%ی رەگەزی ژنان دەڵێن بەڵێ جەختیان بۆ ناكرێتەوە.

رەگەزی پیاویش لە 66%ی پێكهێناوە.

كۆی گشتی هەردوو رەگەز، كە تەركیزیان كەمبووەتەوە رێژەی لە 72.2%ی پێكهێناوە.

**بڕوانە خشتەی ژمارە (9) بڕگەی (9).**

ئەمە جۆرێكی تری ئەو گرفتە دەروونییەیە، كە رووی لە كەسوكاری ئەنفالكراوان كردووە و وای كردووە نەتوانن وەك جاران و بەپێی پێویست كارەكانیان راپەڕێنن.

## 2- تەنگەژەی دەروونی لەناو كەسوكاری ئەنفالكراواندا "stres":

نەبوونی هاوسەنگییە لەنێوان داخوازییە خۆیی و بابەتییەكانی كەسێك، بوونی چەند هۆكارێكی دەرەكییە كە دەبنە هۆی دروستكردنی فشار لە سەر كەسەكە، هەرچەندە فشار بۆ سەر كەسەكە زۆر بێت، هێندە توانای راگرتنی هاوسەنگی و خۆگونجاندنی لەدەست دەدات و رەفتار و كەسایەتی گۆڕانی

---

44- ابراهیم عبدالحسن الكنانی، وەرگێڕانی: سابیر بەكر بۆكانی، سایكۆلۆژیای گشتی، سلێمانی، چاپی یەكەم، 2003، ل51.

بەسەردا دێت، هەموو ئەم گرفتانە یەکانگیرن لەگەڵ ڕەوش و باری دەروونی ژنانی دوای تاوانەکە[45].

ئەگەر هاتوو ڕەگەزێکی نامۆی زیانبەخش هاتە ناو جەستەوە، ئەوا جەستە داکۆکی لە خۆی دەکات تا هاوسەنگییەکەی بۆ بگەڕێتەوە.

ژنان وێڕای ئەوەی دڵ پڕ خەم و ناسۆرن بە زۆر دەستدرێژیی و سوکایەتیشیان پێدەکرێت، بۆیە دووچاری دەیان مەینەتی و باری شێواوی دەروونی و ڕۆحی دەبنەوە.

یان ئەو ژنانەی لە کاتی دەستدرێژیکردنە سەریان تا ڕادەی شێتبوون، تووش دەبن، زۆرێك لەو ژنانە لە بیابانەکانی عەرعەر و ڕومادی زیندەبەچاڵکراون، هەندێکیشیان کە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی سەر سنووری عێراق، سعودییە ڕزگاریان بووە یان گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان یان ڕوویان لە وڵاتانی وەك سعودییە کردووە، هەر لەوێش بوونەتە خاوەن خێزان لە گەڵ عەرەبی ئەو وڵاتانە[46].

زۆربەی تەنگەژە دەروونییەکان بەستراون بە دڵەڕاوکێ و شڵەژان و ناجێگیری دەروونییەوە، ئەمەش لە میانەی ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی ئەو کەسانە بە دیار دەکەوێت، کە هەست بەبێ ئومێدی و بێ توانایی دەکەن، یاخود هەست بە زۆرداریکردن و لۆمەکردنی خۆی لەسەر هۆکاری ناواقیعییانە، یان

---

45- صلاح نصر، الحرب النفسية معركة الكلمة و المعتقد، الجزء الاول، بغداد، طبعة الآولي، 1966، ص93.

46- محەمەد ڕەوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی چاپی یەکەم، 2005، ل112.



هەستکردن بە تەنیایی و نامۆبوون یەکێکە لە خاڵی زۆر گرنگی تەنگەژە دەروونییەکان[47].

هەبوونی ئەو برینە قوڵەی دەروونیان ئەم جۆرە لە ناهاوسەنگییان تێدا دروست دەکات، ئەوانەی لە ئۆردووگا و شارەکاندا دەژین، نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان، کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، ئەگەر سەرنج بدەین ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی خەڵکی ئەو دەڤەرانەن، ئێستا لە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان دەژین و ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستانکردووە و خواستی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیشیان نییە و بە دەڤەری پەراوێزخراویان دەبینن، ئەمە هۆکارێکی دەروونی و ئەو تەنگەژەیە هانیان دەدات، شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان بەجێبهێڵن و نەگەڕێنەوە، بۆیە پێویستە ژیانیان بۆ فەراهەم بکرێت لەپێناو گەڕانەوەیاندا.

بە هاتنەوەی ئەو برە ژن و منداڵە لە زیندان، هێندەی تر هیوابڕاو بوون و شادبوونی خۆیان بە کەسوکارەکانیان لێ بوو بەم حاڵە، چونکە بەر لە هاتنەوەیان لە زیندان، سوکە ئومێدێکیان مابوو بەوەی ڕۆژێك بە دیدەنی کەسوکارەکانیان شاد ببنەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بەعس لە کردەوەیەکی بەناو لێبووردندا، بەشێکی تری نەخشەی پەلامارەکەی جێبەجێ کرد، چونکە بەعس بەمە ئەوەندەی تر قەبارەی تێکشکاندنی ئەم خێزانانەی

---

47- م. عوبێد خدر، ئەو نەگەژە دەروونیانەی ئاستەنگن لەبەردەم لاواندا، گۆڤاری سایك، ژمارە 5، سلێمانی، ئابی 2006، ل6.

گەورەتر کرد و مەرام و مەبەستی پرۆژەی ئەنفالی بەو ئاراستەیەی، کە خۆی دەیویست جێبەجێ کرد[48].

دەرەنجامی ئەو سیاسەتانەش لە ئەمڕۆدا بە ئاشکرایی دەر کەوتووە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی رۆژانە خۆیان نیشاندەدەن، بێجگە لەوەی کێشە و گرفتە دەروونییەکان لە ناخیاندا رۆچووە و تا ساڵانێکی دوور تریش درێژە دەکێشێت.

## 3- رەشبینی کەسوکاری ئەنفالکراوان:

ئەو کاتەی منداڵ بەتۆپزی لە دایکیان جیا دەکەنەوە و بە کێبڵ و سۆندە لە زینداندا لەو ژنانە دەدەن، ئەو دایکەی منداڵەکەی دوو رۆژ لەبرسا دەگری و لە دوایدا بە برسی و بەدەستییەوە دەمرێت، ئەو کاتانەی ئەو ژنانە دەڵێن سەد جار خۆزگەمان بە مردنی خۆمان دەخواست، ئیدی چۆن گرفتی دەروونی و دڵەڕاوکێ و ترس و رەشبینی بەرهەم ناهێنێت؟

کەسوکاری ئەنفالکراوان لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی کۆمەڵایەتی و رەفتار و پەیوەندیدا زۆر جیاوازن لە کەسانی تر، هەتا ئازاری باری دەروونی و ماتی و خامۆشییان و رەشبینی لە رەنگ و روویاندا رەنگیداوەتەوە، دوای ئەو هەموو تاوان و مەرگەساتەی بینیویانە و دوای گەڕانەوەشیان، لە زۆرێک لە خزمەتگوزاری و سۆز بێبەشن، هەمیشە لە نامۆیی و خۆ نامۆ دیتندان،

48- تەها سلێمان، گەڕانەوە بە لێبووردنێکی بە ناو گشتی و ساختە، بۆ ناو تراژیدیای پاشماوەی پەلامارەکە، گۆڤاری ئەنفال، ژ3، 2010، ل11.



بەرامبەر کۆمەڵگە و ژیانی خەڵکانی تر و مرۆڤایەتی تا وای لێدێت ژیان هەمووی بەتاریکی دەبینێت.

کاریگەرییەکانی ئەم شاڵاوە لەسەر ژنان بۆیە زیاترە، چونکە زیاتر سۆزدار و خاوەن بەزەیین، ژن وەك توێژێکی سەرەکی کۆمەڵگە و رەگەزێکی کاریگەر بەشێکی زۆر لەو دەردەسەرییانەیان بە سەردا هاتووە، بێجگە لەوەی بە هەزارانیان بوونەتە قوربانی و لە ئەنفالدا تێداچوون، بە هەزارانیشیان، کە لە پەلامارەکە رزگاریانبووە دووچاری نەهامەتی و ئازار و دەیان گرفتی قووڵ و سەختی ژیان بوونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەمان هەڵگری هەزاران یادی تاڵ و تراژیدیای نامرۆیین، لە زیندان و لە سەرەتای شاڵاوەکەوە تا کۆتایی و لە ئۆردووگاکانیشدا، کە نیشتەجێکران بەسەریاندا هاتووە و برینی قووڵی لە جەستە و دەروونیاندا دروستکردووە، بێجگە لە نائومێدبوونیان لە گەڕانەوەی ئازیزەکانیان، کە خەمباتری کردوون.

تاوانی ئەنفال زامێکی ئێجگار قووڵی لە جەستە و دڵ و دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا دروستکردووە و ئاسەواری لەسەر هەست و هۆش و نەستیان جێهێشتووە، تا ئەبەد ئەو زامە قەتماغە ناگرێت و سارێژ نابێت و لەبیر ناچێتەوە، ئاخر مردنی ئەو هەموو ئازیزانە و بە تاڵانبردنی سامان و رەنجی سەدان ساڵیان، وێرانکردنی خانە و کێڵگە و رەز و باخەکانیان، ئینجا سوکایەتی پێکردنیان و دەستدرێژیکردنە سەریان، سەگە رەشەکانی عەرعەر و نوگرە سەلمان لاشەی کەسوکار و خۆشەویستەکانیانی دەردەهێنا و دەیانخوارد، دەبێت چ تراژیدیایەکی لە مێشکی ئەو مرۆڤانەی لە کاروانی

مەرگ رزگاریان بووە، دروستکردبێت، ئەو مرۆڤانەی ئەو هەموو کارەساتەیان بەسەرداهاتووە چۆن رەشبین نابن[49].

**بەپێی ئاماری راپرسی ئەنجامدراو، لە وەڵامی پرسیاری ئایا داهاتووی خۆت چۆن دەبینیت؟، دەرکەوتووە:**

رێژەی لە 54٪ لە رەگەزی ژن داهاتوویان بە خراپ دەبینن.

لە44.6٪ی رەگەزی پیاویش داهاتووی خۆیان خراپ دەبینن.

بەم جۆرە رێژەیەکی زۆر لە کەسوکاری ئەنفالکراوان رەشبینن لە داهاتووی خۆیان، ئەمەش دەرەنجامی رابردووو و ئێستای ژیانیانە، کە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەریان دروستکردووە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9) بڕگەی (دووەم).

## 4- نامۆیی گرفتێك لە دەرەنجامی ئەنفالەوە:

بەگوێرەی هەندێك توێژینەوەی لە رابردوودا ئەنجامدراوە دەرکەوتووە، لە 90٪ی ژنان شوویان نەکردووەتەوە و بە بێوەژنی ماونەتەوە، بە هۆکاری نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ و چاوەڕوانی هاوسەرەکانیان بە پلەی یەکەم[50].

ئەوان، کە دوو چاری هەڵچوون و گرفتی دەروونی زۆر بوونەتەوە، باری دەروونیان و ئەم کاریگەرییە نوێیانە و شڵەژانی هەست و بیرکردنەوەیان، لەگەڵ رەفتاریاندا یەکانگیر دەبێت و کاری تێدەکات، تا ئەوەی پێویستە چارەسەر بکرێن و سەنتەر و شوێنی ئارامی دەروونیان بۆ دابین بکرێت و وەك قوربانی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەرچەندە چارەسەری ئەم حاڵەتە قورسە، تا رادەیەك بۆ کورد لەم پارچەیەی باشووری کوردستاندا پێویستە، چونکە هەموومان قوربانیی جەنگین.

نامۆیی لای کەسوکاری ئەنفالکراوان نامۆیی یەکنەبوونە یان پێکنەهاتنە، لەگەڵ دەوروبەر و خودی خۆیدا، وەك کێشەیەکی دەروونی ئەو کەسە هەست بە نامۆیی دەکات و خۆی لە بوون و راستی خودی خۆی دوور دەخاتەوە و ناتوانێت بە قوڵایی خۆیدا رۆبچێت، تووشی جۆرێك لە خۆ بێگانەیی دەبێت، ئەمەش رێگە دەگرێت لەوەی داهێنەر و سەربەست بێت و خۆی بناسێت، واتە ناهێڵێت ئەو کەسە بێت، کە دەیەوێت یان هەیە.

نامۆبوون بارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە بە تەواوی باڵ بە سەر تاکدا دەکێشێت و وای لێ دەکات لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی دوور بکەوێتەوە، ئەو دۆخەیە مرۆڤ هەست بە بێگانە بوونی خۆی بکات لەنێو ئەو کۆمەڵگەی تێیدا دەژی، بە تایبەتی ئەو کەسانەی بێکار و پەراوێزخراون لەلایەن کۆمەڵگە و دەسەڵاتەوە، بۆیە هەست دەکات هیچ بوونێکی نییە تا بتوانێت رۆڵی بەرچاو لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت.

نامۆبوون دیاردەیەکی گشتیگری هەیە لەنێوان کۆمەڵگەدا، کە چی لە زۆربەی کاتدا بارێکی تاکەکەسییە، زاراوەی نامۆبوون لە زمانی ئینگلیزیدا alıenatıon بە مانای دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە دەخشێت، بە دوو مانا لێکدراوەتەوە، یەکێکیان دوورکەوتنەوە لە نیشتمان بەجێهێشتنی ئەو کاتەی

---

49- د. ئەحمەد شەریف عەلی، ئەنفال لە رۆمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، رەخنەیی، مێژوویی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2010، ل137.

50- فاتح محمد سليمان، عمليات الآنفال وأثارها علي الشباب، دراسة اجتماعية نفسية ميدانية، سليَماني، الطبعة الاولي،2010، ص90

تاك تێیدا هەست بە نامۆبوون بەهۆی نادادپەروەرییەوە دەکات، ئەویتریشیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوەیە بەهۆی نەگونجان و پێنەدانی هەلی یەکسان و پلەی وەك یەك بە هاوڵاتییان، ئەمەش کاریگەری لەسەر باری دەروونی تاکەکان دەکات و وای لێدەکات هەست بە بێزاریی و نامۆبوون بکات[51].

ئەمە زۆرجار لەوانەیە ببێتە هۆی بێ هیوابوونی تاك لە ژیان و داهاتووی، وەك دۆرکهایم دەڵێت: "کاتێك تاك هەست بە تەنیایی و بێ هیوایی دەکات پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات"[52].

ژنان هەر لەو ساتەوەی کۆدەکرێنەوە لە دێکەی خۆیانەوە بە ئەشکەنجە دەبرێن و منداڵەکانیان نەخۆش دەکەون و لەو بارە خراپەشدا لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، ئینجا بینینی مەرگی نزیکەکانیان و لێدانیان بە کێبل و دەستدرێژیکردنە سەریان، لە ئێستادا دوای ئەو هەموو ئازارە بەسوێیە، چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و نەخۆشی و نەهامەتی بۆ کۆمەڵگە بە گشتی بەجێهێشتووە، بەڵام پشکی زیاتر بەر ژنانی کەسوکاری ئەنفال کەوتووە.

ئەو ژنانەی لەدوای ئەنفالەوە گەڕانەوە لە چاوەڕوانی بەردەوام و بێدەنگی و ترسدا ژیاون، دوای بینین و بیستی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش کردوونی بە جەستەیەکی ئازار چێژ، ئامانجی رژێمیش لەناوبردنی ئەو مرۆڤانە و گوێزانەوەیان بۆ نوگرە سەلمان، کە چارەنووسیان تا دوای رووخاندنی رژێم زانرا،

51- د.عبدالقادر موسي المحمدي، الاغتراب في تراث صوفية الاسلام، بغداد، ط1، 2001، ص93.
52- د. قيس النوري، عبد المنعم الحسني، النظريات الاجتماعية، جامعة الموصل، ط1، 1985، ص19.



ئەو کاتەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دۆزرانەوە، بێجگە لەو بیرەوەرییە تاڵانەی ژنان، کە لە سەربازگەکانی کوشتن لە تۆپزاوە و نوگرە سەلمان و دبس گوزەراندوویانە[53].

**بەگوێرەی ئاماری بەدەستهاتوو لەبارەی پرسیاری تا چەند بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەیت؟ دەرکەوتووە:**

لە 64.3%ی بەشداربووان لە هەردوو رەگەز، کەم بەشداری دەکەن و پەیوەندییان سنووردارە.

رێژەی لە 50%ی بەشداربووانیش، کە زۆر یان مامناوەند یان کەم بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن، بەشداری لە پرسەدا دەکەن، ئەمەش رێژەی نامۆبوونی ئەو کەسانە نیشان دەدات.

بڕوانە خشتەی ژمارە (15 و 16).

لە ئێستادا بە پێی ئەو رەوشە سەختەی تێیدا دەژین، پێویستیان بە دابینکردنی ئارامییەکی تەواو و هەستکردن بە دڵنیایی و ئاسایش هەیە، کە یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکانی هەر تاك و هاوڵاتییەك، بەتایبەتی بۆ ئەوان، کە زۆر ئازارچێژن و پشتگوێخراون، پشتگوێخستن فاکتەرێکە بۆ خود نامۆ بینینی تاك، کەسوکاری ئەنفالکراوانیش بە هەندێك پێودانگ پەراوێز خراون.

## 5- خەمۆکی یەکێکە لە گرفتە قورسەکانی دوای ئەنفال:

53- خالد سليمان، الأنفال حكايات من زمن مستقطع، مطبعة رەهێڵ، سلێمانی، الطبعة الآولي، 2005، ل66.

خەمۆکی گرفتێکی گەورەی تەندروستی کۆمەڵگەیە و هۆکارێکی پێشبینیکراویشە بۆ لەکارکەوتنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و مردن، رەنگە مەبەست لە خەمۆکی حاڵەتێك بێت کەوا مانای کۆمەڵێك نیشانە و سکاڵای نەخۆش دەگرێتەوە[54].

ئەم گرفتە لە قورسترین گرفتەکانی تری دەروونییە و لە کەڵەکەبوونی گرفتەکانی تری دەروونییەوە پێکدێت، کە رۆژانە مرۆڤ دوو چاری دێت و کۆمەڵێك باری نائاسایی تووش دێن و ئازاری کەسەکە دەدەن، پاشان لە نەخۆشی جەستەییدا خۆی دەبینێتەوە، لە نیشانە دیارەکانی خەمۆکی، کە شارەزایانی بواری خۆی ئاماژەیان پێکردووە.

دڵتەنگی، نەمانی ئارەزووی چێژوەرگرتن، گۆڕانکاریی لە خەوی کەسدا، گۆڕان لە ئارەزوو و تێکچوونی چێژی خواردن یان تێکچوونی کێشی لەش و گۆڕانکاریی لە جوڵە و کەمبوونەوەی دیقەتکردن لای ئەو تاکە، هەستکردن بە بێبەهایی خۆی و ئازاری ویژدان و بیرکردنەوە لە مردن یان خۆکوشتن[55].

حاڵەتەکانی دڵتەنگی و نەمانی چێژی خواردن و ئارەزوو، بوارە سۆزدارییەکەی کەسەکە دەگرێتەوە، ئەو حاڵەتانەشی پەیوەندییان بە بیرکردنەوەیەوە هەیە، هەستکردن بە بێ رێزی خۆیی و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و بێبەهایی و ئەو نیشانانەش، کە کاریگەرییان لەسەر جەستەی هەیە، کە خەوتن و خواردن و کێشی لەش و جوڵە و هێزی دیقەتکردنی تاکە کە دەستنیشان دەکات.

54- گۆڤاری دەروندروستی، ئازار 2009، رێکخراوی، IRD، ل5.

55- گۆڤاری دەروندروستی، ئازار 2009، رێکخراوی، IRD، ل5.



ئەمانە ئەو گرفتانەن بوونی خەمۆکی لە تاکێکدا دیاری دەکەن، خەمباری مرۆڤ لە بواری سۆز و بیرکردنەوەدا، لە جەستەی کەسەکەدا وەك نەخۆشی رەنگدەدەنەوە، بەپێی سەرچاوەکان بیرکردنەوەی بەردەوام لە مردن، نەك تەنها ترس لە مردن، بە شێوەیەکی بەردەوام بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، بە بێ پلانێکی دارێژراو بۆ ئەنجامدانی یەکێکە لە نیشانەکانی خەمۆکی، زۆر جار جەنگ هۆکارێکی سەرەکی گرفتی خەمۆکییە، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی هێدمەی دەروونی.

هێدمەی دەروونی ئاماژەیەکە بۆ ئەو رووداوە کتوپڕە ناخۆش و بەئازارانەی، دەبێتە هۆی مەترسی بۆ ژیانی مرۆڤ، بەجۆرێك هێزی بەرگریی دەروونی ئەو کەسە ناتوانێت بەرەنگاری ئەو فشارە بێتەوە، کە لە ئەنجامی رووداوەکەوە دروست دەبێت، کاریگەرییەکانی هێدمەی دەروونی راستەوخۆ دوای رووداوەکە لە کەسەکە دەرناکەوێت، بۆیە پێویستە زۆر بە وردی بە دوای حاڵەتی ئەو کەسانەوە بین، کە جەنگ و رووداوەی قورسیان بینیوە[56].

ئەو کارتێکردنە خراپانەی رەنگە بەهۆی خەمۆکییەوە تووشی نەخۆشەکە ببێت لاوازیی فێربوون لای منداڵ لە قوتابخانە و لاوازبوونی پەیوەندی نێوان دایك و باوك و منداڵیش، گرفتی فێربوون "بیرلاوازیی" لە منداڵدا،

56- عیزەدین ئەحمەد عەزیز، هێدمەی دەروونی، تاوانی جەنگە، گۆڤاری سایك، ژمارە10، کانوونی دووەمی 2007، سلێمانی، ل16.

بەتایبەتی دەگرێتەوە، بێجگە لە چەند نەخۆشییەکی تری دەروونی، کە کاریگەرییان لەسەر فێربوونی منداڵ هەیە(57).

هەندێك هۆکاری تری وەك شڵەژانی دەروونی و هەڵچوون، لە ئەنجامی ژیانێکی ناخۆش، یان مردنی کەسێك و هەواڵی کتوپڕ و دڵتەزێن، لەدەستدانی خۆشەویستی و سۆز و هەژاری کۆمەڵە فاکتەرێکن خەمۆکی وەڵامدانەوەی ئەو گرفتانەیە.

زۆر لە دەروونناسان کۆکن لەسەر ئەوەی چارەسەری دەروونی بە باوەڕ بەخۆبوون و ئیرادەیەکی بەهێز بۆ بڕیاردان دەبێت، جیا لە دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیریی و لۆمەکردنی خود و گەشبینی بەردەوام.

هەڵبەتە کەسوکاری ئەنفالکراوان لەم گرفت و بارە دەروونی و هەواڵە دڵتەزێنانە بێبەش نەبوون، هەر زۆر بەر ئەم زەبر قورسانە کەوتوون، بۆیە دەکرێت باوەڕ بەوە بهێنین، کە کۆمەڵێك گرفتی دەروونی لەم شێوەیانەی بۆ هێشتوونەتەوە و چارەسەری گەوهەریان زۆر پێویستە.

**بەگوێرەی ئاماری راپرسیەکەی بەردەستمان دەرکەوتووە:**

ڕێژەی لە 74%ی رەگەزی ژن گرفتی خەمۆکییان هەیە و لەنێوان تەمەنی (20- 50) ساڵیدان.

ڕێژەی لە 63%ی رەگەزی پیاو، کە تەمەنیان لەنێوان (20-50) ساڵیدایە گرفتی خەمۆکییان هەیە.

57- یوسف عوسمان، خەمۆکی، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، رۆژنامەی ئاوێنە، ژ268، 29/3/2011، سلێمانی، ل16.



ئەمەش بەگوێرەی ئەو ستاندارە دەروونییەی بۆ دیاریکردنی گرفتی خەمۆکی دەستنیشانکراوە، پێویستە نۆ پرسیاریان لێ بکرێت، ئەگەر لە پێنج پرسیار و بەرەو سەرەوەیان بە بەڵێ وەڵامی پرسیاری ئاراستە کراویان دایەوە، ئەو کاتە دەردەکەوێت گرفتی خەمۆکییان هەیە، راپرسییەکەی ئێمەش بەمشێوەیە بوو.

## 6- شینکەی زەیستانی لای ژنان و لە ناو پرۆسەی ئەنفالدا

شینکەی زەیستانی post partum blue: بریتییە لە بارێکی کاتی، کە دایك لە کاتی منداڵبووندا لە ئەنجامی گۆڕانکاریی هۆرمۆنییەوە دووچاری دێت، بە گۆڕانێکی کەم لە مەزاجی دایکەکە و گۆڕانی خێرا لەنێوان دڵتەنگی و دڵخۆشییدا جیادەکرێتەوە، نیشانەکانی تری وەك نائارامی، دڵەڕاوکێ، گێژیی، دڵپڕیی و هەندێك جاریش گریانی بێ هۆییە، ئەو ژنانەی تووشی شینکەی زەیستانی دەبن زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە زەیستانە خەمۆکی هەیە(58).

بەگوێرەی زانستی دەرووندروستی چارەسەری بەسوود بۆ ژنانی زەیستان، بریتییە لە بەخشینی دڵنیایی و پشتگیریکردنی دایکەکە و خێزانەکە، دابینکردنی کاتی پێویست بۆ خەوتن و پشوودان.

زۆرێك لەو ژنانەی لە تاوانی ئەنفالدا رەوانەی زیندانکران و لە ڕێگەدا بە ئازار و سزاوە رووبەڕوویان درایە نوگرە سەلمان و عەرعەر، دووگیان بوون و ژانگرتوونی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و چەند قات ژانەکەیان

58- گۆڤاری دەروندروستی، رێکخراوی IRD، ئازار2009، ل17.

زیادیکردووە، کە کەس نەبووە ئارامیان بکا تەوە و خەمیان هەڵبگرێت و زەمینەی لەباریان بۆ منداڵبوون بۆ بڕەخسێنێت؟

ژنی وا هەبوو دووگیان بوو کات و ساتی م نداڵبوونی نز یك کەوتبووەوە، جارجارە ژان دەیگرت و کەسێکی لەگەڵدا نەبوو[59].

سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە ژنان دووگیان بوون و منداڵەکانیان لەبار دە چوو، یاخود لەناو ئەو حەشاماتەدا منداڵیان دەبوو[60].

ژنی واش هەبووە دوو تا سێ منداڵی لەناو پڕۆسەکەدا بووە، لەناو هێ ندە کارەسات و نەهامەتیدا و کەڵەکەبوونی هێندە ئازار، زۆر لەو ژنا نە ئەو منداڵانەشیان ئێستا لە ژیاندان، کە هەڵگری ڕۆژانێکی پڕ لە تاوانن.

قۆناغی دووگیانی ژنان قۆناغێکی پڕ مەترسییە، ژنانی دووگیان ج یا لەو گۆڕانکارییەی لە جە ستەیاندا ڕوودەدات، لەڕووی دەروونیـ شەوە گۆڕانی ریشەییان تێدا دروست دەبێت، گۆڕانە دەروونییەکان هەمیـ شە بە لا یەنی باشدا نییە، زۆرجار پێدەچێت دایکی داهاتوو تووشی تەنهایی و گۆ شەگیریی ببێت و بەتایبەتی ترسێکی نەشاز دایبگرێت، کە هیچ پاساوێکیـ شی بۆی نەبێت[61].

ئەو ئۆتۆمبێلانەی ژن و منداڵەکانیان تێدابوو بەرەو باشوور و بۆ لای مو سڵ ملیان ناو پاشان بایاندایەوە سەر ڕێگای بەغداد، لە ئۆتۆمبێلێکیاندا ژنێکی

59- مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان، بەڵگەنامە و ئا مار و بیرەوەری ئەنفالی چوار، سلێمانی چاپی یەکەم، 2001، ل67.

60- محەمەد ڕەوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2005، ل111.

61- نووسینی پرۆفیسۆر هێلمۆت یونکەر، وەرگێڕانی: ناسر سەلاحی، دەروونناسی، ترس، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2008، ل18.



دووگیانی خەڵکی ناوچەی ئامێدی ژانگرتی ژنەکانی تر بەسەر شۆفێرەکەدا قیژاندیان، بوەستێ، بەڵام شۆفێر ملی نەدا و سەربازێکی بەدخوو شەقێکی بۆ ژنە دووگیانەکە داهێنایەوە، ئەوجا بەدەم ڕۆیـ شتنی ئۆتۆمبێ لە پڕ لە عەشامەتەکە و هەڵبەز و دابەزییەوە بە ڕێگادا، ژنە منداڵەکەی لێ بووەوە و منداڵ ماو ناویان لێ نا هاوار[62].

ئێستا هاوار هەڵگری یادەوەری ژانگرتنی ڕۆژانێکە، کە تەنیا دایکی بەهای ئەو ژا نە دەزانیـ ت، دە شێت کۆ مەڵێك شوێنەواریـ شی لای دایکە کە بەجێهێشتبێت، کە هەر خۆی هەستی پێ بکات، هاوار پێدەچێت هەر ساتێك دایکی بە قوڵی بۆی بڕوانێت و بیری لێبکا تەوە، لە هەمانکا تدا کردە نامرۆییەکانی ڕژێم و سەربازەکانی بێتەوە یاد، ئەو ژا نە ئاوێ تەی ژا نی لەدایکبوونی هاوار ببێتەوە و ئازاری جەستەیی بۆ ئەو دایکە بهێنێت.

ئەگەری تووشبوون بە زەیستانە خەمۆکی هەمان ڕێژە یە، لە گەڵ ئە گەری تووشبوون بە خەمۆکی لە ژنانی ئاساییدا "نا زەیـ ستان"، کە لە10%-25%ە[63].

ئیتر هیچ گومان نامێنێتەوە، کە ئەو ژنانە بتوانن هەر وا بە ئا سانی ئەو ڕۆژانە دەرباز بکەن، زۆرتریش لەبەرئەوەی بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە تاوانە کە ئازاری منداڵبوون و ژانی ئەوانی قورستر کردووە و چەندین قات کارەساتبارتر بووە بۆیان، لە یادەوەرییان ڕەنگیداوەتەوە.

62- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، ئامادەکردنی: م یدڵ ئیـ ست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپخانەی خاك، سلێمانی، چاپی یەکەم، 1999، ل487.

63- دەروندروستی، ڕێکخراوی IRD، ئازار 2009، ل18.

## باسی دووەم: داڕووخان "احباط".

### 1- داڕووخان وەك دەرەنجامێك:

بارێکی دەروونییە مرۆڤ کاتێك هەوڵ بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دەدات، هەست بە دڵەڕاوکێ و نامۆیی دەکات و ئاستەنگی دەروونی بۆ کە سایەتی درو ست دەبێت، وەك نزمبوونەوەی ئاستی زیرەکی و هەست بە گو ناهکردن، ئە مەش ئاستەنگە بۆ گەیشتنی ئەو تاکە بە ئا مانجی خۆی، کە لەوانە یە لە بەر هۆکاری ماددی و کۆمەڵایەتی دروست ببێت، دەبێتە هۆی درەنگ تێر بوونی پێویستییەکانی و زۆرجار لە ئەنجامی دۆخێ کی کۆمەڵایەتی یەوە ڕوودەدات، شەڕ و قەیرانی ئابووری و ڕکابەرێتی توند و تو ندڕەویی ئاینی و ڕە گەزی و نەبوونی هەلی گونجاو و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی هەموویان هۆ کارن بۆ داڕووخان[64].

هەر ئەمەش هۆکارە بۆ درەنگ تێرکردنی پێویستییەکانی ئەو تا کە، کە زۆرجار لە ئەنجامی دۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە ڕوودەدات، شەڕ و داگیر کاری و قەیرانی ئابووری و سیاسی و ڕکا بەرێتی تو ند و نەبوونی هەلی گو نجاو لەبەردەم تا کدا و تو ندڕەوی ئاینی و ڕە گەزی و نەبوونی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و داگیر کاریی هەموو هۆ کارن بۆ داڕوو خان لە کەسایەتیدا.

64- د. عبدالمنعم الحنفي، موسوعة الطب النفسية، علم النفس والطب النفسي في حياتنا اليومية، "احباط"، المجلد الأول، 2005، ص12.



ئەوانەی لە ئەنجامی فشارەوە تووشی داڕوو خان "احباط" دە بن، دوو چاری زیندەخەوییش دەبنەوە، چونکە بە زیندە خەو قەرەبووی ئەو داڕوو خان و کەموکوڕیی و بێ هیواییە دەدەنەوە، هەتا کەمێك باری سەرشانی سوك بکات و خۆی لە واقیع دووربخاتەوە، مرۆڤی تەمەن گەورەیش لە ئەنجامی هەڵوێستی قورسی ژیانەوە دووچاری داڕووخان دەبنەوە[65].

واتە ڕەوتی قورسی گوزەران و نیشتەجێبوون و زەحمەتی ڕاهێزانی ژیان بە مانا سادەکەی لای ئەوان، جارێکی تر هۆکارە بۆ داڕووخان لە کاتێ کدا دە نگ و هاواریشیان وەك خۆی و بە شوێنی شیاوی خۆی ناگات، چونکە لەم بارا نەوە زۆر وتراوە و کەم بیستراوە یان هەر نەبیستراوە و دەروونێکی بەرپرس و ویژدان زیندووی حوکمی و سیاسی، کەم بە دەم ئەم هەڵوێستە قور سەی ژیانیا نەوە چوون، دەرەنجام پێدەچێت ئازارە دەروونییەکانیان سەربکەوێت.

وەك سەرچاوە دەروونناسییەکان ئاماژەیان پێکردووە، ئەو تاکە خەونی ناخۆش دەبینێت و یادەوەری ئازاراویی لا کەڵەکە دەبێت و هەڵچوونی توند و تووڕەیی زۆر و ترس و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە گوناهی لا دروست دەبێت، ئەو یادە ناخۆشانەش وەك ئازاری جەستە هەست پێ دەکات، ئەما نەش دەبـ نە هۆی گۆڕانی فیسیۆلۆژی و جەستەیی و ماوە درێژ دەمێننەوە.

داڕووخان واتای تێکچوونی هوشیاری و چالاکی مرۆڤە بەو حاڵەتە دەوترێت، کە مرۆڤ ئاستی ناڕازیبوون و نا ئاسوودەیی بە ئەندازەیەك بگات، نەتوانێت لەژێر بار یدا بژی، لە ئەنجامی تێك چوونی پەیوەندی یەکی قوڵ یان

65- ج.ایزنك، ترجمة عبدالمجيد نشواتي، علم النفس الحديث و نتائجة الاجتماعية، دمشق، ط2، 1996، ص14.

پەرچەکردارێکی توند لە شەڕی ژیاندا یان ڕوودانی کارەساتێکی قورس، کە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت[66].

کە تاك دووچاری داڕووخان دەبێت تووشی هەڵچوونی قورسی دەروونی و تووڕەیی زۆر و پشتگوێخستنی دەوروبەر و سزادانی دەروونی بێ سنووری خۆی دەبێتەوە، بە مەبەستی چارەسەری دەبێت لە شوێنێکی دوور لەو شوێنەی ڕووداوەکە تێیدا ڕوویداوە، بۆ شوێنێکی ئارامتر بگوێزرێتەوە.

مرۆڤی ئاسایی دەتوانێت ڕەفتاری بە پێی هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و جیاوازەکان دیاری بکات، توانا و توانستی خۆی بە گوزارشت لەخۆکردن لەڕووی ئەرێنییەوە، کە "خۆشەویستی و ڕازیبوون و سەرسامبوون و تووڕەیی و ئازارە" دیاری بکات، بەڵام ئەگەر نەتوانرا بە فاکتەری جیاواز گوزارشت لەم هەستانەی بکات، یان لە ئارەزوو و هەڵوێستی لەبەردەم کەسانی تردا تووشی کەموکوڕیی بوو، یان تووشی ململانێی زۆر لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی تر بووەوە، یان گوزارشت نەکردن لە خۆشەویستی و گوێگرتن لە کەسانی تر، زەحمەتی لەبەردەم کەسانی تردا بۆ دروستکرد، بە هێوریی ئەم کەسە متمانە بە خۆی بزر دەکات و مێشکی هیلاك دەبێت و ترسی لە کەسانی تر لا دروست دەبێت.

ژیانی ئەو کەسانەی تێیە لە قەیرانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەکانەوە، هۆکارێکیشی جەنگە، کە هەڵکشان و داکشانی دەروونی لای تاك دروست دەکات و زۆر جار هۆکاری عەقڵی و

66- د. عبدالمنعم الحنفي، موسوعة الطب النفسي، علم النفس والطب النفسي في حياتنا اليومية، "احباط"، المجلد الآول، 2005، ص554.



جەستەیی درێژخایەنیش بۆ مرۆڤەکە بەجیدێڵێت، یان حاڵەتی تری وەك ڕاگواستن و کۆچکردنی لێدەکەوێتەوە، بۆیە جەنگ سەرچاوەی تێکچوونی دەروونی مرۆڤە.

جەنگ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دادەبڕێت و دەیباتە کەشێکی ماددی و دەروونی نەناسراوەوە، کۆمەڵێك ئاستەنگی دەروونی بەرهەمدێنێت، کە سەرچاوەی تەنگەژەی دەروونین بۆ مرۆڤ[67].

ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بەشێکی گرنگە بۆ بزواندن و هەبوونی چالاکی و ئاگاداربوونی لە بواری جیاوازدا، تیۆرییە دەروونییەکان سەلماندوویانە، کە کێشە لەم بوارەشدا، ململانێی دەروونی و دڵەڕاوکێ و گرفتی دەروونی زیاد دەکات و دەبنە گرفت و داهێنان لای تاك کەمدەکەنەوە.

لە ئەنجامی ڕاپرسییە مەیدانییەکەدا لەبارەی پرسیاری.

**هەست دەکەیت چێژ لە ژیان وەرناگریت؟، دەرکەوتوە:**

ڕێژەی لە 74٪ی ڕەگەزی ژن دەڵێن، بەڵێ، چێژ لە ژیان وەرناگرین.

ڕەگەزی پیاو ڕێژەی لە 57٪ی پێکهێناوە، کە چێژ لە ژیان وەرناگرن.

کۆی گشتی هەردوو ڕەگەز، کە پێیانوایە چێژ لە ژیان وەرناگرن، ڕێژەی لە 64٪ی پێکهێناوە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9) بڕگەی (5).

67- گاستۆن بۆتۆل، وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفوری، سەردار حەسەنی، کۆمەڵناسی جەنگ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی چاپی یەکەم، 2006، ل64.

## 2- گوشاری دەروونی دوای زەبر ptsd:

کاریگەرییە دەروونییەکانی ململانێ، خراپ مامەڵەکردن و توندوتیژی دەبنە هۆی چەند گۆڕانکارییەك لە هەڵسوکەوت و رەفتار و هەستکردن بە ترس و بێ ئومێدبوون لە یارمەتی و بەهاناوەچوون لای تاك، ئەمانەش هۆکاری گرفت و نارەحەتی و نەتوانینی ئەنجامدانی کار و ئەرکی کۆمەلایەتی یان هەر بوارێکی تری گرنگن لە ژیانی مرۆڤدا[68].

لە گوشاری دەروونی دوای زەبردا تاکەکە روو بەڕووی رووداوێکی کاریگەر بووەتەوە، لەو حاڵەتەدا دەبێت هەردوو لەم نیشانانە هەبن، کەسەکە هەستی پێکردووە یان بینیویەتی، یان رووبەڕووی رووداوێك یان چەند رووداوێك بووەتەوە، کە هەڕەشەی لە ژیانی کردووە، یان ئازارێکی زۆری جەستەیی بەخۆی، یان چەند کەسانێکی دەوروبەری گەیاندووە، کاردانەوەی ئەم کەسەش بریتیبووە لە ترسێکی زۆر، تۆقین یان هەستکردن بە بێ ئومێدیی لە بەهاناوەهاتن و یارمەتیدانیان.

پەشێوی پاش زەبری دەروونی یەکێکە لە حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێ، بریتییە لە شڵەژانێکی دەروونی یان سۆزداری، پاش تووشبوونی کەسێك بە رووداوێکی زەبراوی توند تەشەنە دەکات، کە هەست بە ترسێکی زۆر دەکات، یان رووداوێکی هاوشێوە دەبینێت، کە تووشی یەکێکی تر دەبێت[69].

68- د. عبدالستار ابراهيم، الدكتورة رضوي ابراهيم، علم النفس أسسة و معالم دراساتة، الدار العربية للنشر و التوزيع، طبعة الثالثة، 2003، ص189.

69- د.ئەفرام محەمەد حەسەن، نەخۆشییە دەروونییەکان، گوشاری دوای زەبر، سلێمانی، چاپی دووەم، 2009، ل93.



دەکرێت ئەو راستییە پەسند بکەین و بڵێین ئێمە وەك باشووری کوردستان هەموومان قوربانی جەنگ و زەبری دوای جەنگ و پەلامار و کوشتارین، بەم پێیە هەموو، کە زەبر و توندوتیژیی و مامەڵەی خراپی سیستمی دیکتاتۆری و پاش ئەویشمان بینیوە و هەستمان پێ کردووە و قوربانی بووین، گەلێك رەفتار و هەستی جیاوازی لا دروستکردووین و تووشی ترس و نائومێدیی و ئازاری ویژدانیش بووینەتەوە، کە نەمانتوانیوە بچین بە هانای ئەو قوربانییانەوە، کە لەبەرچاومان گوزەریان کردووە و ئازاریان بینیوە، یان بێین بە هانامانەوە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش زۆر ریشەدارتر و بەتایبەتتر هەست و ئازاری تاوانەکەیان لا دروستبووە.

دووبارەبوونەوەی بەردەوامی رووداوەکە لە شێوەی شالاودا بۆ سەر بیر و خەیاڵی ئەو مرۆڤە، دەبێتە هۆی گرژیی و خەمباری دەروونی لە لای[70].

لێ ئەو دایك و خوشك و ژن و باوکەی لەژێر دەستی ستەم و دیکتاتۆردا نزیکترین کەس و خۆشەویستیان لە دەست وەردەگیرێت و هەر لەبەر چاوی خۆیاندا بە مەرگ دەسپێردرێن و توانای بەهاناوەچوونیان نییە، مرۆڤ چۆن باوەڕ دەکات تا رۆژ و ساڵانێکی زۆر ئەو دیمەنە مەرگهێنەرەیان بیر دەچێتەوە و رۆژانە ئازاری ویژدانی ناچێژن؟

لە کاتێکدا ئادەمیزاد بە شێوەیەکی غەریزەیی حەز بەوە دەکات، بە نەرمونیانی و تێگەیشتنەوە رەفتاری لەگەڵدا بکرێت و نایەوێت خۆشی و ناخۆشییەکانی وەك مەسەلەیەکی کەمبایەخ لەلایەن کەسانی ترەوە تەماشا

70- هەمان سەرچاوە، ل93.

بكرێت، بەڵكو پێیخۆشە هاوڕێ و كەسوكار و سەرۆكەكانی بە هی خۆ یانی بزانن[71].

دەرەنجامی ئەم رووداوە، واتە گوشاری پاش زەبر، لای ئەو تاكەی بینیو یەتی و كاریگەر بووە، بووەتە هۆی ئەوەی بەردەوام دیمەنە كە بێ تەوە بەر چاوی و لەگەڵیدا بژی، هەوڵیش بدات خۆی لێ لابدات، بەڵام بە بەردەوامی هەبوونی نیشانەكانی هوشیاری و ئامادەگی وەك دڵە ڕاوكێ، دڵە كوتێ و... ه تد لای دووبارە دەبنەوە[72].

دووبارەبوونەوەی هەستكردن بە رووداوەكە بەبێ حەزی خۆی، چ لە رێ گای بیركردنەوە بێت، یان وێنە و بینینی دیمەنی رووداوەكەوە، دەبێتە هۆی دوو بارە بینینی خەونی ناخۆش لەسەر رووداوەكە و هە ستكردن بە نارەحەتی یەكی دەروونی ناخۆش، یان كاتێك لە ناخی خۆیداییە یان بە هەر هۆ كارێكی تر، كە لە دەوروبەردا ئاماژەیەك هەیە لە رووداوەكە دەچێت.

زۆر لە كاریگەری یەكانی رووداوی دوای زە بر یان "هێد مەی دەروو نی" راستەوخۆ پاش روودانی لە كەسەكە دەرناكەوێت، بۆیە پێویستە زۆر بە وردی بەدوای حاڵەتی ئەو كەسانەوە بین، كە لە شوێنی ئازارە كەوە دەگەرێ نەوە، دەبێت بوار بە كەسەكە بدرێت بۆئەوەی بە ئازادی رووداوەكە بگێڕێ تەوە، لە روانگەی خۆییەوە و یارمەتی بدرێت هە ستی خۆی دەربڕێ ت لە كاتی گێڕانەوەی رووداوەكەدا[73].

---

71- نووسینی، ج. كورتوا، وەرگێڕانی: سابیر بەكر بۆكانی، سایكۆلۆژیا دەربارەی هو نەری سەركردایەتیكردن، میهر و سۆز و نەرمونیانی، سلێمانی، چاپی دووەم، 2001، ل97.

72- دەرووندروستی، رێكخراویIRD، ئازار 2009، ل 98.

73- د. عبدالستار ابراهیم، الدكتورة رضوي ابراهیم، علم النفس أسسة و معالم دراساتة، الدار العربیة للنشر والتوزیع، طبعة الثالثة، 2003، ص187.



هەوڵی بەشداریكردنی ئەو كەسە بدرێت لە چالاكی كۆمەڵایەتیدا، بۆ ئەوەی رێگایەك بۆ دەربڕینی ئەو پاڵەپە ستۆیەی ناخی بدۆزێ تەوە، كە هە ستی پێدەكات، چونكە تاڕادەیەكی باش هاوكارێتی بۆ چارە سەری دەروو نی، لە راپرسییەكەدا دەركەوتووە، كە زۆرینەی كەسوكاری ئەنفالكراوان داوا دە كەن، لایەنی پەیوەندیدار و حكومەت سەردانیان بكات، ئەمەش نی شانەی ئەوە یە پێویستیان بە كەسانێكە ناخی خۆیانی بۆ هەڵڕێژن.

بەپێی ئاماری بە دەستمانهێناوە دەركەوتووە، رێژەی لە 51% داوا یانكردووە سەردانیان بكرێت.

### 3- خۆشەویستی:

**خۆشەویستی لای كەسوكاری ئەنفالكراوان.**

پێویستی بە خۆشەویستی بە وا تای خۆ شی بوی ت و خۆشبوی ستری ت، لە گرنگترین پێداویستییە دەروونییەكانە، كە هەڵ سوكەوتی تاك بێ ئەو پێویستییە لەڕووی ویژدان و رەفتارە وە تەنیا دەمێنێتەوە، وەك چۆن پێویستی تاك بە ئاسایش بەوەی هەست بكات ژینگە هاوڕێییەتی، ئەمە پێوی ستە بۆ گەشەی دەروونی و تەندروستی دەروونی، ئاوا پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی هەیە[74].

تاك پێویستی بە سەقامگیرییە هەر كاتێك هەستی كرد ئاسای شی ژینگە كۆمەڵایەتییەكەی پارێزراوە و گشتگیرە، ئەو كاتە هەست بە پڕكردنەوەی ئەم پێویستییەی دەكات، هەستكردن بە نەبوونی ئاسایش لە تە مەنی منداڵ یدا

---

74- أوتو كلینبرغ، ترجمة حافظ الجمالي، علم النفس الاجتماعي، منشورات دار مكتبة الحیاة، بیروت، 1967، ط2، ص65.

کاریگەری لەسەر ئازایەتی منداڵەکە دەکات و بە هەڵچوونی دەروونیش ئەم تایبەتمەندیی ئازایەتییە کەمدەبێتەوە.
زۆرێك لەو کەسانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بوون منداڵ بوون یان تەمەنیان کەمبووە، هەست و بینینیان لە توندوتیژیی و کاری دڕندانە سەر پڕ بووە، چ جای ئەوەی هەست بە ئاسایشی ژینگەکەیان بکەن، بۆیە نادڵنیایی و ترسی هەمیشەیی لا دروستکردوون، بە مانا ژینگەکەیان هاوڕێ و خۆشەویستیان نەبووە، جارێکی تر پڕ نەکردنەوەی ئەم پێویستییە دەچێتەوە خانەی تێرنەبوونی پێداویستییەکانیان، بەپێی تیۆری ماسلۆ بەتایبەتی پێویستییە دەروونییەکان، دەشێت تا ئێستاش ژینگە و باری ئاسایش بە هاوڕێ و نزیکی خۆیان نەزانن و هەست بە ئارامی نەکەن، چونکە پێویستییەکانیان هێشتا خاڵیین.
ماسلۆ پێداویستییەکانی مرۆڤی لە حەوت خاڵدا کۆکردووەتەوە، خۆشەویستی لە پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤە، ئەم پێویستییە لە تاکەکەسدا بە رەنگی خۆشەویستی بۆ ئارەزوو و پێکهێنانی پەیوەندی سۆز و میهرەبانی لەگەڵ کەسانی تردا بە گشتی و ئەو کۆمەڵگەیەی لە گەڵیاندا دەژی دەردەکەوێت[75].
ئەو کەسانەی رووبەڕووی گوشاری دوای زەبر بوونەتەوە، یەکێك لەو کاریگەرییانەی تیاندا بەجێدێڵێت، تەسکبوونەوەی بازنەی سۆز و میهرە، نموونە ناتوانێت هەستی خۆشەویستی دەرببڕێت و هەڵچوونی خۆشی کەمدەبێتەوە و هەست دەکات داڕۆژێکی کورت و رەشی هەیە، هەست ناکات

75- د.عبدالمنعم الحنفي، الموسوعة النفسية، علم النفس و الطب النفسي في حياتنا اليومية، المجلد الثاني، ط1، 2005، ص64.



لە داهاتوودا پیشەی دەست بکەوێت و هاوسەرگیریی بکات و منداڵی هەبێت، یان ژیانێکی ئاسایی بباتە سەر.
شاڵاوەکە کەسوکاری ئەنفالکراوانی ناچار کرد، تەنیا بەدوای بژێویی ژیانیاندا رابکەن، نەپەرژێنە سەر پەیوەندی و سۆزی نێوان خۆیان، هەر چەندە پێش پرۆسەکە بە شێوەیەکی تر بوون و پەیوەندی خزمایەتی و کۆمەڵایەتییان گونجاو و ئاسایی بووە.
**بەپێی ئەو راپرسییەی ئەنجامانداوە، لەبارەی پرسیاری تا چ رادەیەك بە تێکەڵبوونی خەڵك ئاسوودە دەبێت؟، دەرکەوتووە:**
رێژەی لە 60.75 ی بەشداربووان بە تێکەڵبوونی خەڵك ئاسوودە دەبن.
سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکانیان سنووردارە و ناتوانن پەیوەندی دروست بکەن و تێکەڵ ببن، بەڵام پێی ئاسوودەن، ئەمەش زۆرتر لەناو رەگەزی ژناندایە، هەر بەپێی ئەم راپرسییەش پەیوەندییەکانیان نزمبووەتەوە، بەهۆی ئەوەی ئەم خەڵکانە رۆژانە بەدوای پڕکردنەوەی پێداویستی ژیانیانەوەن و ناپەرژێنە سەر یەکتر.
بڕوانە خشتەی ژمارە (14).
ئەو منداڵانەی رووبەڕووی رووداوی بە زەبر بوونەتەوە، لەوانەیە نیشانەکانیان زۆر جیاواز بێت، بەراورد بە تەمەنە گەورە وەك رەفتاری نارێك و جوڵەی بەردەوام و دووبارە نمایشکردنەوەی رووداوەکە و بەردەوام یاریکردن بەو ئامرازانەی دەبنە هۆی دەربڕینی رووداوەکە[76].

76- بنەماکانی دەروونزانی گشتی، عزالدین احمد عزیز، دەزگای چاپ و پەخشی رۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم، 2011، ل14.

رۆشنبیری دەروونی یارمەتی تاك دەدات مامەڵەی دروست لەگەڵ رووداوەكاندا بكات، بێجگە لە چارەسەركردنی حاڵەتەكان و ئەو كەسانەی بەر زەبری لەناكاو كەوتوون، چونكە ئەمجۆرە چارە سەرییانە هانی دەستەبەركردنی چارەسەری دواتر دەدەن، هاندانی ئەو كەسانەی بە توندی بەر زەبر كەوتوون، تا لە سەرەتاوە متمانە و پشت بە هێزی خۆیان ببەستن و دانایی و هۆشی خۆیان بە كاربهێنن.

## 4- سایكۆلۆژیای پێداویستی "سيكولوجيه الحاجات":

ئەبراهام ماسلۆ تاك وەك كۆمەڵێك پێداویستی لێك دانەبڕاو سەیر دەكات، هەموو مرۆڤێك تا پێداویستییە بنەڕەتییەكانی تێر نەكرێن، هەستەوەرییەكانیشی بە دەوروبەرەوە پەیوەست نابن، پێیوایە رەوشتی تاك لەگەڵ هەڵكشانی تێربوون و تێرنەبوونی پێداویستییەكاندا دەگۆڕێت، پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی ناوەوە و درێژەپێدانی و ئنجا پڕكردنەوەی ئەو پێداویستییانەی پەیوەستن بە دەوروبەرەوە، هاوسەنگیی لە گەڵ ژینگە و كۆمەڵگەكەیدا بۆ دەستەبەر دەكات[77].

گەلێكجار بۆ پڕكردنەوە و رەهابوونی چێژی پێداویستی، تا هاوسەنگیی جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتی دەستەبەر بكات، ئەوا تاك میكانیكی بەرگریی دەروونی بۆ لابردنی سانسۆرەكانی خود بەكار دەهێنێت، مرۆڤ لە ژیانیدا كۆمەڵێك پێداویستی فسیۆلۆژیی و دەروونیی هەیە، تێركردنیان

77- ادلرك، الخوف من الحرية، دار الطليعة، بيروت، ط2، 1988، ص80.



دەبێتە مایەی سازاندن لە تەك ژینگە و كۆمەڵگە و بەردەوامبوون لە ژیان، تێر نەكردنی پێداویستییەكان و بێبەشبوونی لێیان، كۆمەڵێك گیروگرفت و ئەندێشەی جەستەیی و دەروونی بۆ ئەو مرۆڤە دەخوڵقێنن بۆ گۆڕینەوەی خودە سانسۆرەكان و دەرچوون لە دڵەڕاوكێ و تێركردنی پێداویستییەكان[78].

پێداویستییە ئەندامی و بیۆلۆجی و فیسۆلۆجی و ماددییەكان، هەموویان بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستن بۆ ئەوەی بژی، بە ئەم پێداویستییانەش دەوترێت پێداویستی سەرەتایی یان زەروری، هەندێك لەو پێداویستییانەش دەروونین و بۆ ژیانێكی باشی مرۆڤ پێویستن، مرۆڤ لەپێناو ژیانێكی باشتر پێویستی بە بەها و ماف و دادپەروەریی و جوانی و باوەڕی هەیە، بۆ ئەمەش هەندێك لەو پێداویستییانە بە پێداویستی باڵا دەناسرێن.

پێداویستی سەرەتایی و سەرەكی، كە پێویستی دەروونیش دەگرێتەوە، لە هەموو قۆناغەكانی تەمەندا بۆ مرۆڤ گرنگن، پێداویستییەكان لێك جیاناكرێنەوە و كارلێك لەگەڵ یەكدا دەكەن، بە هەموویان پێكەوە دەبنە پێداویستییەكی تەواو بۆ مرۆڤ.

دووەم هەرەمی ماسلۆ هەرەمی پێداویستییە دەروونییەكانە، كە لەم بارەیەوە راستەخۆ كاریگەرییەكانی تاوانی ئەنفال لە سەر تاك دروستبووە، لەم تیۆرییەدا ماسلۆ وێنەی هەرەمێك بۆ پێداویستییە فیزیایی و دەروونییەكانی مرۆڤ دەكێشێت و لە پێنج پلەدا دیاریكردووە و دەركەوتووە، گەشەی كەسێتی مرۆڤ پەیوەستە بە چۆنێتی و چەندێتی تێربوونی ئەم پێداویستییانەوە، مرۆڤ ناتوانێت بگاتە پلەی دووەم پێش تێربوونی هەموو پێداویستییە تایبەتییەكانی.

78- و سابیر بەكر بۆكانی، سایكۆلۆژیای گشتی، سلێمانی، چاپی یەكەم، 2003، ل28.

بۆ تێربوونی هەموو پێداویستییەکانی، مرۆڤ وزەیەکی ناوەوەی هەیە، تاك ئازار دەدات و نا ئارامگیر دەبێت، ئەنجامی ئەم ئازارە رەوشتێکی شەڕانگێزیی پەیدا دەکات، کە بەدوای کایەی تێربوونی پێداویستییەکاندا دەگەڕێت، تا قۆناغی تێر بوون و ئارامگیری، بەڵام ئەگەر ئەم وزەیە لە ناخی تاکدا بەهۆی بوونی تەگەرە و کۆسپی "کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری"یەوە گەمارۆ درا، ئەوا تاك تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت و بەهۆی تێر نەبوون و هەستبە بۆشاییەکی بەردەوام، لە لایەنی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونییەوە دەکات، کە تووشی خەمۆکیش دەبێتەوە[79].

پڕ نەکردنەوەی پێویستییە تایبەتییەکانی مرۆڤ، لەڕووی دەروونییەوە کەموکورتی بۆ دروست دەکات، مرۆڤ لە گەشە رادەوەستێنێت و لە پێکهاتەی دەروونیدا کەموکوڕیی دەبێت، بۆیە ئەگەر تاوانی ئەنفال بەم پێداویستییانەوە ببەستینەوە، دەردەکەوێت پرۆسەی ئەنفال کاریگەری قوڵی لە پێکهاتەی دەروونی کۆمەڵگەدا دروستکردووە، لە زۆر لەم پێویستییانە بێبەشن، تاڕادەیەکی زۆر کەموکوڕیی لە پڕکردنەوەی ئەم پێداویستییانەیاندا دروستبووە، کەواتە سەرتاپای کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفال شێوێنەر و نەرێنییە لەسەر کەسێتی و پێکهاتەی دەروونی رزگاربووەکان.

79- یوسف عوسمان حەمەد، دەروونزانی، وتار، لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، چەمکی جیهانی ناوەوە، هەولێر، چاپی یەکەم، 2004، ل136.



گریمانی سەرەکی لە تیۆرەکەی ماسلۆدا بریتییە لەوەی پاڵنەرەکانی رەفتار لەو پێداویستییانەوە سەرچاوە دەگرن، کە پڕ نەکراونەتەوە و تاك هەوڵدەدات پڕیان بکاتەوە[80].

**بەپێی ئاماری راپرسییە مەیدانییەکە لەبارەی پرسیاری هەستدەکەیت ئارەزووی خواردنت تێکچووە؟، دەرکەوتووە:**

ڕێژەی لە 65,1٪ی ژنان ئارەزووی خواردنیان تێکچووە.

ڕێژەکە لای پیاوانیش لە 59٪ی پێکهێناوە، کە ئارەزووی خواردنیان تێکچووە.

کۆی گشتی هەردوو رەگەزییش ڕێژەی لە61.5٪ی پێکهێناوە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (9)، بڕگەی (شەشەم).

## 5- سایکۆلۆژیەتی بازاڕ:

مرۆڤی خەمبار هەمیشە دەروونی شەکەت و هیلاکە، ئەمەش بارێکی دەروونی بۆ دروست دەکات، ئەم بارە دەروونییەش لەسەر جەستەشی کاریگەرە، تووشی دڵەڕاوکێ و گرفتی جەستەییش دەبێتەوە، خەمخواردن سەرچاوەی زۆر لە نەخۆشییە جەستەییەکانە بەپێی زانستی دەروونی[81].

سایکۆلۆژیای بازاڕ بەستراوە بە سایکۆلۆژی بەکاربەرەوە، کە یاساکانی ئابووری بەسەر بازاڕدا زاڵە، لە هەموو شیان گرنگتر یاسای خواست و

80- مهاباد قرداغي، كارثة الأنفال و انعكاساتها النفسية على المجتمع الكردي، الحوار المتمدن- العدد: 568- 19/8/2003.

81- امل الآحمد، الحالة النفسية، بحوث و دراسات في علم النفس، مؤسسة الرسالة، ط2002،1، ص222.

خستنەڕووە، بڕیار وەرگرتن لە کڕین و فرۆشتنندا بە مەیل و باری دەروونی تاکەوە گرێدراوە، توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر و زانینی پێویستی و کاڵا و تایبەتمەندییەکانی، کاریگەرییان لەسەر تاك و پێشوازیکردنی لە کڕیندا هەیە، پێداویستییە دەروونییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە پاڵنان بە مرۆڤەوە، بۆ کڕینی کاڵا و خەریکبوونی بە کاری بازاڕەوە هەیە، کە تاڕادەیەکی زۆر قەرەبووی دەروونی بۆ تاك دەکاتەوە.

هەڵبەتە بەو شێوەیە نا، کە زیادەڕۆیی لە کڕیندا بکات و زیانی ئابووری پێ بگەیەنێت، بەڵام پێویستە ژنان، بەتایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان، ئەم زەمینەی بازاڕکردنەیان بۆ خۆش بکرێت.

بۆیە بەپێی زانستی دەروونناسی دەکرێت ژمێرە بۆ سایکۆلۆژیەتی خەڵك لە بازاڕدا بکرێت، لە ڕێگەی قایلکردنیان بۆ کڕینی کاڵا و پێداویستی دەروونی خەڵك ڕەچاو بکرێت، هەر لە پێویستی بە ئارامی و ئاسایش و تەندروستی و بازاڕکردن و هتد... بەم پێیە پێویستی بازاڕکردن و فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان لە پلەی یەکەمدایە و دەبێت گرنگی پێبدرێت.

ئەو کەسانەی حەز بە زێدە بازاڕیکردن و کڕین دەکەن بەگوێرەی دەروونناسی ئەوانەن، کە هەست بە تەنیایی و بێ سۆزی و بۆشایی لە ژیانی سۆزدارییاندا دەکەن و دابڕاون لە سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی، هەر چەندە هەندێك بۆچوونی تر ئەم ئارەزووەی مرۆڤ بۆ حەزی گەیشتن بە دەسەڵات و سامان دەگەڕێننەوە، ئەم بۆچوونەی دووەمیان کەمتر متمانەی پێدەکرێت، چونکە خواستی بازاڕکردن و داواکردنی پێداویستی لای کەسوکاری ئەنفالکراوان زۆر زێدەیە، ئەم پێویستییە بۆ ژنانی کەسوکاری ئەنفالکراوان خاڵێکی گرنگە، کە زەمینەی بۆ خۆش بکرێت، لەپێناو ڕەوینەوەی خەمی دەروونیاندا تا ڕادەیەك.

لەکاتێکدا ئەوان لە کۆندا لە گوندەکەی خۆیاندا خاوەنی هەموو شتێك بوون، بەڵام ئایا پڕکردنەوەی ئەم پێویستییەی بازاڕکردن بۆ ئەوان، قەرەبووی ناخیان دەکاتەوە؟، بێگومان لەوانەیە کەمێك ئازاریان کەم بکاتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك خەمی ناخیان سارێژ ناکات و قەرەبووی بنەڕەتییان بۆ ناکاتەوە.

ئەوان مرۆڤی خەمبارن مرۆڤی خەمگینیش بە پێی زانستی دەروونی، بیر لە تازەکردنەوە و پێکهێنانەوەی ژیانیان ناکەنەوە، بگرە ژیانی ئێستای خۆی بەلاوە قورس و زیادە، لە هەمانکاتدا ئەوان زۆرینەیان ژنن، کە ئەم بارەیان بەسەردا هاتووە، لە کاتێکدا ژن خۆی لە کۆمەڵگەی کوردییدا هەموو مافە سرووشتییەکانیشی لێ سەندراوەتەوە، چ جای ژنانی پاش ئەنفال، کە گەلێکیان لە ئۆردووگادان و لەژێر بارێکی دژوار و قورسی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا دەژین.

**بەگوێرەی ئاماری ڕاپرسییەکە لەبارەی پرسیاری هەست دەکەیت چێژ لە ژیان وەرناگریت؟، دەرکەوتووە:**

لە 74٪ی ڕەگەزی ژن چێژ لە ژیان وەرناگرن.

ڕێژەی لە57٪ی پیاوانیش بە هەمانشێوە.

کۆی گشتی هەردو ڕەگەز ڕێژەی لە 64٪ی پێکهێناوە.

کەواتە ڕێژەی لە 64٪ی کەسوکاری ئەنفالکراوان چێژ لە ژیان وەرناگرن، بەڵام بازاڕیکردن تاڕادەیەك ئەم ئاستە دادەبەزێنێت.
**بڕوانە خشتەی ژمارە (9)، بڕگەی (پێنجەم).**

**باسی سێیەم: بوارە کاریگەرەکان بە گرفتی دەروونی:**

**1- هەڵچوونی دەروونی لە لای تاك دوای تاوانەکە.**

هەڵچوونی دەروونی تەنیا پڕۆسەیەکی فیسۆلۆژی نییە، بەڵکو ئەم پڕۆسەیە بە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی تاك کاریگەر دەبێت، وەك باری ڕۆشنبیری و کەلتوور و فێرکردن و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی تاك، زۆر کەسیش لە ئەنجامی ڕەوشێکی دیاریکراو یان کێشەییەکەوە لە هەر بوارێکەوە تووشی هەڵچوونی دەروونی دەبێتەوە[82].
قوتابخانەکانی دەروونزانی لە ئەورووپا سەلماندوویانە، هەموو پەشۆکاوییە دەروونییەکان بۆ هۆکارە جەنگییەکان دەگەڕێتەوە، جەنگەڵستان دیاردەیەکی نەرێنییە بەرامبەر خودی تاك لەناو کۆمەڵگەدا، تێکچوونی شیرازەی

82 - د.عبد المنعم الحفني، الانفعال النفسي، موسوعة النفسية، علم النفس و الطب النفسي في حياتنا اليومية، المجلد"1"، الطبعة الاولي، 2005، ص 301.



پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە کارتێکردنێکی درێژ خایەنی، لەسەر قوڵبوونەوەی ململانێی نێوان من و بەرزە مندا هەیە[83].
هەستی خۆبەکەمزانین وەك ڕەفتارێکی نا کۆمەڵایەتی مرۆڤ تووشی شڵەژانی دەروونی دەکات و هەڵچوونی تێدا دەئافرێنێت، زۆر جار کە سەکە هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بۆیە دەبێت ئەو کەسانەی دووچاری کێشەی دەروونی هاتوون زوو چارەسەر بکرێن، بە پێدانی ڕێنمایی و هوشیاری تەندروستی و ڕێگەکانی خۆپاراستن لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و پەروەردە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونیشەوە.
ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ بەدەستهێنانی ئاوات و ئارەزووەکانی تاك، حکومەت بایەخ بە تاکەکان بدات، دەرفەتی کارکردن و بەدەستهێنانی دەرامەت بە یەکسانی لەنێوان تاکەکاندا برەخسێنێت، لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازییەکان کەمبکاتەوە و پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکات، لەپێناو کەمکردنەوەی تەنگەژە دەروونییەکانیاندا.
گرنگە منداڵەکانیان، کە پێویستیان بە چاودێری هەیە لەڕووی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە چاودێری بکرێن، بۆ ئەوەی تووشی لادان و مەترسی نەبنەوە، پەیوەندی سۆزداری لەناو خێزانەندا برەخسێنرێت، چونکە پشتگوێخستنی منداڵ بەهۆی سەرقاڵبوونی دایك بە کێشە و قەیرانە

83- د. صالح شيخ عمر، الجريمة النفسية و العقلية للجريمة، بغداد الطبعة الاولي، 1989، ص289.

ڕۆژانەییەکانەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و دارایی و سۆزدارییەوە زیان بە پەروەردەی منداڵەکەی دەگەیەنێت.

بۆ ئەم مەبەستە دەبێت بەرپرسانیش لە هەرێمی کوردستان گەرەنتی و چاودێری کۆمەڵایەتییان بکەن، دابینکردنی هەلی ژیانێکی ئارام بۆ گشت هاوڵاتییان، هەڵبەتە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان ئەمانە پێداویستی سەرەکی و لەپێشن، بەتایبەتی لە ناوچەکانیاندا لەڕووی دەروونییەوە چارەسەریان بە پڕکردنەوەی پێویستییە هەنووکەیی و بنەڕەتییەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت.

نەهێشتنی کاتی بە تاڵی تاکی دوای جەنگ و تاوان و پڕکردنەوەی شوێنی منداڵەکانیان بە کەلوپەلی یاریکردن و پەرتوکخانە و کردنەوەی ناوەندی گەنجان و سەنتەری دەروونی و راهێنانی پیشەیی بۆ ئەوانەی بە تایبەتی دووچاری گرفتی دەروونی بوونەتەوە، چونکە بێجگە لە کردەی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی هەر کەسێك لە شەڕ دێتە دەرەوە دەروونی بە سرووشتی تێکشکێنراوە[84].

## 2- خەون:

**ئەنفال خەونی کەسوکاریانی شێواندووە.**

84- تالیف حسام الآلوسي و أخرون، حالة النفسية، علم الاجتماع و الفلسفة، بغداد، ط1، 1995، ص221.



خەون مەسەلەی ڕێکەوت نییە، بەڵکو بەستراوە بە هزر و گرفتەکانی هەستی مرۆڤەوە، فرۆید بایەخێکی تایبەتی بە خەون داوە، لەو روانگەیەی خەون خاڵی دەستپێکە بۆ پڕۆسەی رازی ئازاد[85].

ئاستی بیرکردنەوە و هەستی مرۆڤ و ئەو گرفت و زەمینەیەی تێیدا دەژی، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە خەونەکانیشدا دەبێت، ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی و بیری تێدا دەکاتەوە و نیشتەجێ دەبێت، کار لە خەونەکانیشی دەکات، دەتوانرێت بوترێت زەمینەیەکی وەك شوێنی نیشتەجێبوون و خراپی باری دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان، لە خەونەکانیشیاندا هەمان کاردانەوەی ناخۆشی کردووە.

لە کاتێکدا ئەوان بە سرووشتی هەڵگری خەمی قورسن و لە نەست و یادەوەرییاندا رەگی هەیە، چونکە خەون رۆڵی قەرەبووکردنەوە دەبینێت، ئەمەش مانای ئەوەیە خەون دیاردەیەکی دەروونی ئاساییە و کاردانەوەی نائاگاکان یان مەیلە خۆبەخۆکان دەگوێزێتەوە بۆ گۆڕەپانی ئاگایی.

ئەو کەسانەی بە تەواوی پشت بە هزری ئەقلانییانەی خۆیان دەبەستن و هەموو سیمایەك لە سیماکانی ژیانی دەروونیان رەشدەکەنەوە یان دەیچەپێنن، ئەوانە زۆر جار مەیلێکیان هەیە بۆ خورافە، گوێ لە سرووش و پێشبینییەکان دەگرن و دەشێت فریو بخۆن، یان ئەفسوونبازان و جادووگەران بە ئاسانی کار دەکەنە سەریان، لەبەرئەوەی خەونیش قەرەبووی ژیانی دەرەکی مرۆڤ دەکاتەوە، ئەوا ئەو تەرکیزەی لەسەر بیرکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانە هەیەتی، هاوتای خۆی

85- تالیف سيجموند فرويد، ترجمة فارس ضاهر، نظرة عامة في السيكولوجيا العلمية، لبنان، طبعة الاولي، 1976، ص233.

لەو خەونانەدا دەیبینێتەوە، کە بەهۆیانەوە بە ئاقلانی دەگەن و ناتوانن خۆیانی لێ قوتار بکەن[86].

مرۆڤەکان خەون بە رۆح دەبینن و بە عەقڵ لێی تێدەگەن، شوێنی هەموو جموجۆڵەکانی ژیانی مرۆڤ دڵە، دڵیش رۆحی مرۆڤە و پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە و کاریگەریی لەسەر باری دەروونی دەکاتەوە، بۆیە دڵێکی نەخۆش، واتە رۆحێکی نەخۆش دەگەیەنێت، پاشان مێشک و دەمار و جەستە هەمووی نەخۆشە[87].

بۆیە ئەگەر خەون بینینی ئەو کەسە ناخۆش بێت، لە بێدارییدا رەنگدانەوەی لە سەر کردەوە رۆژانەییەکانی دەکات، لەبەرئەوەی لە گرنگترین ئامرازەکانی پشکنین و دینامیکێتی کەسایەتی پێکهاتە دەروونییەکانییەتی.

فرۆید لە لێکدانەوەی خەوندا خەون بە زۆرانبازیی نێوان هۆش و ویستە سەرەتاییەکانی ئەودیو هەستی مرۆڤ دادەنێت، مەبەستی لەودیو هەست، ئەو بیرکردنەوە و ترس و ئاوات و حەز و خولیایانەی مرۆڤە، کە کپ کراون و لە بیرچوونەتەوە، بەڵام هێشتا بە چالاکی کار دەکەنە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ[88].

---

86- کارڵ گۆستاڤ یۆنگ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد، مرۆڤ و هێماکانی، دەروونناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2005، ل433.

87- د. عبدالمنعم الحنفي، موسوعة الطب النفسي، علم النفس و الطب النفسي في حياتنا اليومية، المجلد الخامس، الطبعة الآولي، 2005، ص38.

88- و.ب.غوتریج، و. هیوا عومەر ئەحمەد، دەروونزانی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، چاپی یەکەم، 1983، ص27.



**بەپێی ئاماری راپرسییەکەمان لەبارەی خەوی ناخۆش دەبینیت؟، دەرکەوتووە:**

رێژەی لە 66٪ی ژنان دەڵێن زۆر خەوی ناخۆش دەبینم.

رێژەی لە 54.1٪ی پیاوانیش دەڵێن زۆر خەوی ناوخۆش دەبینم.

کۆی گشتی هەردوو رەگەز، کە زۆر خەوی ناخۆش دەبینین، رێژەی لە 58.3٪ی پێکهێناوە.

ئەمەش کاریگەریی مانەوەی یادەوەریی تاڵی تاوانەکەیە لە لایان.

**بڕوانە خشتەی ژمارە (9)، بڕگەی (سێیەم).**

## 3- ئازادی:

**کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئازادی.**

تاکی ئازاد، واتە تاکێکی خودی ئیرادە و عەقڵ، مرۆڤی بەهێز ئەو کەسەییە، کە ئیرادەی لاواز نییە و بەهێزە و توانای ئەنجامدانی چالاکی و داهێنانی هەیە، بە وتەی زانایان مرۆڤێك، کە خەمگینی وەك گرفتێکی دەروونی باڵی بەسەریدا کێشاوە، ئیرادەشی لاواز دەبێت، کەواتە کێشەی لەگەڵ ئازادی هەیە و ناتوانێت بە ئیرادەی خۆی بڕیار بدات و بجوڵێتەوە، ئەگەر مەسەلە لە سەر ژنێك بێت بە تایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان، کە چەندین جار ئازادی زەوتکراوە، وەك ژنێك و جارێك وەك ئەو مرۆڤەی خەم و چاوەڕوانی سەرتاپای ژیانی داگرتووە و جارێکیش وەك مرۆڤێك، کە مافەکانی دەستەبەر نییە و

سرووشتیش ئازاری دەدات و میهرەبان نییە لەگەڵیدا، چونکە سۆزدارترە و خەم زیاتر ناخی دەخوات.
مرۆڤی بێ ئیرادە ناتوانێت بەسەر حاڵەتەکاندا زاڵ بێت، کە واتای هاوسەنگ نەکردنی عەقڵ و بیرکردنەوە دەگەیەنێت، هەمیشە پێویستی بە هاوکاری و رێنمایی هەیە، لەکاتێکدا ئەوان لە پرۆسەیەکی پڕ لە توندوتیژییەوە رزگاریان بوە و ئیرادەیان زەوتکراوە، کە دێنەوە ناو ئۆردووگاکانیش بە هەمان شێوە رەفتاری توندوتیژانەیان رووبەڕوو دەبێتەوە و ناتوانن بە ئیرادەی خۆیان و وەك خۆیان بژین، چونکە بە بارتەقای ژیانیان خەمیان هەڵگرتووە و ئازار دراون.
مرۆڤێك بە پرۆسەیەکدا دەرباز بووبێت، کە سەرتاپای پرۆسەکە درندەیی و توندوتیژیی بێت بەرامبەری و مرۆییانە و زانایانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، پێدەچێت هەمان ئەم مامەڵەیە لە داهاتوودا مەترسی بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش هەبێت، چونکە رێژەیەکی زۆر لەوان ژنن، منداڵ پەروەردە دەکەن لەوانەیە هەمان توندوتیژیی بێ ئیرادەی خۆیان لەبەرئەوەی کاریگەریی لە رەفتاریان کردووە و نەستیانی ماندوو کردووە، لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا رەنگبداتەوە.
هەستکردن بە ئازادی لە لای ئەو کەسانەی، دووچاری گرفتی سەختی دەروونی هاتوون، لەوانەیە تا رادەیەکی زۆر کەم بێت، چونکە هەمیشە هەست دەکەن لەناو کۆتوبەنددا دەژین و هەرگیز گومان و دڵەڕاوکێ رێگەیان پێنادات ئازادانە بیر بکەنەوە، چونکە ئیرادەیان نییە و ئازادییش رێژەییە، بەڵام مرۆڤ دەکرێت لە دەرەنجامی ئیرادە و بڕیار و چالاکی لە دەروونی خۆییدا هەستی پێبکات، ئەم حاڵەتە لای ئەوانەی پاش ئەنفال پێدەچێت سەختتر هەستی پێ بکەن.



ئازادی، ئازادبوونە لە کۆت و بەند و ترس و بوونی رەفتارێك بێ ئەوەی لە دەرەوە کاریگەریی لێ بکرێت، تاك ئازاد بێت لەوەی دەیکات و ئیرادەی خۆی هەبێت و خۆی بیر بکاتەوە و هەڵبژێرێت، بە پێچەوانەی ئەو رایەی دەڵێت باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و مادی کاریگەریی لە ئازادیی تاك نا کەن، ئازادی مەرجی سەرەکییە بۆ بوونی مرۆڤ[89].
تەنها مرۆڤ خۆی دەتوانێت ئامانجێك بۆ ژیان و هۆکاری هێنانەدی ئەم ئامانجە بدۆزێتەوە، مرۆڤ ناتوانێت وەڵامێکی رزگاکەریان رەها بدۆزێتەوە، بەڵام دەتوانێت کۆشش بۆ رادەیەك لە قوڵی و روونی ئەزموون بکات، کە توانایەکی دەداتێ بتوانێت بەبێ وەهم بژی و سەربەستیش بێت[90].
واتە وەهم لای ئەو کەسانە رێگرە لە ئازادی بیرکردنەوە و سەربەستی بڕیاردان لە باشی و خراپی چارەنووس و ژیانی ئەو کەسە خۆی.
لە روانگەی فەلسەفەوە ئازادی بریتییە لە جێبەجێکردنی ئیرادە، یان لانی کەم بڕوای مرۆڤ بەوەی، کە دەتوانێت ئیرادەی خۆی جێبەجێ بکات[91].
ئازادی گەل بە پلەی یەکەم پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە یاساکانی سزادان بە باشی داڕێژرا بن، ئەو کاتە ئازادی دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، کە یاسای سزادانی هەموو تاوانێك لە سرووشتی خودی تاوانەکەوە هەڵبهێنجرێت، ئەو کات ئیتر هەموو جۆرە سەرەڕۆییەك کۆتایی پێ دێت و

89- د.عبد المنعم الحفني، موسوعة الطب النفسية، علم النفس و الطب النفسي في حياتنا اليومية المجلد"1"، الطبعة الاولي، 2005، ل55.
90- ئەریك فرۆم، و عەبدوڵڵا سیوەیلی، لەو دیو زنجیرەکانی وەهمەوە، "ئاشنا بوونم بە مارکس و فرۆید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی چاپی 2003، ل205.
91- مۆنتسکیۆ، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، رۆحی یاساکان، ئازادی، دەزگای موکریان، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2003، ل289.

سزادان نابێتە پاشکۆی حەز و ئارەزووی یاسادانەر، بەڵکو لە سرووشتی خودی تاوانەکەوە دەردەهێنرێت و ئیدی هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ستەمکاریی دژی مرۆڤێکی تر ئەنجام بدات[92].
بەم پێیە ئەگەر بڵێین هەندێك لە تاوانبارانی ئەنفال، کە تا ئێستا لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی کوردییەوە دەپارێزرێن و بە سزا نەگەیەنراون و یا ساکانی سزادانیان بۆ دانەرێژراوە و سزای تاوانە کە لە سروو شتی تاوانەکەوە هەڵنەهێنجراوە، سنووردارکردن و لەناوبردنی ئازادی ئەوانە، بەتایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان، لەوانەیە هەڵە نەبین.

## 4- سایکۆلۆژیای کات:

کات لە هوشیاریی مرۆڤدایە، مرۆڤ لە کورتترین ماوە و کەمترین ساتدا کۆمەڵێك یادەوەری و هەواڵی پێدەگات، کات "الزمن" دیاردەیەکی سایکۆلۆژییە وەك چۆن دیاردەیەکی فیزیاییە، بۆ کات بوونێکی ماددی و بابەتی هەیە، کە بە پێودانگی کات دەپێورێت، هەروەك بوونی دەروونی و خۆیی و سایکۆلۆژی هەیە، سایکۆلۆژیەتی کات جیاوازە بە پێی تاکەکان هەروەك بە گوێرەی میللەت و گەلەکانیش جیاوازە، هەندێك میللەت ئیدراك و هەست و نرخاندنیان بۆ کات کەمە، ئەمەش لە زمان و تێڕوانینیاندا و لە ڕێگەی گوزارشتکردنیانەوە خۆی دەنوێنێت.
منداڵ هوشیاری بەرامبەر بە کات نییە، هەتا تەمەنی هەشت ساڵی، کە هەست بە ڕێکخستنی کات، وەك رابردوو و ئێستا و داهاتووی لا دروست دەبێت، کات مرۆڤی کۆکردەوە و خستییە ناو ژیانێکی ڕێکخراوەوە، مرۆڤ ئەو کاتە هەستیکرد بەرنامە دانان بۆ ژیان و دابەشکردنی ئەرك و کارەکانی بەسەر کاتی گونجاودا بۆ سودی مرۆڤ خۆیەتی[93].
کاتی ڕوودانی تاوانی ئەنفال ئەو کاتە بوو، کە سەرجەم هاوکێشە فیزیاییەکان خاپوور بوون، کاتی دارمان و راوەستانی ژیان بوو، ئاخۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دەتوانن وەك هەر مرۆڤێك پەی بە کاتەکانی رابردوو و ئێستا ببەن و داهاتوویەکی پڕ بەرهەم و بە ئەزموون بە سوودوەرگرتن لە لاوازییەکانی رابردووویان بەدەست بهێنن؟
رابردووی ئەو کەسانە یاد هێنانەوەی کاتێکە، کە تێیدا توندوتیژی دەگاتە لوتکە و ئێستا و داهاتوویەکی بۆ بەرهەم دێنێت، هەرگیز لە یادەوەری ئەم کەسەدا بزر نابێت، بەشێوەیەك ئایندەیەکی بێ خەم و پڕ هیوا چاوەڕوانی بکات، لەبەرئەوەی هەر سێ کاتی رابردوو و ئێستا و داهاتوو و لە ژیانی ئەو کەسانەی پاش تاوانەکە، لەژێر باڵی درندەیی ڕژێمێکدا بەرەو فەنابوون ڕۆیشتووە.
تیۆری کات چوارەم تیۆرییە، کە ئەنیشتاین لە زانستی فیزیادا باسیکرد و خستییە پاڵ ڕەهەندە فیزیاییەکانی ترەوە، چونکە پێیوابوو بێ کات تیۆرە فیزیکییەکان تەواو نین، کاتی ئێستا لای ژنانی دوای تاوانی ئەنفال لەوانەیە کاتی دادگاییکردنی ویژدانی خۆیان بێت، بەوەی نەیانتوانیوە لە رابردوودا بە هانای سۆز و هاواری ئازیزەکانیانەوە بچن، لە دەرەنجامیشدا ئەوان بێ تاوانن، چونکە دەسەڵاتی بە هاناوە چوونیان نەبووە، کاتی رابردوو دەبێت چەند

92 - هەمان سەرچاوە، ل290.

93- د. عبد المنعم الحفني، موسوعة النفسية، علم النفس و الطب النفسي في حياتنا اليومية، الزمن، المجلد"1"، الطبعة الاولي، 2005، ص91.

سەخت بێت لا یان، کە بە را بردووودا دە چنەوە، ئاخۆ لە خەبات و خزمەتکردنیان بۆ شۆڕش پەشیمان بن؟، هەرچەندە کاتی رابردوو یان کاتی ڕەنجکێشان و ئاوێزان بووە لەگەڵ خۆشییە سادەکانی ژیانی لادێ و هەرەوەزی و ئەرك و ماندووبوون، کە بەو ڕەنجە خۆشحاڵ و بێ خەم بوون.

زۆر لەو ژنانە، کە لێم دەپرسین ئێستا چۆن دەڕواننە کوردستان، ئا مادەن وەك جاران، کە لە لادێ بوون خزمەتی پێشمەرگە و کوردستان بکەنەوە؟، پێیانوتم مادام ئاوامان لێ بە سەرهات، ئەمجارە بێنە بەر قاپیەکەشم خزمەتیان ناکەم، ئەمە کەی حاڵە هاین تێیدا؟

بە تەمەنەکان زیاتر هەست بە کاتەکانی رابردوو دەکەن و بیری لێدەکەنەوە و ئاخ بۆ رابردوویان هەڵدەکێ شن، یان پیـێی دڵ خۆش دە بن و بە هەموو هەڵچوونەکانیشییەوە لەگەڵیدا دەژین، بە گ شتی پ یاو بەگوێرەی زان ستی دەروونی زیاتر هەست بە کات دەکەن، بەڵام ژنان زیاتر لە پ یاوان لەڕووی ویژدانییەوە ئازاری کات دەچێژن و میـژوو و بەرواری کا تەکان وەك هێ ما دەپارێزن و لە یادەوەرییاندا دەمێنێتەوە[شمی].

کە بیر لە رووداوەکان دەکەینەوە لەڕووی واتا پێدانەوە، پێشبینی نوێ دە کەین و ئەزموونی پەیوەند بە ئێستاوەی لێ وەردەگرین، کە دەتوانرێت چی بکرێـت لە چالاکی و دەستکەوت، لەبەرئەوەی هەموو رووداوێك کاتێکی د یاریکراوی هەیە، هەروەك چۆن کاتی فیزیایی ئامێرەکەی کاتژمێرێکی کاتی یە، کاتی دەروونییش ئامێرەکەی کاتژمێرێکی ناوەوەییە.

زۆرێك لە فەیلەسوفان پێناسەی کات و شوێنیان بە یەکەوە کردووە، وەك یەك رەگەزی سەربەخۆ و لێك دانەبڕاو، بە لای فەیلەسوفە مەترياليیەکانەوە کات و شوێن دوو شێوەی سەرەکی گشتگیرن بۆ بوونی مەتریالێکی جوڵاو و ج یا ناکرێتەوە[ی].

ئەنیشتاین لە روانگەی تیۆرییەکەیەوە، کە تیۆری رێژەییە و ریـژەی پیـوانی کات و شوێنی دیاریکردووە، پێیوایە، دیاردەی کات و شوێن رێژەیین، ئەمەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێوانی کات کاریگەری بە رێژەی جولا نەوە لە شوێندا هەیە و پیـوانی پاز تاییش کارێ گەری بە کاتی تای بەتی هەر بینەرێکەوە دەبێت.

94- د.کارل أبراهام، ترجمة وجية أسعد، التحليل النفسي والثقافة، مجموعة علم الانسان، دراسات فكرية، الزمن، بغداد، ط1، 1998،ص166.

95- د. ...
رەخنەیی




دەروازەی دووەم: ژیانی ئۆردووگا
باسی یەکەم: ژیانی ئۆردووگا تێکشکاندنێکی نوێی کەسێتی کورد
باسی دووەم:
هەڵتەکاندنی بواری کۆمەڵایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان پاش پرۆسەکە
باسی سێیەم: هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال
یەکەم: بۆچی ئەنفال وەك جینۆساید نەناسێنرا؟
دووەم: جۆرەکانی جینۆساید:

## ی ئۆردووگا

## ئۆردووگا تێکشکاندنێکی نوێی کەسێتی کورد

### 1- ژیان لە ئۆردووگا:

ڕەوشی ئەو ژن و منداڵانەی لە ئۆردووگاکاندا هێڵرانەوە و دەوریان بە هێزی ئاسایش و سیخوڕی ڕژێم تەندرابوو، ئاو و کارەبا و ئازووقەیان لێ بڕێبوون و بە بەردەوامی چاودێرییان کردوون، بێجگە لەوەی لە شار و ئاوەدانییان دوورخستوونەتەوە، دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر ماف و ئاسایشی ئەو کەسانە، بەهۆی بێبەشبوونیان لە خزمەتگوزاری و مافە سەرەتاییەکانیانەوە، کە هێندەی تر گۆشەگیری کردوون.

کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە خەونی بینی کارەبا و رووناکی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری سەرەتایدا بوون، بێجگە لەو ناسۆر و ئازارە قورسەی دەروونیان، ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی کەس و کاری ئەنفالکراوانە لە هەموو خەڵکی کوردستان، چونکە خەڵکی کوردستانیش لە خزمەتگوزاری سەرەتایی بێبەش بوون، بەڵام ئەمان باری دەروونیان قورس و پڕ خەمتر بووە.

بێگومان ئامادەکردنی کامپ لە کردەی ئەنفالدا، بەشێك بوو لە بەرنامە و پیلانی سەرانی بەعس، کە ئامانج و مەبەستی تێدا فرە رەهەند بوون، دواجار بوونە دۆزەخی ئەم دونیا بۆ مرۆڤی بێتاوانی کورد لە سەدەی بیستدا، لێرەوە سەفەری مەرگی ناچاری و سەرنگومکردن و گۆڕی بە کۆمەڵ دەستپێکرد، دابڕانێکی جەهەننەمی لەنێوان نیشتمان و کەلتوور و زمان و پیرۆزییەکانی مرۆڤی بێ گوناهی وڵاتی کوردەواریدا دروست بوو، هەر لێرەوە بەپێی دەستووری بیابان پرۆسەی قڕکردنی هەزاران مرۆڤی کورد دەستی پێکرد، هەر لە بەر هیچ نا، تەنها لەبەرئەوەی کورد بوون[96].

باری ناخۆش و گوزەرانی ئەو خەڵکەی بۆ ئۆردووگاکان راگوێزران، برسێتی و بێ خزمەتی و نەبوونی قوتابخانە و بواری تەندروستی و دووریان لە شارەکانەوە و بڕینی تێکەڵیان بۆ ناوچەکانی تر و نزیکییان لە دامودەزگا و بنکەکانی رژێمەوە، وایکرد زۆربەی منداڵەکانیان نەخوێندەوار بن و رووبکەنە کارکردن، دەرەنجام نەوەیەکی نامۆ و بێ ناسنامە پێک هات، کە پێچەوانەی

96- حەسەن بارام، بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان، کەرکووك، چاپی یەکەم، 2007، ل179.



جاڕنامەی مافەکانی منداڵ، بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەکان، کە لە 20/11/1959دا دەرچووە[97].

لەبەرئەوەی لەناو شار و شارۆچکەکاندا هەلی کاریان بۆ نەدەڕەخسا، یان نەبوو یان لەگەڵ بەهرە و توانایاندا نەدەگونجا، بۆیە هەزاران کەس بە بێکاری دەمانەوە و بە ناچاری پەنایان بۆ چەکداری و کاری لاوەکی دەبرد، ئەمەش وایکرد کۆمەڵێك ئاکار و نەریتییان لا کاڵ بێتەوە و چەندین نەریتی تر بڵاو ببنەوە.

رەوانەکردنی گوندنشینەکان بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و تێکدانی دێهاتەکانیان، بە مەبەستی دابڕانیان بو لە کلتووری خۆیان و تێکشکاندنی لایەنی دەروونیان، کە دواجار گەلێك کاریگەری نەرێنی لە سەر بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسایەتی تاك کورد بەجێهێشت و کێشەکانیانی قوڵتر کردەوە.

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە نەوەی نوێ بەردەوام لەژێر کاریگەری ئەو رووداوانەدایە، کە پەیوەندییان بە تەمەنی نەوەکانی پێش خۆیانەوە هەیە، خۆیان لە دایك و باوك و کەسەکانیاندا دەبیننەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کردەی دژیان لێ بەدیدەکرێت، سەرچاوەکانیشیان ئەو زەبرە رۆحییانەیە بەر دەروونی کەسە بە تەمەنەکانی پێش خۆیان کەوتووە و کاریگەریی لە سەر ئەمانیش

97- پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتوێژینەوەیەکدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، 2006، ل17.

واتە نەوەی نوێ بەجێهێشتووە، ئاشکرایە شەڕ و کۆمەڵکوژی پێش هەموو وێرانکارییەك زەبری ڕۆحی دەهاوێژێت[98].

ئەو کاتەی پاسەوانەکانی زیندانی تۆپزاوا خۆیان کرد بوو بە بەشەکانی ژنەکاندا لە شەوی یەکەمیاندا لە تۆپزاوا، ژنەکان بە درێژایی ئەو شەوە گریابوون و زریکەی منداڵەکانیان لە ژوورێکی ترەوە بیستبوو[99].

ژنێکی پیر، کە لە تاوانەکە رزگاری ببوو ئێستا لە ئۆردووگاش ناژی، کێشەی مووچەی هەبوو هێنابوویان بۆ راستکردنەوە و وەرگرتنی موو چەی کوڕە ئەنفالکراوەکەی لە فەرمانگەی ئەنفال و کاروباری شەهیدان، چەند مانگ بوو وەری نەگرتبوو کۆبووەوە و گوژمەیەکی زۆری کردبوو، کە فەرمانبەرە کە بڕی پارەکەی پێ وت و دایە دەستی، ژنەکە پەیتا پەیتا دەیوت پارەم بۆ چییە تازە کوڕەکەم ناگەڕێتەوە، چی لە مووچە بکەم کە کوڕەکەم ڕۆیشت، ئەمە نموونەیەکی زۆر واقیعی ژیانیانە.

ئەوان کێشەی سەرەکییان مووچە نییە، بەڵکو تێر نەبوونی پێداویستییە دەروونی و ڕۆحییەکانیانە، ئەگەر نا زۆرێك لەو خێزانانە، کە من لە نزیکەوە بینیم مووچەیەکی زۆر باشیان هەیە، بەڵام قەرەبووی ناخیشیان ناکاتەوە و هێشتا هەر داخوازیان هەیە و بە داواکردنی مووچە و خانوو و سەر لێدانیان دەریدەبڕن، بۆیە پڕکردنەوەی پێداویستییە دەروونییەکانیان لە ئێستادا گرنگە.

98- گاستۆن بۆتۆل، وەرگێڕانی مەنسوور تەیفوری، سەردار حەسەنی، کۆمەڵناسی جەنگ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2006، ل73.

99- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جەمال میرزا عەزیز، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و تاوانی جینۆساید، شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، بەرلین، 2000، ل161.



## 2- ئۆردووگا و بێبەشکردنیان لە مافی ژیان:

لەدوای گەڕانەوەی کە سوکاری ئەنفالکراوان لە تۆپزاوە و نوگرە سەلمان، ناسنامەیان بۆ دەرنەکردوون، بگرە زۆر ئاستەم بووە و هەتا کاریان نەداونەتێ، بۆیە منداڵەکانیان مافی خوێندن و تیماری تەندروستی و هیچ خزمەتگوزارییەکی تریان نەبوو، وەك لە هەڵەبجەش بە هەمان شێوە بووە.

بێوەژنێکی کەسوکاری ئەنفالکراو، کە بەردەوام هاتوچۆی بوو لەنێوان هەردوو کۆمەڵگای شۆڕش و جدیدە زابدا دەڵێت: کاتێك چووم بۆ ئەوەی کارێکم دەست بکەوێت، پێیان وتم ڕێگە بە خێزانی ئەنفالەکان نادرێت ئیش بکەن، لە قوتابخانە پێیان دەوتم خێزانی ئەنفالەکان ناتوانن منداڵەکانیان تۆمار بکەن، لە نەخۆشخانە لەبەر هەمان هۆ تیماریان نەدەکردین، وێستم ناسنامە بۆ منداڵەکانم دەربێنم، نەیاندامێ[100].

ئەمە لێسەندنەوەی بچووکترین ماف و بێبەشکردنی هاوڵاتییە لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاری، لە کاتی راپرسییەکەمدا لەگەڵ پیاوێکی ناحییەی رزگاری دانیشتم، کە پرسیارم لێ دەکرد، لەگەڵ هەموو وەڵامێکدا دەگریا، باسی ژیانی نەهامەتی خۆیانی لە ئۆردووگا بۆ کردم، وتی ئەو کاتانەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، منداڵە بچووکەکەی پیشاندام و وتی ئەوەندەم باسی ئەنفال بۆ

100- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، ئامادەکردنی: میدڵ ئیست وۆچ، چاپخانەی خاك، سلێمانی، چاپی یەکەم، 1999، ل508.

کردووە، بەو تەمەنە بچووکەوە دەزانێت ئەنفال چییە و چۆن سزامان دراوە، هەتا گەلێکجار منداڵەکەم لە من باشتر تاوانەکە دەگێڕێتەوە.

ئەو ئافرەتانەی بە چەکی کیمیایی و بەکتریۆلۆجی برینداربوون، جارێکی تر منداڵیان نابێت، زۆربەی ئەو منداڵانەش، کە لە ئۆردووگا زۆرەملێکاندا لە دایك دەبن، بەهۆی هەلومەرج و ئاوهەواو و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە بە زوویی دەمرن[101].

لە ئۆردووگا دێنە بەرامبەر واقیعێك، کە زۆر جیاواز و شێواو و نا سرووشتییە بەراورد بە ژیانی لادێ، لێرە ژنان رووبەڕووی ژیانێك دەبنەوە، کە خۆیان سەرپەرشتیکار و پەیداکاری باری ئابووری و پەروەردەی منداڵ و بەرپرسیارێتییەکانی تری ژیانن، شۆکێکی نوێیە بۆ ئەوان، چونکە لە ئۆردووگا هەم دوورن و بژێویی ژیانیان هەروا ئاسان پەیدا نابێت، لە هەمانکاتدا کەلتوور و نەریت رێگرە لە کارکردنیان، بەم رەنگە گرێیەکی تری دەروونی و ئابووریيان بۆ دروست دەکات.

بە گەڕانەوەیان بۆ ئۆردووگا کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەکانیان زیادیکرد، توانجی کۆمەڵگە لێیان و کارکردنیان لە رێگەی کەرکووك و حەویجە هۆکارێکی تر بوون، بۆ جارێکی تر سوکایەتی پێکردنیان لەلایەن رژێمەوە، بێجگە لە نەریتی قورسی کۆمەڵگە، گۆڕانی تەرزی کارکردنیان لە کشتوکاڵییەوە بۆ کاری ناو شار و تێکەڵبوونیان بە ژینگەیەکی نوێی بە ناو شار، فاکتەری زیاتری گرێ دەروونی و کۆمەڵایەتی و نامۆبوونیان نیشاندەدات.

هەنگاوی دووەمی گەمارۆدانیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێلیەکاندا، کە ئێستا زیاتر لە 20 کۆمەڵگەی زۆرەملێ لە کوردستاندا هەیە، ژنی تێدا دەژی بەبێ پیاو منداڵ، پیاو و منداڵ بە بێ ژن و منداڵی بێ دایك و باوك و بێوەژن، ئەم ژنانە هەمیشە چاوەڕێی گەڕاندنەوەی منداڵ و کەسەکانیانن، یان پڕە لە ئەو منداڵانەی پرسیاریان زۆرە و وەڵام نادرێنەوە، ئەم رەوشە کاری لە بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەلتووریان کردووە، بە پێی توێژینەوە مەیدانییەکان کۆمەڵگەی ئەنفالکراو تەنیا کۆمەڵگەیەکە، کە پەرەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و دانیشتووانی و پەروەردەیی و پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ وەك خۆراك و نیشتەجێبوون و ئاسوودەیی و سێکس لە نزمترین ئاستدایە[102].

ئۆردووگا تەرزی "نمط" ژیانیانی لە سرووشتێکی هێورەوە بۆ قەیران گۆڕی، بۆیە وەك خۆیان باسیانکرد گەلێکجار پەنابردن و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و شێتبوونی لێکەوتووەتەوە و ئاستی تاوان زیاد کردووە، بە تایبەتیش لە بەر بێکاری دەستیان داوەتە چەك و بوونە پێشمەرگە و سەرباز و چەکیان بە دەستەوەیە، لەلایەکی تریشەوە زیاد لە رادەی خۆیان بێزار و تووڕەن و توانای چارەسەری گرفتەکانیان نییە و رۆژانە رووبەڕووی نەهامەتی دەبنەوە.

---

101- د.جاسم تۆفیق، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیی نییە، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەریدەکات، هەولێر، ژمارە3، 1992، ل14.

102- خالد سليمان، الأنفال حكايات من زمن مستقطع، المطبعة رەهێل، سلێمانی، ط1، 2005، ص66.

**بەپێی ئاماری بەردەستمان، کە لە راپرسییەکەدا ئەنجامانداوە، دەرکەوتووە.**

رێژەی لە 11٪ لە هەردوو رەگەز ژیانی ئۆردووگایان بە لاوە باشە.

رێژەی لە 58.6٪ دەڵێن ژیانی ئۆردووگا خراپە.

لە 31٪ بە لایانەوە مامناوەندییە.

زۆرترین رێژە بە لایانەوە خراپە لە 58.6٪ی پێکهێناوە، چونکە زۆرترین ئازار و نەهامەتییان لە ئۆردووگادا چەشتووە، کە باری دەروونیانی تەنگتر و باری ژیانی زەحمەتتر کردووە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (10)

**باسی دووەم:**

**هەڵتەکاندنی بواری کۆمەڵایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان پاش پرۆسەکە**

**1- پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان:**

پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهۆی تاوانەکەوە، یەکێکە لەو بوارانەی کە سوکاری ئەنفالکراوان لە ئێستادا کێشەیان لەگەڵیدا هە یە، چونکە تاوانە کە تا



رادەیەکی زۆر گرفتی لەم بوارەدا بۆ درو ستکردوون، بە شێوەیەك توا نای پەیوەندی دروستکردن و تێکەڵیان لاواز بووە.

چەمکی رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ئەو راستییە یان رەوشت و هەڵوێ ستەیە، کە پەیوەستە بە کۆمەڵگەیە کەوە و ئاڵوگۆڕی پەیوە ندی کۆمەڵا یەتی دەگەیەنێت، لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ گەدا، وا تە چەمکی کۆمەڵا یەتی لایەنی سەرەکی ژیانی تاکەکانی و چالاکی و هەڵسوکەوتیان بۆ بە سەربردنی ژیانی ئاسایی رۆژانەیان دەگرێتەوە، مەبەست لە پەیوە ندی نیـوان تا کەکان پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگەوەیە، لە رێگای چەند کارلێکردن و کارتێکردنێك، کە پێکەوە ژیانیانی لەسەر بەندە[سمبرتر].

بەگوێرەی راپرسی بەردەست دەرکەوتووە، ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە نێوان کەسوکاری ئەنفالکراواندا لاواز بووە و وەك رابردوو نییە، بەهۆی ئەو پانتاییە گەورەییەی، ناوی خەمێکی سەختە و دەروونیانی قورسکردووە، بۆ یە هەل و کات و ئارەزووی تێ کەڵبوون و پەیوە ندیانی بەرتە سککردووەتەوە و گۆشەگیر بوون.

سۆسیۆلۆژی ئەو زانستەییە، کە لە سروو شتی پەیوەندی یە کۆمەڵا یەتی و هۆ کار و دەرەنجا مەکانی دەکۆڵێ تەوە، لە ئا ستە ج یاواز و رەف تار و

---

103- یوسف دزەیی، ئەنفال کارە سات، ئەنجام و رەهە ندەکانی، چاپخانەی وەزارە تی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، 2001، ل21.

پەیوەندییەکانی نێوان تاك و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، واتە کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە، ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان شی دەکاتەوە[104].

گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان یەکێکی ترە لەو کێشانەی حاڵەتێکی نەخواستراوی پێ بەخشیون، بۆیە ئەم جۆرە لە تێکشکاوی باری دەروونی، بە تایبەتیش لای ژنان، کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و گوێزانەوەی هەمان ئەو بارە سایکۆلۆژییە تێکشکاوە، بۆ چەندین نەوەی دوای یەك دەبێت، کە ناتوانن خۆشەویستی تەواویان پێ ببەخشن، ئەو پابەندبوونە زۆرەی خەڵکیش بە نەریت و خزمایەتییەوە هەیەتی لای ئەوان ساردبووەتەوە.

**بەپێی ئاماری بە دەستهاتوو لە بارەی پرسیاری تا چەند پەیوەندیت لە گەڵ خەڵك کەمبۆتەوە؟، دەرکەوتوە:**

ڕێژەی لە 51.3% لە هەردوو ڕەگەز، ئاستی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خەڵکدا کەمبووەتەوە.

لەناویدا ڕەگەزی ژن ڕێژەی لە 59.4%ی پێکهێناوە.

بەمجۆرە ڕێژەیەکی زۆر پەیوەندییان کەمبووەتەوە و توانای تێکەڵبوون و بەشدارییان زۆر کەمە، هەرچەندە خواستی گەرمکردنەوەی پەیوەندییەکانیان هەیە، بەڵام سەختی باری دەروونی و خەم ڕێگەیان لێ دەگرێت و کاریگەریی تاوانەکە وای لێکردوون گۆشەگیر بن.

بڕوانە خشتەی ژمارە (13)

---

104- محەمەد ڕەوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2005، ل22.



ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان هەستکردنە بە دووری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەك، هەرچەندە ئەو دوورییە کۆمەڵایەتییە زیاتر بێت، جیاوازی لە پلە و پایە و ئاستی ڕۆشنبیری و هاوسۆزی و خۆشەویستی و کارلێکردن لەنێوانیاندا کەم دەبێتەوە.

کۆمەڵگەی دوای ئەنفال کۆمەڵگەیەکە پێویستییەکی گەورەی بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم ئاسایشە نەك تەنها هێمنی لە ژیانی خەڵکدا دروست دەکات، بەڵکو خاڵێکی هێجگار گرنگیشە بۆ گەڕانەوەی باوەڕ بەو دونیایەی مرۆڤی ئێمە تێیدا دەژی، بۆ تێپەڕاندنی برینەکانی ئەنفال و دروستکردنی کۆمەڵگەی دوای ئەنفال، پێویستی بەوەیە هەست بکات، کە بوونەوەرێکی خاوەن ڕێز و قورسایی و حورمەتە، لەپێش هەمووانیشەوە بوونەوەرێکی خاوەن مافە و کەس ناتوانێت ئەو مافانەی لێبسێنێتەوە[105].

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسوکاری ئەنفالکراوان دووچاری گرفت بوونەتەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش پەیوەندی بە گوشاری دەروونی دوای زەبرەوە هەیە، کە بەسەر ئەو مرۆڤانەدا هاتووە و مرۆڤەکە هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدات، لە چالاکی خەڵك و ئەو شوێنانەی ڕووداوەکەی دەهێنێتەوە یاد.

## 2- سڕینەوەی بەردەوامی کورد:

---

105- مەریوان وریا قانع، ئەنفال وەك جینۆساید، ئەنفال وەك برینێکی نەتەوەیی، گۆڤاری مانەوە، ژ7، نیسان، 2010، ل84.

کورد بەدرێژایی مێژوو بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی دراوە، ئامانجی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفالیش بە پلەی یەکەم سڕینەوەی ناسنامە و لە ناوبردنی ژمارەی دانیشتووانیش بووە، جیا لە هەموو تاوانەکانی تری رژێم بەرامبەر بە کورد، کە بێگومان گەشەی دانیشتووانی گەلی کوردی هێناوەتە خوارەوە.

هەوڵمداوە روونی بکەمەوە سیمای پرۆسەی ئەنفال رووخاندنی گوند نییە، چونکە زۆر دەمێکە لە عێراق گوند دەڕووخێنرێت، بەڵکو سیمای سەرەکی ئەنفال بریتییە لە رێکخستنێکی بیرۆکراتی و ئیدارەیەکی کلاسیکی پرۆسەی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی دانیشتووانی گوندەکان[106].

لەگەڵ هەموو وێرانکارییەکدا رێژەی گەشەی دانیشتووانیش زیانی جیدی بەرکەوتووە، لە سیستمی داگیرکاری هەندێك وڵاتی رۆژئاوادا لەڕووی جەستەییەوە کەمتر زیانیان بە مرۆڤ گەیاندووە تاك و تەرا نەبێت، بەڵکو زۆرتر پشتیان بە سیاسەتی شەڕی تایبەت و دەروونی و ئابووری و سیاسی بەستووە و بگرە زۆرجار لە ناوچە داگیرکراوەکاندا گرنگییان بە پرۆژەی ئاوەدانییش داوە.

زیادبوونی دانیشتووان پێودانگێکی گرنگ و ئاماژەیە بۆ ئاستی گۆڕانی قەوارەی دانیشتووان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، رێژەی زیادبوون و گەشەی

106- کەنعان مەکییە، دڵڕەقی و بێدەنگی" جەنگ و ستەمکاری و راپەڕین لە جیهانی عەرەبیدا"، و لە عەرەبییەوە حەمە رەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2005، ل207.



دانیشتووانی کوردستان لەنێوان ساڵانی 1957-1965دا، بۆ ئاستێکی زۆر نزم کەمبووەتەوە[107].

بەگوێرەی سەرژمێرییەکانی عێراق رێژەی لەدایکبوون لە ساڵانی رابردووی پێش رژێمدا لە کوردستانی باشوور زۆرتر بووە، وەك لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، چونکە ئاوهەوای کوردستان خاوێن بووە و نەخۆشی کەم بووە و کەمتر شەڕی تێدا بووە و رێژەی مردنیش بەم هۆیانەوە کەمتر بووە، رێژەی بەپیتی ژنی کوردیش زۆر بووە، بۆیە گەشەی دانیشتووان لە زیادبووندا بووە، واتە کۆمەڵگەیەکی گەنج بووە.

نەخشەی لەناوبردنی توێژی گەنج لە شالاوەکانی ئەنفالدا، زەبر بووە لە رێژەی گەشەی دانیشتووان و کەمکردنەوەی بۆ ئاستێکی نزم، هەزاران ژن و پیاوی گەنجی لەم پێناوەدا لەناو برد وەك زەبر وەشاندن لە هێزی بەرهەمهێنی کوردستان، بۆیە دەکرێت شێوەی سرووشتی شار و ناوچەکانی کوردستان بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان بگەڕێنرێنەوە و ژیانی خەڵك لە هەموو روویەکەوە فەراهەم بکرێت بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەیان.

## باسی سێیەم: هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال

### یەکەم: بۆچی ئەنفال وەك جینۆساید نەناسێنرا؟

107- جەزا تۆفیق، گەشەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ژ31، ئابی2000، سلێمانی، ل29.

جینۆساید بۆ یەکەمجار لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە هاتەکایەوە، کە تێیدا نکۆڵی لە بوونی مافی ژیانی هەندێك گرووپ و میللەت، کە مەترسیدارترین مافە، کراوە و لە بەندی سێیەم لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1948دا پێی لەسەر داگیراوە، بە سەریەکەوە جینۆساید واتای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ دەگەیەنێت و مەبەست لێی کوشتن و قڕکردنی بە کۆمەڵە[نی برتر].

لە پڕۆسەی ئەنفالی ساڵی 1988دا زیاتر لە 182 هەزار کەس لە ژن و پیاو و منداڵ بێسەر و شوێنکران، زیاتر لە 4 هەزار دێهات وێرانکران و زیانێکی گەورەی مرۆیی و دەروونی و ژینگەیی و ئابووری زۆری بە کوردستان گەیاند، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنفالی وەك جینۆساید ناساندووە، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتییدا نەناسێنراوە.

دوای 61 دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بڕیاری قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و بە جینۆسایدناسانی دۆسیەی ئەنفالیاندا، لەپێناو قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریشیان لیژنەیەکیان بۆ هەڵسەنگاندنی زیانەکانی پڕۆسەی ئەنفال پێکهێنا، کە بە 8 ملیار دۆلار خەملێنراوە.

108- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، چاپی سێیەم، 2006، ل77.



جینۆساید لەبەرئەوەی تاوانێکی نێونەتەوەییە و ئەنجامی ترسناکی هەیە، بۆیە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا بە پەیماننامەی تایبەت و گەلێك بەڵگەنامەی تر قەدەغە کراوە[نی برتر].

لە کۆتایی ساڵی 2009دا ڕاپۆرتەکە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کراوە، بەڵام بە بیانووی نەبوونی پارە و بودجە ڕاپۆرتەکە دواخراوە، بەپێی ماددەکانی 111 و 112ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەشێك لە داهاتی نەوتی عێراقی بۆ زیان لێکەوتووانی سەردەمی ڕژێم دابین دەکرێت.

تا ئێستا لیژنەیەکیان بۆ بەدواداچوونی کۆنگرەی بە جینۆسایدناساندنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق پێکهێناوە، کە لە کۆتایی ساڵی2008دا بە ستراتیژی ڕاستەوخۆ باس لە تاوانی ئەنفال ناکەن، بەڵکو وەك گۆڕە بەکۆمەڵەکان باسکراوە، کە سەرجەم عێراق دەگرێتەوە و تایبەت بە ئەنفال نییە.

**دووەم: جۆرەکانی جینۆساید:**

جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی یان ئاینی نییە، بەڵکو چەند جۆرێکی هەیە:

1- جینۆسایدی فیزیکی: جەستەیی، کوشتن بە هەرجۆرێك، لە سێدارەدان، گوللەباران و بەکۆمەڵکوشتن و کیمیاباران و هێرشی سەربازی و قڕکردن و هتد...

109- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، چاپی دووەم، 2003، ل5.

2- جینۆسایدی بیۆلۆژی: بەربەستکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکە لە زیادبوون و پێشکەوتن، وەك بەربەندکردنی منداڵبوون و زیادکردن، یان لەیەك دابڕینی ژن و پیاو و دابەشکردنی خێزان بۆ ماوەیەکی زۆر.

3- جینۆسایدی کەلتووری، نەتەوەیی: وەك قەدەغەکردنی زمان و رۆشنبیری و شێواندنی مێژوو فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵك.

4- جینۆسایدی ئابووری: واتە وێرانکردنی ئابووری و سامان و سرووشت و بەروبوومی ناوچەکان و تاڵانکردنی سامانی خەڵکی، هەر لە شتومەکی ناوماڵ و کەرەستەکانی ژیان[110].

لەپێناو زووتر ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و هەڵەبجە و تاوانەکانی رژێم، پێویستبوو دەسەڵاتدارانی کورد ئەم دۆزەیان بردایەتە دادگا نێودەوڵەتییەکان و پشتگیری نێودەوڵەتییان بۆ بەدەستبهێنایە، بەڵام بیانوویەکیان ئەوە بوو گوایە ویستوویانە رێز بۆ دادگاکانی عێراق بگەڕێننەوە، بۆیە نەیان بردووەتە ئاستی نێودەوڵەتی و لە دادگای عێراق باشترە، بۆ ئەوەی خەمی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان برەوێتەوە، لە ئەنجامیشدا بە دڵ و خواستی ئەوانیش نەبوو خەمیان نەرەوییەوە، چونکە درەنگ وەختە و تاوانبارانیش هەندێکیان سزا نەدران ئەوانەیشی، کە لە سێدارەدران لەسەر دۆزی ئەنفال نەبوو.

هیواخوازین بە هۆکار و ئامرازی دیموکراسی، بۆ دروستبوون و گەڵاڵەبوونی سەرکردایەتییەکی نوێ سەربکەون، بتوانن ئەو چارەسەرانە بێنێتە ئاراوە،

110- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، جۆرەکانی جینۆساید، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، چاپی دووەم، 2003، ل12.



کەوا کۆمەڵگەی کوردی بۆ مانەوە و دەربازبوون لە بارودۆخی سەخت و دژواری ناوچەکە پێویستی پێیانە، بێ ئەوەی پارێزگاری و گەرەنتی بخەنە لاوە، کەواتە ئەنفال و هەڵەبجە کوردیان فێرکرد بێ ئەوان هیچیان پێ ناکرێت[111].

بە ئەندازەی بێ خەمی رۆژئاوا و دەوڵەتی عێراق، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تاوانبارە، کە هیچ جۆرە فشارێکی لەم بارەیەوە نەنواندووە، شایەنی باس بێت ئەمە خەمە گەورەکەیە، ئەگەر سەرەڕای هەر کەموکورییەك لەرووی سیاسی و دبلوماسییەوە، لە سیاسەتی دەسەڵاتی کورددا دەبوایە فشاری لەسەر عێراق و رۆژئاواش بکردایە، ئەگەر مەبەست و ئینتیمای نیشتمانییانە لەپشت رۆژەڤی کاریانەوە هەبووایە.

ئەگەر دۆزی جینۆساید بدرایەتە دادگای نێودەوڵەتی، دادگا دەیتوانی بڕیاری دەستبەسەراگرتنی سامانی عێراق بدات، یان فەرمانی سزادانی تاوانباران لە عێراق، هەرچەندە رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دۆکیۆمێنتی کردبوو، بەڵام دیپلۆماتەکانی ئەمریکا دەیانوت عێراق جینۆسایدی ئەنجام نەداوە و ئەمە لە هۆلۆکۆست ناچێت، تا ئێستا هیچ تاوانبار و سیاسییەکی عێراقیش لەسەر ئەو تاوانانەی لەسەر کورد ئەنجامیانداوە، سزا نەدراون[112].

هیچ سەروەت و سامانێك قەرەبوی ناخ و دەروونیان ناکاتەوە، قەرەبووی 182 هەزار کەس و سووتاندنی رەز و باخ و کانیاو و سەرچاوە گرنگەکانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزریان، بۆیە هیچ قەرەبووکردنەوەیەك شوێنیان بۆ

111- یوست هیلتەرمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمە سالح تۆفیق، کارێکی ژەهراوی ئەمەریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2008، ل305.

112- نووسینی سەمانسا پاوەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم، ئەمریکا و ئەنفال، دەزگای چاپ و پەخشتی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2006، ل108.

ناگرێتەوە، بەڵام دەکرێت باری ژیانیان بگۆڕرێت و لەوە زیاتر پشتگوێ نەخرێن، ئەوەی ئەوان چاوەڕێی بوون دادگاییکردنی تاوانباران بوو، بەڵام زۆر بە کەموکوڕییەوە ئەنجامدرا[113].

دۆست نەبوون و بێ باکی رۆژئاوا بەرامبەر بەم تاوانانە، هۆ کارێکی ترە لەپشتگوێخستنی دۆزەکە و تا ئێستا بە جینۆساید نەناساندنی، هەر چەندە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری تەواویان لەبارەی جینۆساید کردنی گەلی کورد لەلایەن عێراقەوە هەبووە، بەڵام هیچ جۆرە هەوڵێکیان بۆ رێگەگرتن و لەناوبردنی کورد نەداوە.

لەلایەکی تریشەوە، کە دەپرسین بۆچی ئەنفال نەکراوەتە دۆسیەیەکی گرنگ لە ناوەندە جیهانییەکاندا و وەك تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی نەناسێنراوە؟، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، دەسەڵاتی کوردییش هەڵوێست و گوتار و خەمی بۆ ئەنفال تا ئاستێکی زۆر کاڵبووەتەوە، کە مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەمە لە تاوانەکە گەورەترە.

**لە وەڵامی پرسیاری ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید چی کاریگەرییەکی لەسەر ژیانت دەبێت؟**

رێژەی لە 79٪ی هەردوو رەگەز دەڵێن کاریگەریی باشی لەسەر ژیانمان دەبێت.

بە مانا ئەمە خەونێکی ئەوانە، تاوانەکە لەسەر ئاستی جیهانی بناسرێت و تاوانبارەکانیان سزا بدرێن.

بڕوانە خشتەی ژمارە (23)

113- سالار مەحمود، ئەنفال و دادگا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری"ی، ن، ك"، چاپی یەکەم،2007، ل64.



سێیەم:

**ئەنفال وەك دوا هەوڵی رژێم بۆ راگواستن و لەناوبردنی نەتەوەیەك**

ئەنفال ئایەتی هەشتەمە لە قورئانی ئیسلام، لەم قۆناغەدا رژێم لادێ نشینەکانی کۆکردەوە و بە ئیڤای سەربازی گواستنییەوە بۆ کۆمەڵگەکانی تۆپزاوە و نوگرەسەلمان و دبس، کە ژمارەیەکی زۆریان گەنج و ژن و منداڵ بوون، لە ماوەی سی ساڵی حوکمڕانی رژێمە جیاوازەکانی عێراقدا، لە 1961-1991 راگواستنی کورد بەردەوام بووە و دێهاتەکانی کوردستان وێرانکراون و ئەنفالیش دوا قۆناغی هەموو ئەو تاوان و جینۆسایدە بەردەوامە بوو، کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە، هێندەی رژێم تەمەنی بەشیکرد، چونکە ئەگەر لەناونەبرایە تاوانی تریشی پێمابوو بەسەر کورددیدا بهێنێت.

لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی 1921دا، لەناوبردنی گەلی کورد دەستیپێکردووە و پیلانی تەعریبکردنی هەرێمەکە بە دانانی پشتێنەی ئەمنی بە درێژایی سنووری نێوان عێراق- سوریا- ئێران دەستی پێ کردووە، لەناو زەوی کوردستانی باشوور بە قوڵاییەك کە رووبەرەکەی زیاتر لە 40 کم بوو، مەبەستیش لەم پشتێنەیە گەمارۆدانی ئەو ناوەندانەی نیشتەجێبوون بوو، بۆ ئەوەی رژێمەکان بە ئاسانی بتوانن بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بن[114].

تەعریبکردن و راگواستنی کوردستان، لە ساڵی 1921 وە دەستی پێ کردووە و بەردەوام بووە هەتا تاوانی ئەنجامدانی ئەنفال و هەڵەبجە، هەندێك لە سەرچاوەکانیش تاوانی تەعریب و راگواستن بۆ ساڵی 1961 دەگەڕێننەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین سیاسەتی مرۆڤکوژ و ستەمکارانەی

114- د. خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسية التعريب و التهجير في اقليم كردستان العراق، هەولێر، ط1، 2001، ل25.

رژێمەکانە، بەرامبەر بە کورد و سەرکوتکردنی گەلێکی زیندو خاوەن ناسنامە و جوگرافیای خۆی.

رەگ و ریشەی راگوستنی کورد، بۆ مانگی ئەیلوولی ساڵی1961– 1968 و سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دەگەڕێتەوە، راگواستن لەم قۆناغەدا لە ساڵی 1968دا، کە بەعس هاتە سەر حوکم و دەستی بە راگواستن کرد، تەنیا دێهاتە کەنارییەکانی دەوڵەمەند بە نەوتی گرتەوە، وەك دێی بای حەسەن لە کەرکووك و دێهاتەکانی تری خانەقین و نەفتخانە و هتد...، جوتیار و دانیشتووانەکەیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا نیشتەجێ کرد[115].

کەواتە سیاسەتی لە ئۆردووگا توندکردن و بە زۆر نیشتەجێکردن، داهێنراوی قۆناغی ئەنفال نییەو مێژوییەکی دوورتری هەیە، قۆناغی دووەمی راگواستن ساڵی1968-1975ی گرتووەتەوە، کە بەسەر کوردا هاتووە.

رژێم لەدوای رێککەوتنی جەزائیری ساڵی 197-ەوە، هەستاوە بە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی شۆڤێنی بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد، لەوانە پیلانی وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان لەسەر سنوورەکانی عێراق، ئێران و عێراق، سوریا و تورکیا، بە عەرەبکردنیان بە قوڵایی 30-40 کیلۆمەتر بۆ ناوەوە، دەستیان دایە راگواستنی کرێکار و جوتیارە کوردەکان لە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لە شارەکانی خانەقین و کەرکوك و داقوق و پردێ[116].

-115 تحقيق و تاليف طة بابان، عالم الكرد المرعب، سلێمانی، الطبعة الثانيـة، 2002، ل264.

-116 د.مكرم طالباني، يسالونك عن الانفال، هەولێر، الطبعة الاولـي، 2003، ص18.



ئەم سیاسەتەش بووە هۆی وێرانکردنی (447) دێهات و بڵاوکردنەوەی جوتیارەکان بە کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا، زیاتر لە پێنج هەزار کرێکاری کوردی دوورخستەوە و عەرەبی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە، بۆ ناوچە نەوتییەکانی کوردستان هێنا، ئیمتیازاتیشی دانێ وەك 25 هەزار دینار و شوێنی نیشتەجێبوون و منداڵەکانیانی خستنە بەر خوێندن و لە دەزگا پیشەییەکاندا کاریان پێدان.

ئەنفال مێژوویەکی دووردرێژی لە رەفتاری نامرۆییانەی بەعس بەرامبەر بە کورد هەیە، کە دەکرێت بۆ رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی 1975ی بگەڕێنینەوە[117].

راگواستنی دێهاتەکانی کوردستان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان، کە مەبەست لێی شێواندنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەڵتەکاندنی سایکۆلۆژییەت و کەسایەتی و ئاسایشی خەڵك و دوورخستنەوەیان بووە، لە ئازادی هەڵسوکەوت و دابڕانیان لە مۆراڵی شاخ و رێکخستن و دەنگی فریادڕەس ئاسای ئەو کاتەی پێشمەرگە، بەمجۆرە باری کۆمەڵایەتی خەڵکی تا دوا رادە ئاڵۆز کرد.

لەبارەی ئەم کردارانەوە و کارایی نەستی مرۆڤ لە کاری توندوتیژی و تاوانندا، فرۆید لەو بڕوابیەدایە زۆرێك لەو شتانەی ئێمە دەیانکەین، تەنانەت لە ژیانی بێدارییشدا هەموویان لە لایەنی وزە شاراوەکەی نەستەوە بەڕێوە دەبرێن،

-117 كنعان مكيية، القسوة والصمت، الحرب والطغيان والانتفاضة فـي العـالم العربي، منشورات الجمل، الطبعة الاولي، 2005، ص88.

کردەی مرۆڤ بەشێك لە ئاگایی تێدایە و لە نەستەوە فەرمانی وەرگرتووە، بەو مانا ئەو کردەیە پێشتر لە نەستدا بەرنامەی بۆ کێشراوە[118].

واتە هەموو ئەو تاوانانە بەرنامە بۆ داڕێژراوبوون و پێشتر بیری لێ کراوەتەوە، هەروەك لە ساڵی 1983-یشدا 8 هەزار بارزانی لەناوبران و دە یان هەزار کوردی فەیلی لە ساڵەکانی 1971 و 1980-دا شوێنبزر کران، تا کار و سەردەم گەیشتە سەر ئەنفالکردنی زیاتر لە 182 هەزار کەسی بێ تاوان و بێ بەرگریی کورد.

## چوارەم: چۆن ئیرادەی ژیانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە؟

ئەو کاتەی بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی راپرسییەکەم رووبەڕوویان بوومەوە، هەستم بەو بۆشاییە دەروونی و پێویستی بۆ پڕکردنەوەی زۆر بەباشی کرد، خزمەتگوزاری و موو چە و خانوو ناتوانێت قەرەبووی ئەو پێویستییە رۆحییەیان بۆ بکاتەوە، تەنیا خاڵێك، کە زۆر بە پێویستیان دەبینی و منیش هەستم پێکرد، وەك لە راپرسییەکەشدا دەر کەوتووە دەیانویست سەردانیان بکرێت و لە نزیکەوە گوێیان لێ بگیرێت، ئەمەش گوزارشتە لەو پێویستییە دەروونییەی پێویستیان بە هاوڕازە خەمەکانیانی لەگەڵدا بەش بکەن.

لەو باوەڕەدام فێرکردن، واتا ئاشناکردنی لاوەکان بە باشترین کە لەپووری رەگەزی مرۆڤ، بەڵام لە کاتێکدا زۆرێك لەم کە لەپوورە لە شێوەی وشەدا دەربڕدراوە، ئەوا تەنها کاتێك کاریگەر دەبێت، گەر بێت و ئەم وشانە ببنە

---

118- دانیالێل.پالس، وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد، ئایین و کەسێتی تیۆروانینێك بۆ میتۆدی فرۆید، لێکۆڵینەوەی ئایینی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2001، ل24.



واقیع، کە لە کردە و سترەکتۆری کۆمەڵگەشدا، تەنها ئەو ئایدیایەی لە چوارچێوەیەکی ماددیدا بەرجەستە بووە، دەتوانێت کار بکاتە سەر مرۆڤ، ئەو ئایدیایەی کە لەسەر شێوەی وشە دەمێنێتەوە تەنها وشەکان دەگۆڕێت[119].

واتە دەبێت هەموو وشە جوانەکان بۆ ئەم کەسانە بکرێنە واقیع و هاوکاری دەروونی بکرێن، ئەو دونیا خەیاڵییەی بە وشە بۆیان دروست دەکەین بە شێوەیەك بەکار بخرێت، لەگەڵ داکەوت و واقیعی ژیانی ئەواندا ببێتە یەك و ئیرادەیان تێدا بوونیاد بنرێت، زۆربەی بیریارانیش لەسەر ئەوە رایەن، کە ئیرادە رۆڵێکی گرنگی لەپێناوی سەرکەوتندا هەیە.

هەموو شکستەکانیان داوەتە پاڵ لاوازیی ئیرادە و کەمی کۆششکردن لەو پێناوەدا، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، پێویستە بە جیدی هێز و توانای خۆت بخەیتە گەڕ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پەرتووکە عەرەبییەکان سخناخن لەو بیرۆکەیەی هەموو شتێك دەخەنە پاڵ ئیرادە، ئیرادە بریتییە لەو شتەی توانا دەبەخشێتە مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێك، کە دەیەوێت ئەو کارە ئەنجام بدات[120].

بۆ هەرجۆرێك لە جۆرەکانی سەرکەوتن تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هێزە دەروونییە کاریگەرەکان رۆڵێکی گەورە دەبینن لە دروستکردنی ئەم تایبەتمەندییانەدا، ئەوەی دەیەوێت شتێك بکات و دەروونی ئامادە باش نەبێت بۆی، ئەوا زیانێکی زۆر بە خۆی و نەتەوەکەیشی دەگەیەنێت.

---

119- ئەریك فرۆم، و عەبدوڵڵا سیوەیلی، لەو دیو زنجیرەکانی وەهمەوە "ئاشنابوونم بە مارکس و فرۆید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2003، ل206.

120- د. عەلی وەردی، وەرگێڕانی: کەمال عەلی، هێزە کاراکانی نەست یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو ئیرادە و سەرکەوتن، سلێمانی، چاپی دووەم، 2008، ل166.

که‌سوکاری ئه‌نفالکراوان یه‌که‌م کارێک ده‌بێت بۆیان ئه‌نجام بدرێت، ئاماده‌کردنی زه‌مینه‌ی ده‌روونی و کۆمه‌ڵایه‌تی و په‌روه‌رده‌ییانه له‌که‌سێتی و ته‌مه‌نی منداڵه‌کانیانه‌وه، چونکه ئه‌گه‌ر به‌به‌هاوه مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ هه‌ر تاکێکدا نه‌کرێت کاردانه‌وه‌ی ده‌بێت، فه‌را هه‌مکردنی زه‌مینه‌ی پاراستن و رێزگرتن له به‌هاکانی تاك، به پله‌ی یه‌که‌م ئه‌رکی حکومه‌ته بۆئه‌وه‌ی توانای بیرکردنه‌وه و ده‌ستگه‌یشتن به ئامرازه‌کانی ژیانی هه‌بێت.
ئه‌و پاڵه‌وانه‌ی له ده‌روونتدا خۆی حه‌شارداوه بیناسه و فه‌رامۆشی مه‌که، هه‌موو که‌سێك به‌بێ ره‌چاوکردنی نرخ و به‌هاکه‌ی زمانێکی بلێسه‌دار و دووکه‌ڵاوی هه‌یه، ده‌بێت منداڵه‌کانمان رابێنین له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی خه‌یاڵی سه‌رکه‌وتن له زیهن و مێشکیاندا بچه‌سپێت، وه‌ك له‌وه‌ی هانیان بده‌ین له‌سه‌ر ئیراده‌ی سه‌رکه‌وتن و به‌سه‌رکه‌وتوو ناو ببرێن[121].
هه‌ڵبه‌ته ئه‌مجۆره له ره‌فتارکردن له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه‌دا به‌کاری پسپۆڕی و شوێنی تایبه‌ت به‌م بواره ده‌کرێت، ده‌بێت له هه‌موو روویه‌که‌وه پێداویستییه‌کانیان پڕبکرێته‌وه و زۆر هاورێیانه گوێیان لێ بگیرێت و به‌هایان پێ ببه‌خشرێت، ئه‌م ره‌فتاره بۆ ئێستایان زۆر پێویسته.
**له وه‌ڵامی داوا ده‌که‌ن چیتان بۆ بکرێت؟ به‌پێی راپرسی ئه‌نجامدراو، زۆرینه‌یان داوا ده‌که‌ن سه‌ردانیان بکرێت و ده‌رکه‌وتووه:**
رێژه‌ی له 51%ی هه‌ردوو ره‌گه‌زی داوا ده‌که‌ن سه‌ردانیان بکرێت.
له 56%-یان داوای قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی زیانی ماددی و ده‌روونی ده‌که‌ن.
بڕوانه خشته‌ی ژماره (25)

121- سایکۆلۆژیای گشتی، ابراهیم عبدالحسن الکنانی، وه‌رگێڕانی: سابیر به‌کر بۆکانی، سلێمانی، چاپی یه‌که‌م، 2003، ل186.



**پێنجه‌م: ده‌کرا ئه‌نفال رووینه‌دایه؟**
هه‌ندێك سه‌رچاوه هێما بۆ بوارێك ده‌که‌ن، که بووه‌ته هۆی ئه‌نفالکردنی هاوڵاتییانی گه‌رمیان به تایبه‌تی، له‌وانه پاش ئاماری ساڵی1987 رژێم به‌ته‌واوی گونده‌کانی له شار دابڕی و داوای لێکردن گونده‌کانیان چۆڵ بکه‌ن و له ئۆردووگاکاندا نیشته‌جێبن، به‌ڵام خه‌ڵکه‌که گوێیان به بانگه‌وازه‌که‌ی رژێم نه‌دا، هه‌ر بۆیه شاڵاوه‌کانی ئه‌نفال ده‌ستی پێ کرد.
ئه‌مه تاراده‌یه‌ك ده‌چێته ئه‌و خانه‌یه‌وه، که ره‌واییدانه به تاوانه‌که له‌لایه‌ن رژێمه‌وه، چونکه ئێمه‌ی گه‌لی کورد رژێمێك حوکمیکردووین، که تا دوا راده نامرۆیی بووه و بیانووی جۆراوجۆری بۆ هێرشکردنه سه‌رمان هه‌بووه، بۆیه ئه‌گه‌ر له حاڵه‌تێکدا ده‌ست بۆ ئه‌و خاڵه درێژ بکه‌ین، که خه‌ڵك سه‌رکێشییان کردووه و بڕیاره‌که‌یان جێبه‌جێ نه‌کردووه، هه‌ڵه‌یه، خه‌ڵك مافی خۆیانه ناوچه‌کانیان چۆڵ نه‌که‌ن و به‌رگریی له خۆیان بکه‌ن، به‌ڵام ئه‌گه‌ر قسه له‌سه‌ر ئه‌وه بێت، رژێمی به‌عس دڕنده بووه و هیچ بوارێکی بۆ سه‌رپێچیکردن نه‌هێشتووه‌ته‌وه، ده‌کرا خه‌ڵك خۆیان له‌و هێرشانه بپارێزن، تا ئاستێك ئه‌م رایه له شوێنی خۆیدایه.
که شه‌ڕی ئێران، عێراق ده‌ستی پێ کرد هه‌ردوو لایه‌نه سه‌ره‌کییه‌که‌ی کورد بوونه هاوپه‌یمانی ئێران و بارزانی یارمه‌تی هێزه‌کانی ئێرانی دا بۆ به‌ده‌ستهێنانی حاجی ئۆمه‌ران و شاره سنوورییه‌کان، هێزه‌کانی عێراقیش تۆڵه‌یان له‌م تاکتیکه فه‌شه‌له‌ی کورد کرده‌وه، بۆیه نزیکه‌ی 8 هه‌زار بارزانیان

لەناو برد، کە 315-یان منداڵ بوون، بێجگە لە پرۆسەی ئەنفال و هەڵەبجە و چەندین تاوانی تری دژە کورد[122].

ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە بڕیاری 96ی 1946/12/11دا رایگەیاند، رەشەکوژیی تاوانێکە دەر هەق بە مافی جیهانی و بە پێچەوانەی گیان و ئامانجی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بەڵام کە جینۆسایدی گەلی کورد کرا، رۆژئاوا خۆیان لێ بێ ئاگا کرد و نەیانویست بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ رژێمی پێشوو تێکبدەن[123].

هەرچەندە میدیاکانی رۆژئاوا تاوانەکە بە کاربەدەستانی ئەوروپا و ئەمریکا رادەگەیەنن، بەڵام بەرپرسان هیوایان خواستووە ئەو رایە راست دەربچێت، کە ئێران تاوانەکەی ئەنجام دابێت، لە گەڵ تاوانبارکردنی عێراقدا نەبوون، لەلایەکی تریشەوە ئەوان خۆیان لێ نادیدە کردووە و رایانگەیاندووە، کە ئەم تاوانە لە هۆلۆکۆست ناچێت بۆیە هەڵوێستیشیان نەبوو، هۆکارێکی سەرەکی ئەنفالکردنی گەرمیان بە تایبەتی هەبوونی نەوتە لە کەرکووك و دەوروبەری، کە تارادەیەکی زۆر ئەم هۆکارە رۆژئاوای لەگەڵ عێراقدا کۆکردووەتەوە.

لە ئەنفالی سێیەمدا بە گوێی خۆم بیستم، کە بەرپرسێکی باڵای هێزی پێشمەرگە داوای لە بەرپرسانی پێشمەرگە دەکرد، رێگە نەدەن خەڵکی ناوچە رزگارکراوەکان ناوچەکە چۆڵ بکەن و خۆیان رادەستی رژێم بکەنەوە،

---

122- نووسینی: سەمانسا پاوەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بەختیار کەریم، ئەمریکا و ئەنفال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2006، ل15.

123- نووسینی: یۆست هیلتەرمان، و کاوە سالح، جینۆساید، هاو تاوانی، بێدەنگبون، عێراق و کوردەکان، گۆڤاری رەهەند، ژ7، 1999 نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بڵاویدەکاتەوە، ل19.



بەرپرسێك وتی ئەی ئەگەر خەڵکەکە بەگوێی نەکردین و هەر رۆیشتن چی بکەین؟، بەرپرسەکە وتی ئەگەر هەر سوور بوون لەسەر رۆیشتن تەقەیان لێ بکەن و تا چوار کەسیان لێ بکوژن، لە ئەنفالی چواردا بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگە زۆر دژی ئەوەبوو، کە پێش هێرشی ئەنفال خەڵك ناوچەکە چۆڵ بکەن، بەڵام هەر ئەو بەرپرسە پێش ئەوەی هەڵمەتی چواری ئەنفال دەست پێ بکات، لە رێگەی سەرۆك جاشێکەوە ماڵ و منداڵەکانی خۆی بۆ سلێمانی ناردەوە[124].

ئەم تاوانە لە تورکیا و وڵاتانی تری دراوسێش لەسەر کوردی ئەم پارچەیە بەردەوام بووە، ئەو کاتەی کورد لەدوای ئەنفال و هەڵەبجەوە ئاوارە دەبن و رووەکەنە ئەو وڵاتانە و لە ناچاریدا هانایان بۆ بردوون، لە کولەمەرگی و ئاوارەییدا ژیاون و هیچ یەك لەو وڵاتانە ئەم بارە تراژیدیایەی کورد و پێڕدانی نەبزواندن و هاوکاریاننەکردن، بە تایبەتی تورکیا و حکومەتی عێراقیش تاوانبار نەکران.

لە ئۆردووگای پەناهەندەییدا رژێمی عێراق هەوڵی بەکۆمەڵکوشتنی داون، رۆژی 1989/6/8 لە ئۆردووگای ماردین، لە لایەن سیخوڕانی عێراقەوە نانی ژەهراوی دابەشکراوە بەسەریاندا، بۆ ئێوارەی رۆژی دوایی کاریگەرێتی نانە ژەهراوییەکە ئاشکرا بووە و تا 1989/6/11 ژمارەی نەخۆشەکان گەیشتووەتە 3 هەزار کەس[125].

---

124- د. فایەق گوڵپی، سیاسەتی نەتەوە پەرستی داگیرکەران و پەرچەکرداری خێڵەکی کورد، سیاسی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2010، ل444.

125- د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، چاپی سێیەم، 2006، ل44.

سەرەتای مانگی 9 ساڵی 1988 بە دەیان هەزار کورد لە باشووری کوردستانەوە، رووەو باکووری کوردستان بەزۆر کۆچیان پێکرا بەهۆی گازی کیمیاییەوە، رێکخراوی نەتەوەکان بڕیاری دا تیپێك بنێرن بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانی گازی کیمیایی بکۆڵێتەوە، دەوڵەتی عێراق رێگای پێ نەدان، تیپەکە ویستیان بچن ئەو کوردە هەڵاتووانە ببینن، کە لە تورکیا گیرسابوونەوە، ئەمجارەیان تورکیا نەیهێشت، کە تیپی رێکخراوی نەتەوەکان گرووپێکی پسپۆڕ دابمەزرێنن و کوردەکان ببینن، ئەو تورکیایەی رێگەی نەدا تیمێکی پسپۆڕ لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەرامبەر بە کوردی باشوور بکات، داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، تیمێکی پسپۆڕ لەو شێوەیە بۆ لێکۆڵینەوە رەوانەی بولگارستان بکات[126].

لە سیاسەتی جینۆسایدا، کە نەخشەی درێژخایەنی بۆ کێشرابوو، جیاوازی لەنێوان تەمەن و رەگەز و مەدەنیدا نەکراوە، لەگەڵ وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ ژن و منداڵ و پیر بێ سەر و شوێنکراون، ژینگەی کوردستان بە کانیاو و داری بەردار و بێستانەوە سووتێنراون و ژەهراویکراون، خەڵکەکەی دوای گەڕانەوەش ناچارکران لە ئۆردووگای زۆرە ملێدا بژین، لە ئاوارەیی و ئۆردووگاکانی تورکیاش هەوڵی لەناوبردنی بە کۆمەڵیان داون و کوشتوویانن.

ئەمڕۆش ئەو تاوانانە دەرەنجامی گەلێك خراپی لێکەوتووەتەوە، لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و بێکاری و نامۆبوون و رەوشی نائاساییی کەسانی

126- ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: رێبوار رەشید، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە، لێکۆڵینەوەی سیاسی، هەولێر، چاپی یەکەم، 1993، ل77.



دوای تاوانەکە و تێکچوونی نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سنووردداربوونی پەیوەندییەکانیان، کە شارەزایانی ئەم بوارە بە مردنێکی لەسەرخۆیان ناوزەد کردووە.

**لە ئاماری بەدەستهاتوودا لەبارەی پرسیاری وەك کەسوکاری ئەنفالکراوان لە لایەن حکومەتەوە تا چەند گرنگیتان پێدراوە؟ دەرکەوتووە:**

رێژەی لە 40.5%ی بەشداربووان دەڵێن گرنگیمان پێ نەدراوە.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە هێشتا وەك پێویست ئاوڕی حکومییان لێ نەدراوەتەوە و پێداویستیەکانیان پڕ نەکراونەتەوە.

## شەشەم: هۆلۆکۆست و ئەنفال.

لە ئەنفالدا رژێم بە شێوازی جۆراوجۆر و لە هەموو بوارەکاندا نەخشەی هەبووە، هەروەك "جای گۆنین" پێیوابووە هیتلەر ئاگاداری لێکۆڵینەوەکەی فرۆید بووە، بە ناوی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگە و شیکردنەوەی من و هاوشێوەکانی فرۆید، کۆکردنەوەی خەڵك لەلایەن نازییەکانەوە تەنها بە تۆقاندن نەبووە، بەڵکو پەیامی نازییەکان لایەنە سایکۆلۆژیەکانی خەڵکی لە خۆی گرتبوو، یا راستتر پشتبەستوو بە تیۆرییەکە پلانی لەناوبردنی جولەکەکانی داڕشتووە، بێگومان رژێمی بەعسیش زۆر بە بەرنامە پرۆسەی ئەنفالی داناوە[127].

127- د.سەلاحی گەرمیان، رەگ و ریشە سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵکوژی "جینۆساید" بەشی سێیەم و کۆتایی، لاپەڕەی جینۆساید، "18،10،2008"، www.dengekan.info.

هۆلۆکۆست ئەو کۆکوژییەیە بە دەستی ئەڵمانیای نازی لە 9ی نۆڤەمبەری ساڵی1938دا بەسەر یەهودییەکاندا هات، ساڵانە ئەڵمانیا داوای لێبووردن لە بەرامبەر تاوانی هۆلۆکۆست لە جولەکە دەکات، مەسەلەی هۆلۆکۆست لە ئێستادا بووەتە پڕۆسەیەکی نێودەوڵەتی و مێژوویەکی ڕێکخراو، هەڵبەتە ئەوەی ئەڵمانیای ناچاری ئەم سازشە کردووە، گەورەیی و بە توانایی یەهودییەکان بوو بۆ دۆزەکەیان، کە سازشیان لەسەر نەکردووە و لە سایەیدا بوونە دەوڵەت.

ئەڵمانیا لە دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی نازییەکانەوە تا ئێستا، قەرەبووی زیانی قوربانییەکانی هۆلۆکۆست دەداتەوە، هەموو ساڵێک لە یادی هۆلۆکۆستدا داوای لێبووردنیان لێ دەکات، بەڵام سیاسییەکانی کورد نەیانتوانیوە تاوانی ئەنفال بەم ئاستە هەڵبکێشن و عێراق ناچار بکەن، داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات.

هەردوو کۆمەڵکوژیی و تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە، وەک تاوانی هۆلۆکۆستن و جیاوازییان نییە، وەک دوو پڕۆسەی سیستماتیکی جینۆسایدن و بە تاوانی نێونەتەوەیی دادەنرێن.

لە 18/3/2008-دا لە ساڵیادی دامەزراندنی وڵاتی ئیسرائیلدا، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکل لەبەردەم پەرلەمانی ئیسرائیلدا وتی، ئێمە وەک ئەڵمانیا بەرامبەر بە هۆلۆکۆست هەست بە شەرمەزاری دەکەین، لە هەمانکاتدا 10 ئەندامی پەرلەمان وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر بە مێرکل، کە بە زمانی ئەڵمانی لە پەرلەمانی ئیسرائیلدا قسەی کرد، ئامادەی



کۆبوونەوەکە نەبوون، چونکە ڕایان وایە قسەکردن بە زمانی ئەڵمانی لە پەرلەمانی ئیسرائیلدا، کارەساتەکەیان بە بیر دێنێتەوە.

مانگی ئۆکتۆبەری 2005 عەمرو موسا لە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا، وتی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگە لە نیشتمانی عەرەبی، لە شوێنی ئەوەی داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات، بێ ئەوەی یەک ئەندامی پەرلەمان و سیاسییەکانی کورد ئەم هەڵوێستە شۆڤێنییە شەرمەزار بکەن و ڕەتی بکەنەوە[128].

هەرچەندە بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش زمانی کوردی دووەم زمانی فەرمییە لە عێراقدا، بەڵام ئەوان هەرگیز بە بیریاندا نەهاتووە ڕۆژێک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەو ناوەندە فەرمییانەدا بە کوردی قسە بکەن و وەرگێڕیان بۆ دابنێنن، بەڵکو لە پەرلەمانی کوردستانیشدا هەتا خولی سێیەمیش بڕیار و پڕۆژە یاساکانیان بە زمانی عەرەبی دەردەکرد و ئێستاش بە تەواوی چارەسەر نەکراوە.

وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانیش لە ساڵی2009دا، کە رووفاتی150 شەهیدی ئەنفالکراو لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان گەڕێنرانەوە کوردستان ئامادە نەبوو، ئەو ڕۆژە سەفەری ئەوروپای بۆ کاری تایبەتی خۆی کردبوو، بێجگە لەو سازشانەی سەرکردەکانی کورد و هەرێم بەرامبەر بە دۆزی کورد و ئەنفال و هەڵەبجە کردوویانە.

---

128- تاهیر ڕەحیم، ئەنفال و هۆلۆکۆست و دوو کولتووری جیاواز، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە"174" ڕۆژی سێشەممە، 26/5/2009، ل5.

لەبەرئەوەی کورد بێ کیان و دەوڵەت و بێ پارێزەرە "یەکنەگرتووە و نە یەك هەڵوێستە"، هەتا ئەمڕۆکە نەك هەر تەنانەت داوای لێبووردن لە نەتەوەی کورد و قوربانییانی چەکی کیمیایی نەکراوە، کە ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی تر بەشی خۆیان لێپرسینەوەی تاوانەکەیان هاتووەتە ئەستۆ، بەڵکو قەرەبوویەکی بچوکی زیانەکانیشی نەدراوە، ئیسرائیل لە قەرەبووی بە گاز کوژراوە بە کۆمەڵ یەهودییەکانیدا، بە ملیارد مارکیان داوا کردووە و سەندووە، هەر ئەوەندە دەبینیت کاربەدەستانی حکومی و حیزبی گەورەی ئەڵمانیا دە چن بۆ ئیسرائیل و لەوێ کڵاوە بچووکە یەهودییەکەیان دەکەنە سەر و بەرەو شوێنی یادکردنەوەکانیان دەبەن و لە بەردەمیاندا دەیانچەمێننەوە[129].

**بەگوێرەی راپرسی ئەنجامدراو لەبارەی پرسیاری داوا دەکەن چیتان بۆ بکرێت؟، دەرکەوتووە:**

لە 74.3%ی کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای سزادانی تاوانباران دەکەن.

لە 67.2%ی کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای هێنانەوەی رووفاتی کەسوکاریان دەکەن.

ئەمانە لەو خاڵە گرنگانەن خەونی کەسوکاری ئەنفالکراوانن، کەچی کار یان لەسەر نەکراوە، یان زۆر خەمساردانە بەرخوردیان لەگەڵدا کراوە، بەتایبەتی سزادانی تاوانباران لەگەڵ هەموو جارێك ناو هێنانیان و پاراستن و داڵدەدانیان لەلایەن هەندێك بەرپرس و لایەنەوە برینی کەسوکاری ئەنفالکراوان بە سوێ دەهێنرێتەوە.

نووسەر و ئەکادیمی ئەمریکی، یەهودی "نورمان فینکل شتاین" نووسەری پەرتوکی"صناعة الهولوكوست تاملات حول استغلال المعاناة

129- هەڵەبجە و ئەنفال، سالار حەمەسوور باسیرە، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2003، ل25.



اليهودية"، زۆرێك لە خزم و کەسوکاری لە کۆکوژیی هۆڵۆکۆستدا لەدەست داوە، دایکی لە وارشۆ لە سەربازگەیەك دەستگیر کراوە و لە دوایيدا ئازادکراوە، نووسەر یادگارییە تاڵەکانی ئەو رۆژانەی کۆکوژییەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت، نەمدەویست ئەو یادەوەرییە ناخۆشانە بهێنمەوە یاد، هەمیشە خۆم لە باسکردنیان دوورخستووەتەوە، بە پێچەوانەوەی دایکمەوە، کە چێژی لە گێڕانەوە و باسکردنی ئەو یادە تاڵانە بینیوە، لە ئەنجامدا نووسەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی یادکردنەوە و زێدەڕۆیی لە بیرەوەری ئەو یادە تاڵانەدا، لە گەڵ ئارەزووی ژناندا دەگونجێت، پیاوانیش بە پێچەوانەوە حەز بە بیرهێنانەوەی ئەو یادانە ناکەن[130].

بەپێی بەڵگەکانی رێکخراوی "میدل ئیست وۆچ" سیاسەتی سەدام لە ئەنفالدا هەمان سیاسەتی نازیەکان و هیتلەر بووە لە هۆڵۆکۆستدا[131].

ئەنفال لە ئیڤاکانی بەعسدا ئاوێتەی دەنگ و لاواندنەوەی ژنان و قیژە و زریکەی منداڵان بوو، ژمارەیەك لەو خەڵکە بێ تاوانە زیندەبەچاڵکران و بە 182 هەزار کەس خەملێنرا، هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە پێدەچێت قوربانیانی ئەنفال نزیکەی 200 هەزار لە ژن و منداڵ و پیاو بن، کە ئەمە پاکتاوی نەژادییە.

130- موسوعة الهولوكوست في موقع متحف ذكرى الهولوكوست بالولايات المتحدة - باللغة العربية، انترنيت. http://www.yadvashem.org/arabic.htm

131 - وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، ئامادەکردنی میدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپخانەی خاك، سلێمانی، چاپی یەکەم، 1999، ل49.

تاوانی ئەنفال گەورەترین زامە لە رەنگ و دەروون و جەستەی کەسوکارەکانیاندا رەنگیداوەتەوە، بۆ مانا پێبەخشین و ساڵانە باش نرخاندنی تاوانەکە و پێشخستنی چارەسەری بە قەد تاوانەکە خۆی، دەبێت لەسەر ئاستی پەروەردە بکرێتە دۆز و بەشێکی گرنگ و بخوێنرێت، رۆژانە بەبیر بهێنرێتەوە و کاری بۆ بکرێت، نەك تەنیا لە مانگی 4 دا، ئەوەی پێویستە خۆ ئاشناکردنمانە بە ئەنفال.

هیچ کەسێك ناتوانێت مرۆڤێکی تر رزگار بکات، لە رێگەی بڕیاردانەوە بۆی، بەڵکو ئەوەی مرۆڤێك دەتوانێت بۆ مرۆڤێکی تری بکات، پیشاندانی رێنمایی و چارەسەرییە بەشێوەیەکی دروست و پڕ لە خۆشەویستی، بێ ئەوەی سۆزدارانە مامەڵەیان لە تەکدا بکات، نیشاندانی رێنمایی راست و دروست رەنگە وزەیەك لە هەناوی ئەو کەسانەدا ببزوێنێت و وای لێ بکات ژیان هەڵبژێرێت بەرامبەر بە مردن.

مرۆڤ لە ژیاندا هێندەی ماندووبوونەکەی بەری رەنجی خۆی دەخوات، لە خەباتیشدا دەبێت دەستکەوتەکان بە لای کەمەوە هێندەی قوربانیەکان بن، لە ئەنفالدا هێندە خوێن و فرمێسك رژاون، هێندە ئاه و ناڵە بیستراون، هێندە تاوان کراون، کە دەبێت کورد بارتەقای هەموو ئەوانە ژیانی ئاسوودە بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکات[132].

---

132- شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی عیراق، سلێمانی، چاپی دووەم، 2003، ل191.



دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە شتێك لە بارگرانی کەسوکاری ئەنفالکراوان سوك بکات و بەهانایانەوە بچێت، ناوچەکانیشیانی وەك پێویست بەسەر نەکردووەتەوە و هەوڵی نەداوە چاودێرییان بکات و خزمەتگوزارییان پێشکەش بکات، تا ئێستا سەنتەرێکی ئامار لەو بارەیەوە نییە، کە نیشانی بدات ئایا ئەنفالکراوان 182 هەزارن یان زیاترن؟، یان کەسوکاری ئەنفالکراوان ئێستا چاوەڕوانییەکانیان هەر لە قۆناغی هێنانەوەی رووفاتی کەسەکانیان دایە؟، یان ئێستا چۆن بیر دەکەنەوە؟، واتە هێندەی تر زامیان لە دەروونی ئەو کەسانەدا کردووەتەوە.

دەروازەی سێیەم:
لایەنی مەیدانی باسەکە
دەرەنجام
پێشنیار
چەند وێنەیەکی تاوانی ئەنفال
چەند وێنەیەکی ئەنفالکراوەکان
سەرچاوەکان

## لایەنی مەیدانی باسەکە

زیاتر لە ساڵێکە بیرۆکەی توێژینەوەیەك لە بواری ئەنفالدا لە مێشکمدا بوو، منیش یەکێکم لەو کەسانەی کە بیرۆکەیەك کەوتە مێشکمەوە بیرم دەخوات و لە کۆڵم نابێتەوە هەتا جێبەجێکردنی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە مانگی شوباتی (2011)ەوە دەستم پێکرد، ئەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی ئەو چەند مانگەی رابردوودا بەسەر هەرێمدا هات، هۆکارێك بوون تارادەیەك بۆ دواخستنی بەدواداچوونی توێژینەوەکەم، چونکە گەلێك جار کە کاری فەرمانگەیەکی حکومی، یان پەرتووکخانەیەکم دەبوو بۆ پڕۆژەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەوامی فەرمی نەبوو، یان هۆکاری تر کە لێرەدا پێویست بە باسکردنیان ناکات.

بۆیە هەتا مانگی (4-5)یش بە لایەنی تیۆرییەکەیەوە خەریك بووم، بێجگە لە داڕشتنی فۆرمی راپرسی، کە پرسم بە گەلێك پسپۆڕی زانکۆ و پسپۆڕی دەروونی کردووە، بە حوکمی ئەوەی بەشێکی سەرەکی راپرسییەکە و لایەنی تیۆری تایبەت بوو بە باری دەروونی، بینینی ئەم کەسانەش بەهۆی هەمان رەوشەوە زۆرجار دواکەوتنی تێدەکەوت کاریگەریشی لە کارەکەی من دەکرد.

زۆر هەوڵم دا پرۆسەی دابەشکردن و پڕکردنەوەی فۆرمی راپرسی لە رۆژی (4/24)دا، کە یادی ئەنفالە، تەواو بکەم، بەڵام پێڕانەگەیشتم و هەتا مانگی(تەمووز)ی خایاند، سەرەتا لە ناحیەی چەمچەماڵەوە دەستم پێکرد و چوومە ئۆردووگای شۆڕش، لە یەکەم رووبەڕووبوونەوەدا کە کۆبوونەوەی



پەرۆشی ژنانێکی زۆری ناحیەکەم بینی و بێجگە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کۆمەڵێك گلەیی زۆر جەوهەرییان دەکرد وای لێکردم، کە بە خۆم بڵێم بڕوا ناکەم بتوانم بەرگەی هێندە فرمێسك و ئاه و کوڕووزاندنەوەی ئەو دایك و گەنج و پیرانە بگرم، بەڵام لە دووەم رووبەڕووبوونەوەم بۆ کەلار و پاشان رزگاری و دێکانیان بە زۆر ددانم بەخۆمدا گرت و خەریکبووم، کۆمەڵێك هاوڕێی بەڕێزیش هاوکارم بوون، مانگی (تەمموز) لایەنی تیۆری و مەیدانییەکە تەواو بوو، دەرهێنانی رێژەی سەدی و کۆکردنەوەی ئامار و بە دواداچوونی ئەنجامی راپرسییەکەم دەستپێکرد.

کۆمەڵێك کێشە هاتنە رێگەم، لەوانە: پێدا چوونەوەی دەقە تیۆرییەکەم لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆوە و شوێنێك بۆ دەرهێنانی ئامار و رێژەکان نەبوو، هەموو ئەو رێژە و ئامارە و ژمارە زۆرانە زۆر بەوردی و دیقەتەوە دەرمهێنا، ئەویش قورساییەکی تر بوو، کە کاتێکی زۆری ویست، پاشان بینینی کەسە پسپۆڕەکان بەهۆی سەرقاڵییانەوە زۆری دەخایاند، ئەمەش هۆیەك بوو بۆ دواکەوتنی باسەکەم.

**فۆڕمی راپرسییەکە بە پرسیارە گشتییەکان دەستم پێکرد، پا شان پر سی تایبەت وەك لە خوارەوە دیارە:**

زانیاری گشتی:

## خشتەی ژمارە (1)

1-رەگەز

| رەگەز | ژن | ڕێژە | پیاو | ڕێژە | کۆی ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 158 | 41٪ | 224 | 59٪ | 382 |

خشتەی ژمارە (1) باس لە رەگەز دەکات.

ژمارەی فۆڕمی راپرسی (400) فۆڕم بوو، بەڵام (382) فۆڕم گەڕا نەوە، بەهۆی ئەوەی (18) فۆڕمی تیاچوو، ژمارەی هەردوو رەگەزە کە بە شدارییان لە راپرسییەکەدا کردووە، هەوڵم دا زۆرترین ڕیـژەی ژن بە شدار بن، بەڵام هەندێك جار لە کۆبوونەوەی کەسوکاری ئەنفالدا سەیرم دەکرد، هەر ژ مارەی پیاوان زۆرتر بوو لە ژنان.

بۆیە ڕێژەی بەشداری ژن کۆی گ شتی (158) کە سە، کە دەکا تە ڕیـژەی (42.3٪)،

ژمارەی پیاوانی بەشداریش (224) کەس بوو، کە دەکا تە ڕیـژەی (59٪).

کۆی گشتی بەشداری هەردوو رەگەزیش (382) کەسە.



## خشتەی ژمارە (2)

2- تەمەن

| ساڵ | دووبارە | ژن | پیاو | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| 20- 40 | 176 | 45 | 131 | 46٪ |
| 40- 70 | 206 | 113 | 93 | 54٪ |

خشتەی ژمارە (2) باس لە تەمەنی بەشداربووانی راپرسییەکە دە کات، کە پۆلێنم کردووە بۆ دوو کۆمەڵە.

کۆمەڵی یەکەم، لە تەمەنی (20-40) دەگرێ تەوە، کە (176) کە سن.

کۆمەڵی دووەمیش (206) بەشدار بووبوون.

**خشتەی ژمارە (3)**

3- باری کۆمەڵایەتی:

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | 60 | %16 |
| خێزاندار | 220 | %57 |
| هاوسەر مردوو | 102 | %27 |

خشتەی ژمارە (3) باری کۆمەڵایەتی بەشداربووان دیاری دەکات.

ڕێژەی ئەوانەی سەڵتن، لە (16%)یە، کە ژمارەی بەشداربووان (60) بەشدار بووە.

خێزاندار، کە ژمارەیان (220) بە شداربووە، ڕێژەی لە (57.5%)یان پێکهێناوە.

ژمارەی بەشداربووانی هاوسەر مردوو (102) بەشداربووە و ڕێژەی (27%) پێکدێنن.



**خشتەی ژمارە (4)**

4- ئاستی خوێندن:

| ئاستی خوێندن | ژن | پیاو | ڕێژەی ژن | ڕێژەی پیاو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 120 | 90 | %76 | %42 | 210 |
| خوێندەوار | 12 | 41 | %7.5 | %18.3 | 53 |
| سەرەتایی | 10 | 27 | %6.3 | %12 | 37 |
| ناوەندیی | 11 | 27 | %7 | %12 | 38 |
| پەیمانگاو زانکۆ | 5 | 39 | %3.1 | %17.4 | 44 |
| سەرووتر | | | | | |

خشتەی ژمارە (4)، ئاستی خوێندەوایری بەشداربووەکان دیاری دەکات، بەم شێوەیە:

ژمارەی ڕەگەزی ژن، کە زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەوارن (120) بەشدار بووە، لە کۆی (158) بەشداربووی ژن.

**ڕێژەی (76%) ی پێکهێناوە.**

ژمارەی ئەو پیاوانەی نەخوێندەوارن (90) کەسە، لەکۆی (224) بەشداربوو.

**دەکاتە ڕێژەی (42%).**

ژمارەی خوێندەواری ژن لە کۆی (158) بەشداربوو، تەنیا (12) بەشداربووە.

**دەکاتە ڕێژەی (7.5%).**

ژمارەی رەگەزی نێر، کە خوێندەوارییان هەیە (41) بەشداربووە.

**رێژەی (18.3%)ی پێکهێناوە.**

ژمارەی رەگەزی ژن، کە بڕوانامەی سەرەتایان هەیە (10) کەس بوون، لە کۆی (158) بەشداربووی ژن.

**رێژەی (6.3%)ی پێکهێناوە.**

ژمارەی بە شداربووانی رە گەزی نێر، کە سەرەتاییان خوێندووە (27) بەشداربوون.

**رێژەی (12%)ی پێکهێناوە.**

بڕوانامەی ناوەندیی لای رەگەزی ژن (11) بە شداربووە، لە کۆی (158) بەشداربووی ژن.

**دەکاتە رێژەی (7%).**

رەگەزی پیاو، کە تا ناوەندییان خوێندووە، ژمارەکەیان (27)ە.

**دەکاتە رێژەی (12%)ی رەگەزی پیاو.**

ژمارەی بەشداربووانی ژن، کە بڕوانامەی پەیمانگا و زانکۆیان هەیە (5) بەشداربووە.

**دەکاتە رێژەی (3.1%).**

ژمارەی بەشداربووانی رەگەزی پیاو (39) بە شداربووە، لە کۆی (224) بەشداربوو.

**دەکاتە رێژەی (17.4%).**

**ئەمەش نیشانی دەدات، کە رێژەی نەخوێندەواریی لەناو ژناندا زیاترە و پیاوان زۆرتر هەلی خوێندن و هەتا خوێندنی زانکۆشیان بۆ رەخساوە، ژنان کەمترین رێژەیان خاوەن بڕوانامەن.**



**خشتەی ژمارە (5)**

5- شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە:

| شوێن | ژن | پیاو | کۆی گشتی | رێژە |
|---|---|---|---|---|
| کەلار | 41 | 69 | 110 | %28.7 |
| چەمچەماڵ | 66 | 70 | 136 | %36 |
| رزگاری | 51 | 85 | 136 | %36 |

**شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکانی نموونەکە لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و دێهات:**

| زنجیرە | قەزا و ناحیە | دێهات | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| 1 | قادر کەرەم | | 5 |
| 2 | چەمچەماڵ | | 34 |
| 3 | چەمچەماڵ، شۆڕش | | 53 |
| 4 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | عەسکەر | 5 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 5 | کەلار | | 87 |
| 6 | کەلار، رزگاری | | 109 |
| 7 | کەلار، رزگاری | ئاوباریك | 20 |
| 8 | رزگاری | توکن | 3 |
| 9 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | قامیشە | 4 |
| 10 | چەمچەماڵ | قەیتول | 1 |
| 11 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | سەرچنار | 4 |
| 12 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | | 4 |
| 13 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | شێخان | 2 |
| 14 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | گۆپتەپە | 4 |
| 15 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | جەلەمۆرد | 6 |
| 16 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | قەسرۆك | 5 |
| 17 | چەمچەماڵ، ئاغجەلەر | چوقلیجە | 1 |
| 18 | کەلار، رزگاری | خان روستم | 4 |
| 19 | کەلار، رزگاری | سپی سەر | 2 |
